کۆمەلگای تەقلیدی ، سیستەمی خێڵ و
خێزان ، و پێویستی بوون
بە شۆڕشێکی نوێ

د. سالار باسیرە لا ٤٧

گۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتیک چیە ؟

هەڤدیتنێک لەگەڵ مامۆستا نادر عەلی

لا١٦


قەیرانەکانی باشوری
کوردستان و
ڕێگای چارەسەری

دیار غەریب لا١٨

# ئازادی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکی، مانگانەیە


٣
ساڵی یەکەم
ژمارەی سێهەم
29-2-2016
ڕەشەمێی
٢٧١٥

## ڕفاندنی ئۆجالان و دۆخی ئەمڕۆی باکوری کوردستان و قەیرانەکانی باشوری کوردستان لە دۆسییەیەکی تایبەتدا لا ٤

## شۆڕشێکی دیموکراتی تاکە ڕێیە

نەجیبە قەرەداغی لا٣٤

# ناوەڕۆک

## هەرنوسینێک گوزارە لە ڕای نوسەر خۆیەتی




گەندەڵی میکرۆبێکە
ئەگەر نەیکوژی، دەتکوژی
جەواد سەعید
٢٩





ئەوت و ڕەهەندەکانی
د. محمد ئەمین گەناوی
٢٤





کاکەیی -- یارسان
سیروان عەلی ڕەزا کاکەیی
٣٨





ژنی کورد پشکدارە لە ڕەنگرێژ کردنەوەی
پرۆسەی ڕزگاریی ژناندا.
دلار درک
لە ئینگلیزیەوە
حەیدەر غەفور
٤٠




پەیکەری مۆنۆمێنتی بەرخۆدان کە لەلایەن هونەرمەند زیرەک میرە دروستکراوە، بڕیارە لە پایتەختی ڕۆشنبیریەوە بگوازرێتەوە بۆ کۆبانێی پایتەختی بەرخۆدان.


ئازادی کۆمەڵگە



خاوەن ئیمتیاز:

محمد کیانی عبدالرحمان(د.محمد کیانی)

سەرنووسەر:

گۆران علی حسن (گۆران پێنجوێنی)

دەستەی نووسەران:

د.سالار باسیرە — سەردار ستار
بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی
کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

ڕاوێژکاری یاسایی:

پارێزەر هیلال ئیبراهیم



ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان.
سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)

gmail.com@azadi1
www.facebook.com/Azadi Komelge



تیراژ (١٠٠٠) دانە
نرخ (١٥٠٠) دینارە

# قەیرانی حوکومڕانی و ڕەهەندە نەخوازراوەکانی

فەشەلی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان و رەهەندە نەرێنیە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و ئەخلاقیەکانی، لەسەروی هەموشیانەوە شەڕی ناوخۆ تا دەگاتە گەندەڵی و ناڕونی داهات و دزی و جەردەیی سەرانی ترۆپکەی دەسەڵات، قەیرانی نەدانی موچە و دەرەنجامەکانی، نەداری، شڵەژانی کۆمەڵایەتی و پوکانەوەی ئاسایشی نەتەوەیی، وەستانی جوڵەی ئابووری و تەشەنەکردنی نارەزایی توێژ و چینەکانی کۆمەڵ و تەنگژەی بۆشایی دەستوری، پەکخستنی پەرلەمان، شێوازی حوکرانی و سەروکایەتی چڕ دەبێتەوە لە یەک شت: نەداری بیر (فەقیری فکر) لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، کە بەرهەمهێنەری ئەو مەدرەسە حیزبایەتیەیە لە نیوەی سەدەی ڕابدوو باڵی بەسەر کوردستانا کێشاوە تاکو ئێستا.

قەیرانی نەداری بیر (نەبونی فەلسەفەی حوکم لای دەسەڵاتدار و نەبونی پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەدای حوکمڕانی لای جەماوەر) لای چینی دەسەڵاتدار بەرهەمێنەری مۆدێلی بە حیزبیکردنی کۆمەڵگە و عەقڵی تاکرەوی کۆنترۆڵکەری کۆمەڵگەیە لەلایەن سەرانی دەسڵاتداری حیزبەکانەوە. حیزبە سیاسیەکان ئەگەر بەرنامەی حیزبیان ئاشکراش بکەن بۆ سەرنجراکێشانی خەڵک لە کاتی هەڵبژاردن، بەڵام هیچ ئامادەکارییەکی زهنی فەرمانڕەوایی تەندورستیان نەبوە بۆ چۆنیەتی بەکاربردنی حوکمەت وەک دەستگایەکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی. حوکومەت مانای چییە، جیاوازی نێوان موڵکی دەوڵەت و شەخسی چییە، جیاوازی نێوان حیزب و کۆمەڵ جێیە؟ هەر بۆیەش، لە دوای یەکەم تەقەی راپەڕین، تاڵانی و ئاودیوکردنی سەروەت و سامانی دەوڵەت دەستی پێکرد بە بەشداری بەرپرسە هەرە باڵاکان، کە تا ئێستاش هەمان شیوازەی دەسەڵاتدارییە باوە و برەوی هەیە. لە ئێستاشدا هەر هەمو حیزبەکان ئامادەنین یەک کەسی بەتوانای بێلایەنی ئەم کۆمەڵگەیە لەهیچ پۆستێک دابمەزرێنن کە بە پشکی خۆیانی دەزانن لە دەسەڵاتدا. هەموو پۆستێک لە خوار وەزیرەوە دەبێ کراوەبن بۆ کەسانی خاوەن توانا و لێهاتوی و و شارەزا، بێ جیاوازی ئێستا، کەسی بێلایەن یان خاوەن بیروڕای جیاواز هەقی پێشکەوتنی نییە لە پەیژەی راژەدا، یان بڵێین جێگای نابێتەوە لەو کۆمەڵگە حیزبییەدا ئەگەر کۆیلەی یەکێک لە سەرانی حیزبی ناو حوکمەت نەبێت. ئەمە وشککردنی سەرچاوەکانی داهێنانی گەشەکردنی زانستی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە. بەرهەمنەری چەقبەستن و گەندەڵییە.

لە کاتی ئێستادا، دەسەڵاتی یەکەمی ئەوەی پێی دەوترێ ‹حوکمەتی بنکە فراوان› پشکی گەورەی بەر دەکەوێت لە لۆمەی هەر هەموو قیرانەکانی ئێستا زەقبونەتەوە بەو پێیەیی پشکی هەرە گەورەی قازانجی دەسەڵاتداری بەردەکەوێت، بەڵام هیچ لایەنێکی سیاسی بەدەر نین لە تێکشکانی حوکومەتدار و فەشەلی دەسەڵات لە بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستان، بەو هۆیەی بەرنامەی و بەڵێنەکانی بە جەماوەریان دابو لەبیر کرد و لە تەڕاتێن بون کامیان زو پێکبێت لە سەر پێکهێنانی حوکمەت و پشکی چاکتری دەستکەوێت لە پۆستەکان بێ ئەوەی لەسەر هیچ خالێکی چۆنیەتی بەرێوەبردنی حوکومەت و چاکسازی لەگەڵ لایەنی یەکەمی براوە رێککەوتبێت. هەر یەکەو ئێستا دەڵێ بەرنامەی چاکسازیمان هەبو لێیان نەگەڕا جێبەجێی بکەین. پرسیارە لەوەدایە، دەبێ حوکومەت کەلە پێنج لایەن پێکهاتوە، پێنج بەرنامەی حوکومڕانی هەبێت. هیچیان لەسەر بەرنامەی کاری حوکومەت لەگەڵ براوەی یەکەم پێکنەهاتون جگە لە پۆست نەبێت. ئەوەی دەیڵێن تەنها پاساوە بۆ فەشەلەکانیان لەم حوکمەتەدا کە تەنها بە بەرنامەی سەرۆکەکەی هەڵسوڕاوە لە مەسەلە هەرە سەرەکیەکان کە گرنگترینیان نەفت، ئەرز، گومرگ، هێزی ئاسایش و پێشمەرگە و پەیوەندیەکانی دەرەوەیە. ئەگەر تیگەیشتنی حوکومدارییان هەبا، دەبا هەمولایەنەکان پێش هەمو شت لەسەر بەرنامەی کاری حوکومەت پێکنهاتبان ئینجا پلە و پۆستەکان.

داواکاریەکانی جەماوەر پێش هەمو شتێک سیاسین، چونکە ئەو قەیرانەی هەن دەرەنجامی سیاسەتی چەوتی حوکومڕانی و بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەرژەوەندی تایبەت و دژ بە بەرژەوەندی گشتیە، بەپێچەوانەی ئەوەی دەڵێن «نابێ داواکاریە رەواکانی جەماوەر بەسیاسی بکرێن›. لەلایەنی پارتی و یەکێتی بۆ ئەستۆپاکی لە گەندەڵیەی حوکمڕانیەکەیان بەرهەمی هێناوە، ڕاکردن و خۆدزینەوەی لایەنەکانی ترە لە بەرپرسیارەتی بەرێوەبردنی داواکاریەکانی جەماوەر و بەجێهێشتنی بەتەنها بەرامبەر دەسەڵاتێکی بێ مۆڕاڵی ناتێگەشتو و ملهورە.

# دۆسیە

ڕفاندنی ئۆجالان و دۆخی ئەمڕۆی باکوری کوردستان و

قەیرانەکانی باشوری کوردستان و
کاریگەرییەکانی دەوڵەتی تورکیا،
لەم دۆسییەدا ڕوونکراونەتەوە و
ئاماژە بەڕەوشی باکور و
هۆکاری قەیرانەکانی
باشوری کوردستان کراوە.



ئازادی کۆمەڵگە- سۆران حسێن - گۆران پێنجوێنی

**چالاكی سیاسی سەردار ستار لە وتارێكدا باس لە مێژووی ڕفاندنی ئۆجالان و هۆكارەكانی شەڕەكانی دەوڵەتی تورك بەرامبەر بەكورد و هۆكارەكانی ڕێگەیاندنی خۆسەری دیموكراتی لەباكوری كوردستان دەكات و دەنووسێت:**



باكوری كوردستان وەك گەورەترین پارچەی كوردستان و زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی كوردی لەو پارچەیە و هەمانكات دەوڵەتی توركیاش وەك گەورەترین داگیركەر لەسەر كوردستان و بەهێزترین پاڵپشتی نێودەوڵەتیشی هەیە، چونكە لەسەرەتایی ساڵانی پەنجاوە ئەندامی پەیمانی ئەتلەسی «ناتۆیە» لەئێستادا كە توركیا هەموو پێوانە نێودەوڵەتیەكانی ژێرپێ خستوەو ڕووبەڕووی شەڕێكی ناوخۆ بۆتەوە، ڕۆژانە دەیان كەسی بێتاوان دەكوژێت بەتۆمەتی بێ بنەما، ئەو زوڵم و ستەمەی گەیشتە ئەو ئاستەی كە لە 17ی شوبات گەورەترین تەقینەوە ناوەندی ئەنقەرە بهەژێنێت و نزیكەی 30 كەس لە پلەدارانی سەربازی بكوژرێت و ناسنامەی خۆكوژەكەش دیاربووە، كە لە ڕێكخراوی تەیرێن بازێن كوردستانێ یە، واتا گیانبازێكی كوردی خەڵكی شاری وانە، بەچالاكیەك ناوەندی دەوڵەتی توركی هەژاندوە.

لە ئێستا كە بەرەو 18 یەمین ساڵی دیلكردنی ڕێزدار ئۆجالان دەچین، كەبەپیلانگێرییەكی نێودەوڵەتی دەزگای هەواڵگری ئەمریكا و ئیسرائیل و بەهاوبەشی لەگەڵ 30 دەوڵەتیتر بەڕێوەچوو، تێدا لە دەوڵەتی كینیا لە شاری نیرۆبی لە بالیۆزخانەی یۆنان، ئۆجالان وەك سەرۆكی گەورەترین پارتی كوردستانی و گەورەترین ڕكابەری دەوڵەتی توركە لە تەمەنی 80 ساڵەی ئەو دەوڵەتەدا، رادەستی زۆردارترین دوژمنە سەرسەختەكەی كرایەوە، ئەمەش دەریخست بە پراكتیكی كە هێزە نێودەوڵەتیەكان بەتایبەت ئەمریكا و ئەورپا گەورەترین هێزن كە هێشتا كورد وەكو نەتەوەو كوردستانیش وەك وڵات و بزووتنەوەكەشی وەك شۆڕشێكی ڕەوا سەیرناكەن.

بۆیە ئەوە ماوەی 17 ساڵە ڕێزدار ئۆجالان لە زیندانی تاكە كەسی دوورگەی ئیمرالی ڕاگیراوە، بێگومان بەڕێزیان هۆكاری شەڕو ئاشتیە بۆ كورد و ئازادیخوازانی توركیا. بەهەمانشێوە لەبەر ئەوەی ئۆجالان لە ڕۆژی دەستكردنی بەخەباتی نەتەوەیی بۆ ئازادی كورد و كوردستان، شێوازە كلاسیكیەكەی تێپەڕاندووە كەتەنها شۆڕش و تێكۆشان بۆ پارچەیەك نەكات، بەڵكو پرسی كورد و كوردستانی وەك پرسێكی نەتەوەیی سەرتاسەری گرتۆتە دەست و چەمكی كوردستانی گەورەو و كوردستان وەك وڵات و نیشتمانێكی داگیركراو، كوردیش وەك نەتەوەیەك كە دەتوانێ بەناسنامەیی خۆی لەسەر خاكەكەی بژێت، بۆیە ئۆجالان لە چواربەشی كوردستان وەكو سەرۆك و ڕێبەری نەتەوەیی قبوڵ دەكرێ و ساڵانە لە ڕۆژی دەستگیركردیدا كە 15ی شوباتە وەك ڕۆژی نارەزایی دەربڕین و چالاكی و خۆپیشاندان نیشان دەدرێت لە هەرچواربەشی كوردستان و هەروەها كوردەكانی تاراوگەش. بۆیە ناكرێ باسی شەڕ و ئاشتی بكەین لە باكوری كوردستان و توركیا لەدەرەوەی ڕێزدار ئۆجالان.

**لەوتارە شیكارییەكەیدا سەردار ستار دەڵێت:**

پەكەكە كە گەورەترین پارتی سیاسی و ڕێكخستنی كوردستانە و ڕێزدار ئۆجالان دامەزرێنەری ئەو پارتەیە لەگەڵ پێنج لە هەڤاڵانی و لەساڵی 1978 بە 22 كەس یەكەم كۆنگرەی بەستووە، ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەبێ پەكەكە سیاسەت ناكرێ، واتا دەبێ حیساب بۆ پەكەكە بكرێ لەناو هاوسەنگیە سیاسیەكانی ناوچەكەدا، پەكەكە لە ساڵی 2000 وە بە پرۆسەی گۆڕان و وەرچەرخان دەربازبووەو توانیویەتی وەكو بزووتنەوەیەكی شۆڕشگێڕی و سەرتاسەری كوردستانی خۆی بەڕێكخستن بكاتەوەو پرۆژەیەكی ستراتیژی هەمەلایەنە بكاتە پلانی خەباتی سەردەمیانەی خۆی، ئەمەشی لە پرۆژەی كۆنفیدرالیزمی دیموكراتیدا چڕ كردۆتەوە. پرسی شەڕ و خەباتی گەریلایشی پێداچوونەوەی بۆ كرد و لە چوارچێوەی شەڕی پاراستنی ڕەوادا، واتا گەلی كورد خۆی دەپارێزێ و شەڕی كەس ناكات ئەگەر هێرشی نەكرێتە سەر، ئەوەش بۆتە هۆكار ئەمڕۆ هێزەكانی پاراستنی گەل گەورەترین متمانە بەدەستبێنن لە ناوچەكە و لەسەر ئاستی جیهانیش، باشترین نمونەش

لەساڵی 2014 کاتێک هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق، خەڵکی شەنگالیان لەژێردەستی داعش جێهێشت و رایانکرد، گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل خۆیان گەیاندە ئێزیدیە گەمارۆدراوەکان لەچیای شەنگال و تا رزگاربوونی شەنگال بەجێیان نەهێشتن و زیاتر لە 180 گەریلاشیان لەو پێناوە کردە قوربانی، بەهەمانشێوە لە پەلاماری داعش بۆسەر هەولێر و داگیرکردنی مخمور، گەریلاکان بەرووبەڕووبوونەوەیەکی بەهێز توانیان رۆڵی دلێر ببینن لەپاراستنی هەولێر و کەرکوک و ئازادکردنی جەلەولادا.

دەربارەی گۆڕانکارییەکانیش ئەو چالاک وانە سیاسییە نوسیویەتی:

ئەو گۆڕانکاریانەی باسی دەکەین بێگومان وێستگەکەی زیندانی ئیمڕالی بوو، کەڕێزدار ئۆجالان زیندانی کردە قوتابخانەی فەلسەفە و سیاسەتێکی نوێ لە تێکۆشانی سیاسی دیموکراتی بۆ گەلی کورد و گەل و نەتەوە پەراوێزخراوەکان، لە رێگای نوسراوەکانی کەبە بەرگرینامەکانی شارستانی دیموکراتی بەناوبانگن و فکر و رێبازێکی نوێی بۆ تێکۆشانی شۆرشگێڕی سەردەمیانەی پێشکەش کرد، ئەویشی بە شۆرشی دیموکراتی پێناسەکرد، وەک ئەزانرێت تائێستا زیندانی دوورگەی ئیمڕالی کەدەکەوێتە نزیک شاری بورسای قەزای مۆدانیا، کەسایەتی وەک عەدنان مەندرێس و هاورێکانی لەوێ زیندانی کران و دواتریش لە سێدارەدران لە ساڵانی شەستی سەدەی رابردوو، هەروەها گەورە هونەرمەندی کورد یەلماز گونەی بەهەمانشێوە ساڵانی حەفتا هەر لەهەمان زیندانی بەندکراوە، جێگای ئاماژەیە نزیکەی 30 ساڵ بوو ئەو دوورگەیە وەک زیندان داخرابوو، بەڵام لەگەڵ دیل بوونی ئۆجالان، ئیمڕالی وەک زیندانێکی تاکەکەسی نۆژەن کراوەیەوەو لەلایەن هەزار سەربازی تایبەت لە فاشیستە تورکە توندڕەوەکانەوە دەپارێزرێت، بۆیە ئەگەر زیندانی ئیمرالی بەراوردبکەین بە زیندانی گوانتانامۆی ئەمریکا ئەوا ئیمڕالی ستەم و زۆرداریەکەی زۆر زیاترە. دەوڵەتی تورک لەکەسایەتی سەرۆک وەزیری کاتی گرتنی ئۆجالان، بولاند ئەجەوید دانی بەوەدانا وتی نازانین بۆچی ئاپۆیان رادەستی ئێمە کردووە، بۆیە دوای ئەو لێدوانەی ئەجەوید

تەمەنی کورت بوو زۆر نەژیا، گومان دەکرێ کوژرابێ، لەلایەکیتر زۆربەی سەرفەماندار و بەپرسانی دەزگای هەواڵگری، سەردانی ئۆجالانیان کردووەو دانوستان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووە، بێگومان ئەوانە هەموویان بەونیازە سەردانیان کردووە بەڵکو بتوانن بەڕێزیان لەلایەنی شۆرشگێڕیەوە تەسیلم بگرن و لەرێگای خۆیەوە کۆتایی بە پەکەکە بێنن، بەڵام ئەنجام دوای 17 ساڵ دەبینین ڕێزدار ئۆجالان زۆرتر توانی بەسەریاندا زاڵبێت و دیالۆگ و دانوستانەکانی کردە پردێک تاکو بتوانێت تروسکایەک بدۆزێتەوەو پرسی کورد زیاتر بباتە پێشەوە. لەلایەکیتر دەزگا نێودەوڵەتیەکان بەتایبەت دەزگای دژە ئەشکەنجەی ئەوروپا کەبە«سی پی تی» بەناوبانگە بۆ چەندین جار سەردانی کردووە، ئەوەشی کردە دەرفەتێک تاکو لەلایەک راوسەرەنجەکانی بگەیەنێتە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و لەلایەکیترەوە رێبازێکی نوێ بۆ چارەسەری پرسی کورد لەگەڵ دونیای دەرەوە گفتوگۆ بکات، هەمانکات ئەو پەیامەش بدات کە پرسی کورد و پرسی ئۆجالان یەکسانە بەیەک، چونکە ئۆجالان یەک تاوانی هەیە ئەویش رێبەری بزووتنەوەیەکی سیاسی، چەکداری، کوردستانییە. لە دیل کردنی ئۆجالانەوە سەرەتا نەیارەکانی چەند ناو و ناتۆرێکیان بۆ هەڵبەست و لێدوانەکانی لەکاتی دادگایکردنەکەیان بە دەستبەردان لە شۆرش بەناوکرد، بەتایبەت دوو خاڵی سەرکیان کردبووە ئامانج، یەکەم بۆ چوو بۆ ئەوروپا و نەهات بۆ شاخ، دووەم بۆ لەکاتی دادگای کردنیدا گووتوویەتی لە خالۆیانمەوە ئەچینەوە سەر نەتەوەیی تورک، خاڵی یەکەم وەک ئامادە نەبوون بۆ فیداکاری و زەحمەتیەکانی شاخ بەناو دەکرا، خاڵی دووەمیش وەک پاکانە بۆ خۆ کردن تاکو دەوڵەت لێی ببورێ.

بەڵام هەردوو خاڵەکە دوای تێپەڕبوونی کات وادەرنەکەوت، بەڵکو ڕێزدار ئۆجالان هەردوو خاڵەکەشی دیسان بۆ خزمەتی شۆرش دەرخستبووە پێش، یەکەمیان چوونی بۆ ئەوروپا تاکو گەریلا نەبێتە قوربانی بەهاتنی بۆ شاخ، هەروەها پەردە لەسەر رووی ئەوروپا هەڵماڵێ، دووەم خاڵیشی تاکو بتوانێ دەرگایەکی نوێ بکاتەوە بۆ دیالۆگ و دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە هەشتا

ساڵ بوو نكۆڵی لە نەتەوەو وڵاتێک دەکرد بەناوی کورد و کوردستان. ئەمەش پرۆسە و ئاگربەستی ساڵی 2013 ئەمەی باشتر سەلماند و لە لێدوانێکی نوسراوی خۆیدا لەبەردەم زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لە رۆژی نەورۆز لە ئامەد خوێنرایەوەو سەرتاسەری کوردستانیش گوێبیست و چاودێری نامەکەیان کردوو زۆرترین دەنگدانەوەی هەبوو لە ناوەندە جیاجیاکانی ناوچەکە و جیهان. دوای دوو ساڵ لە بەردەوام کردنی پرۆسەکە ئەنجام دەوڵەتی تورک بەرگەی ئەنجام و دەسکەوتەکانی نەگرت کە کورد و ئازادیخوازان لەئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا بەدەستیان دەخست، بۆیە سەرئەنجام لە رۆژی 24ی تەموزی 2015 دەستی بە جەولەیەکی تری شەڕ کردەوە.

دەوڵەتی تورک کە بەهۆکاری سەرەکی شەڕ دادەنرێ و بەر لەدەست پێکردنی شەڕ بەگوێرەی بەڵگە نهێنیەکان بەرپرسانی دەوڵەتی تورک لە حکومەت و سەرباز لە مانگی 10ی ساڵی 2014 دوای کۆبوونەوەیەکی 10 کاتژمێری بڕیاریان لەسەر ئەوەدا ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی 7ی حوزیران دەنگی پێویست نەهێنن و نەتوانن سیاسی بزووتنەوەی پەکەکە لەناو ببەن، ئەوا جەولەیەکی نوێ لەشەڕ دەستپێبکەن، بێگومان بۆ ئەوەی ئەکەپە کە پارتی سەرۆک کۆمار ئەردۆغانە بۆ ئەوەی سەرکەوێ لەگەڵ ئەوەی سەرلەبەری دەرفەتەکانی حکومەتی بەکارهێنا، هەمانکات هێرشیان کردە سەر زیاتر لە 100 ناوەندی هەڵبژاردنی هەدەپە و پەلاماری لایەنگرانیاندا لە چەولیک و ئەرزرۆم و دوو کەسیان بوونە قوربانی، هەمانکات لە کۆتا میتینگی هەدەپە لە کوردستان لەشاری ئامەد بە کردەیەکی خۆ کوژی هێرشکرایە سەر دەنگدەرانی هەدەپە و نزیکەی زیاتر لە 50 دەنگدەر بوونە قوربانی، سەرباری ئەوەش هەدەپە دەنگە چاوەڕوانکراوەکانی بەدەست هێناو رێژەی سەدا دەی تێپەڕاند و 80 کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا. ئەوە بووە هۆکار کە پارتەکەی سەرۆک کۆمار نەتوانێ دەنگی پێویست بەدەست بێنێ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی کە سیستەم کردنە سەرۆکایەتیەو ئەوەش ناوەندگەرایی زیاتر پێشدەخاو وڵات دەبا بەرەو دیکتاتۆریەت. ئەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو کە پارتی دەسەڵاتدار هەڵبژاردن دووبارە بکاتەوە، چونکە ئەنجامەکانی بەدڵ نەبوو، بەتایبەتیش سەرکەوتنی هەدەپە بەو رێژەیە زۆرە، خەونەکانی ئەکەپەی سەرەو ژوور کرد. ئەکەپە یان دەبوا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پەسند بکاو حکومەتێکی هاوپەیمانی نیشتمانی دامەزرێنێ و یان دەبوو هەڵبژاردن دووبارە بکاتەوە تاکو بەڵێنی تاک دەوڵەت و تاک نەتەوەو تاک ئاڵا جێبەجێبکات، بۆ ئەمەش سەرۆک کۆمار بڕیاری دا تاکو لە ١-١١ی هەمان ساڵ هەڵبژاردن دووبارە بکاتەوە.

ئەکەپە بۆ ئەوەی دەنگی فاشیست و نەتەوە پەرستەکانی تورک و کۆنەپارێزەکانی کورد بەدەست بخاتەوە، چەند هێرشێکی جیا جیای ئەنجامدا، سەرەتا هێرشی کردەسەر گەنجە چەپ و سۆسیالیستەکان لە شارۆچکەی پیرسوس و 34 کەسی لێ شەهید کردن، هێرشی دووەمی لە 24ی تەموز ئەنجامدا بە پەنجا فرۆکە بۆ سەر هەرێمەکانی پاراستنی میدیا ، هەشت قوربانیەکەی زارگەلیش بەشێک بوو لەو هێرشانە، کە رێکەوتبوو لەگەڵ رۆژی پەیمانی لۆزانی شووم لەسەر گەلی کوردستان، هێرشی سێیەم ی لە یەکەم رۆژی پروپاگەندەی هەڵبژاردن کردەسەر کۆبوونەوەی جەماوەری هەدەپە لە ئەنقەرەو 100 کەس شەهید کردوو و بەدەیانیش برینداربوون، ئەوەی سەیر و سەمەرەبوو بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی دەوڵەت رێکخراوی تیرۆریستی داعش ئەو هێرشانەی ئەنجام داوە، بەڵام هەموو حیزبەکانی تری تورکیا زیاتر لە 500 کۆبوونەوەی جەماوەریان ئەنجامدا، بەڵام هیچ تەقینەوەو توندو تیژیەکی تیایدا رووینەدا، ئەو هێرشانە ئەوەی دەسەلماند کە پارتی دەسەڵاتدار کە حکومەت بەڕێوەدەبات لەپشت ئەو کردەوانەوەیە، جا دەبێ ئەو هێرشانە لەڕێگای هاوپەیمانە ستراتیژەکەی داعشەوە ئەنجامیدەدات، یان هەرکەس و لایەنێکیتر ئەنجامی دابێت، ئەگەرنا بۆ هیچ هێرش و کردەوەیەکی توندوتیژی لەدژی لایەنێکیتر رووی نەدا.

لە نوسینەکەیدا سەردار ستار ئاماژە بەوەدەکات:

دەوڵەتی تورک وەک پیشەی هەرجاری تاوانی هەڵگیرساندنی شەڕی خستە ئەستۆی پەکەکە و لایەنی

کوردستانی، بێگومان دۆستانی ئەکەپەش پشتگیری ئەو رایەیی ئەکەپەیان دەکرد، بەتایبەت «پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق، سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش بەئاشکرا وتی: «پەکەکە تاونبارە لەهەڵگیرساندنی جەولەیەکی نوێی شەڕ»، بەهەمانشێوە لەکاتی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر هەرێمەکانی پاراستنی میدیا داود ئۆغلو سەرۆک وەزیر وتی:»پرسم بە سەرۆکی هەرێمی باکوری عێراق کردووە ئەویش بە بەڵێ وەڵامی داوینەتەوە«، بزووتنەوەی پەکەکە کە زانی دەوڵەت دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ پەسەند ناکات لەگەڵ رێبەرەکەی دانوستاندنەکانی تێکدا، لەشار و لەشاخ دەستی بەشەڕ کردۆتەوە، زووتر درکی بەمە کردبوو پێشبینیەکانیشی راست دەرچووبوو، بۆیە بەبێ دوو دڵی پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی خستە بواری جێبەجێکردن و بانگەوازی خاوەندەرکەوتنی کرد لەخەڵکی باکوری کوردستان، سەرەتا لە دەڤەری بۆتان پاشانیش لە ئامەد و هەکاری وەڵامدرایەوە، بێگومان خەڵکی باکوری کوردستان ئاشنان بە پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی»خۆسەری» چونکە ڕێزدار ئۆجالان لە 2005 پێشنیاری کردوو ئالاکەشی دیاری کرد، بۆیە نەورۆزی 2005 لەبنەڕەتدا نەورۆزی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی بوو. 14ی تموزی 2011 هاوسەرۆکانی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی «کەجەدە» ئەحمەد تورک و ئەیسەل تۆغلوک، بەڕاگەیندراوێک شێوازی تێکۆشانی خۆیان لەوبارەیەوە راگەیاند و بۆ ئەو مەبەستەش سندوقی دەنگدانیان لەهەموو کوچە و کۆڵانێک دانا، وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنیشی هەبوو، دواتر لە پارتی ئاشتی و دیموکراتی و پارتی دیموکراتی گەلان و پارتی هەرێمە دیموکراتەکانیش خستیانە پرۆگرامی حیزبەکانیان وەک ستراتیژی چارەسەری کێشەکان. ئەوەی ئەمجارە جیاوازتربوو لەجاران ئەوەبوو جاران بەڕێگای ئاشتی هەنگاوەکان بەڕێوەدەچوون، بەڵام ئەمجارە لەناو شەڕدا هەنگاو دەنرا، بۆیە باجەکەشی قورس بوو، بێگومان قوربانیەکانی سلۆپی و جزیرەو سووری ئامەد، پەیامێکیان دا ئەویش ستراتیژی ئێستا باکوریەکانە، کە بەخوێن و بەسیاسەت و دیبلۆماسیەت دەیپارێزن ئەویش خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیە. چونکە ئێستا تەنها چەند گەنجێک یان چەند ژنێک پارێزگاری لە کۆڵانەکان ناکات، بەڵکو یەکینەکانی پاراستنی سڤیل یەپەسە و یەپەسە- ژن، دروست بووە، بەچەک و خوێن پارێزگاری لەداواکاریەکانی خەڵک دەکرێت.

گەلاڵەنامەی دۆڵمە باخچە، کۆتا بەڵگەی نێوان دەوڵەتی تورک و بەڕێز ئۆجالانە کە لەبەردەم میدیاکانی دەوڵەت خوێندرایەوە، بەئامادەبوونی شاندی دەوڵەت و شاندی ئیمرالی، بێگومان لە مێژووی کۆماری تورکیادا یەکەمین بەڵگەی نوسراو بوو کە لەبەردەم راگەیاندنەکان بخوێندرێتەوە، ئەگەرنا ساڵی 1993 تورکۆت ئۆزاڵ بەڕێگای جەنگیز چاندار نامەیەکی نارد بۆ تاڵەبانی و ئەویش لەلای خۆیەوە گەیاندیە ئۆجالان، ئۆجالانیش بە ئاگربەستێک وەڵامی دایەوە، بەهەمانشێوە نەجمەدین ئەربەکانیش نامەیەکی نارد، هەروەها ئۆجالانیش چەندین نامەی کراوەو نهێنی پێشکەش بەرپرسانی دەوڵەتی تورک و رای گشتی تورکیا کردووە، چەندجار دەسەڵات لە تورکیا گۆڕابێ لەدوای ساڵانی 1990 وە، بەڕێزیان نامەی تایبەتی ئاراستەکردوون، دەبێ بگوترێ زۆرترین نامەی ڕێزدار ئۆجالان بۆ عەبدوڵڵە گیول و ئەردۆغان و داود ئۆغلو بووە، نامەکان لە ناوەڕاستی ساڵی 2012 ئیتر بوونە پرۆژەو دانوستان، پرۆژەی نەورۆزی 2013ش وەک مانیفستۆیەک بوو بۆ چارەسەری دیموکراتیانە، بەڵام دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورک پێچەوانە ویستیان بەفشار و هێز لەڕێگای نیاز پاکی ئۆجالانەوە چەک بە گەریلا دابنێن و بزووتنەوەی شۆرشگێڕی کوردستانی بێ کاریگەر بکەن، بێگومان دەبێ ئەوە بگوترێ گەلی کورد ئێستا لە قۆناخێکی سەختدایە، بەڵام پڕ هیوایە، چونکە گەڕانەوە بۆ دواوە نییە، لەلایەکیتر تەواوی هێزە سیاسی و جڤاکی و رێکخراوە دیموکرات و ئازادیخوازەکان یەک هەڵوێستن سەبارەت بەپرسی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەو پرسی خۆ پاراستن، هەندێک لایەنی نزیک لەپارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، ویستیان درز بخەنە نێوان هێزەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی بنکەی جەماوەریان نییە بۆیە قسەکانیان وەک بلقی سەرئاو رۆویشتن.

سەردارستار بەم شێوەیە کۆتایی بەنوسینەکەی هێناوە:

لەو هێرشانەی دەوڵەتی تورک لە 24ی تموزەوە دەیکات، شکستی هێنا بۆ ئەمەش لەو پێنج کەسەی ڕەوانەی ئیمرالیان کردبوون دوانیان دوور خستنەوە بۆ زیندانیتر، بەهەمانشێوە لە هەدەپە و ڕێکخستنی سیاسیش سەرنەکەوتن و نەیان توانی پارچەی بکەن، بۆیە ئەکەپە و ئەردۆغان وەک دوژمن سەیری دەکەن، هەروەها لەبەرامبەر یەپەگە و یەپەژە و پەیەدە شدا لە ڕۆژئاواش شکستی هێنا، بەتایبەت دوای سەرکەوتنەکانی شەدادیە و چوون بەرەو عەزاز و جەرابلوس، بەهەمانشێوەش لەبەرامبەر گەریلاش نەک نەی توانی چەکی پێ دابنێ و چۆکی پێدابدا، بەڵکو هێزێکیتری وەک یەپەسە لەژێر لوتی دروست بووە، ئەوا سێ مانگە ناتوانێ چۆکیان پێدابدا، دەوڵەتی تورک لەیەک شت سەرکەوتووە، باوەڕدەکەم ئەویش سەرکەوتنێکی ترسنۆکانەو سەرلێشێواویە، ئەویش کۆمەڵکوژکردن و ئاگربەردانە خەڵکی مەدەنی و کوشتنی ژنان و ڕووت کردنەوەیان، وێنەگرتن لەسەر جەستی ڕووتیان!.

**دەربارەی دۆخی پڕ قەیرانی باشوری کوردستان و کاریگەرییەکانی دەوڵەتە هەرێمییەکان لەسەر باشوری کوردستان، دکتۆر کامەران مەنتک مامۆستای زانکۆ ئاماژەبەوە دەکات کە ئەو بێ ئومێدییەی ئەمڕۆ تاکی کوردی لەباشوور گرتووەتەوە لە ژێر دەسەڵاتێکی بەناو کوردیدا، لەیەک سەدەی ڕابردوودا ڕوینەداوەو دەڵێت:**



ئاشکرایە بارودۆخی ئەمڕۆی باشووری کوردستان لە سەختترین قۆناغیدایە، لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی...هتد.

ئەو بێ ئومێدییەی ئەمڕۆ تاکی کوردی لەباشوور لە ژێر دەسەڵاتێکی بەناو کوردیدا دوچاری هاتووە، لەیەک سەدەی ڕابردوودا، ئەگەر بە تەنیا سەدەی بیستەم وەرگرین، سەرباری ئەو هەموو جینۆسایدەی دەرهەق بە کورد کرا دوژمنان هەرگیز نەیانتوانی تاکی کورد بگەیەننە ئەو ئاستە بێ ئومێدیی و دابڕانە مەترسیدارە لە خاک و نیشتمان، واتە ئەوەی دوژمنانی کورد لە ماوەی زیاتر لەیەک سەدەدا، نەیانتوانی بەرامبەر کورد ئەنجامی بدەن، کۆمەڵێک بەناو سیاسی و سەرکردەی کورد، لە ماوەی بیست ساڵدا زۆر بەکارایی و دڵسۆزانەتر لە دوژمنان کارەکەیان جێبەجێکرد، دۆخی ئێستای باشووری کوردستان، لەقۆناغی گوێزرانەوە و تەقینەوەدایە، خەڵکی کوردستان دەیەوێت بە هەرنرخێک بێت ئەو دۆخە تێپەڕێنێت، بۆیە بەرامبەر ئەو بێ ئومێدییەی کە دەسەڵاتدارانی کورد بەرهەمیان هێناوە، تووڕەبوونێکی پیرۆز لە ناخی خەڵک چەکەرەی کردووە، بۆیە من لەم لام وایە، وەک لە وتارێکدا نووسیببوم، تەقینەوەی دۆخی پەنگ خواردووی باشووری کوردستان، لە چاوەڕوانی کاتژمێری سفردایە!

**دەربارەی هۆکاری قەیرانە سیاسیەکانی باشووری کوردستان دکتۆر کامەران مەنتک ڕایگەیاند:**

هۆکاری سەرەکی ئەو قەیرانانە بەپلەی یەکەم حزبەکانی باشووری کوردستانن، بە شێوەیەکی گشتی و یەکێتی و پارتیش بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەو ڕەفتارانەی ئەو حزبانە لە ماوەی ڕابردوودا لە کوردستان بە ناوی دەسەڵات و حوکمدارییەتییەوە ئەنجامیاندا، هەرگیز لە ڕەفتاری حزبێکی نیشتمانی، یاخود هێزێکی نیشتمانی ناچێت کە بەتەنگ خەمی نیشتمانەوە بوون، ئەگەر لەدەرەوەی بازنەی هەرێمدا سەیری دۆخی سیاسی هەرێم بکەی، بەناو سیاسیەکانی ئێرەت وادێتە بەرچاو کە وڵاتێکی بێگانەیان کەوتبێتە بەردەست و هیوای مانەوەیان تیایدا نەبێت، یاخود نیازی مانەوەیان تیادانەبێت و هەوڵدەدەن بە کەمترین ماوە، زۆرترین تاڵانی بکەن، ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، لە ڕاستیدا ئیدارەدانی پرۆسەیەکی سیاسی و حوکمداری نەبووە، بەڵکو تاڵانکردنێکی ڕێکخراوانەی وڵات بووە، داردەستی بووە بۆهێزی بێگانە، ئەگەر لە قۆناغی شاخدا، گروپی پاسدارو میتی تورکیان دەهێنایە سەر بەغدا و شەڕی یەکتریان پێدەکردن، ئەگەر لە قۆناغی شاخدا بە ململانێی لەسەر هێنانی پاسدارو ژاندارمی تورک بوو بۆ سەر

کوردەکانی پارچەکانیتر، وەک ئەو پاکسازییانەی کە لەرۆژهەڵاتی کوردستان دژی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەنجامیاندەدا، بە پێش هێزەکانی ئێران دەکەوتن بۆ خاپوورکردنی گوندو لادێی کوردی و کوشتنی گەنج و منداڵانی کوردە، ئەوا لە قۆناغی شاردا ئەو سوپایانەیان راستەوخۆ هێنایە سەرخەڵکی باشووری کوردستان، واتە ئەگەر لە قۆناغی شاخدا کوردی پارچەکانی تری کوردستان بوونە قوربانی ئەو حیزبانە، ئەوا لە قۆناغی شاردا، لە پەنای دیموکراسیزمەوە، ئەو هێزە داگیرکەرانەیان هێنایە سەر خەڵکی باشووری کوردستان!!

ئەوەی لە دۆخی ئێستای باشووری کوردستان بەرپرسیارە بە پلەی یەکەم ، ئەو هێزە کرێ گرتە هەرێمیانەن کە بەرگی حزبی سیاسیان پۆشیوە، بە پلەی دووەمیش ئەو رۆشنبیرو ئەکادیمی و ئەو بەناو ئیلیتە کوردییە ستۆکەیە کە لەو ماوەیەدا بوونە کاڵایەکی چرووک و بێبایەخ بە دەست ئەو هێزانەوەو نەیانتوانی هەڵوێستێکی نیشتمان پەروەرانە بنوێنن، ئەوەی بەرپرسیارە خەڵکی باشووری کوردستانە بە شێوەیەکی گشتی، کە لەپەنای وڵات پارێزییەوە هیچ شتێک نەما بۆ ئەو حزبانەی نەکەن، ئەوە ئەو خەڵکە بوو کوڕەکانی خۆیان لەشەڕی ناوخۆ بۆ بە کوشت دەدان! ئەوە ئەو خەڵکە بوو نەزانانە بە ناوی کوردایەتییەوە چەکی بۆ هەڵگرتن و خاکەکەی خۆی سووتماک کرد! راستە بەناو حزبەکان بەرپرسیاری یەکەمن، بەڵام هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە هەریەک بەگوێرەی خۆی، بەشێک لە بەرپرسیاریەتییەکەی بەر دەکەوێت !!!

**له وەڵامی ئەوەی ئایا ئەو چەمک و ستراتیژییەی ئەمرۆی باشوری کوردستان دەبینرێت توانای چارەسەری هەیە، مەنتک وتی:**

ئەو هێزانەی کە بەرهەمهێنەری ئەو دۆخەن هەرگیز ناتوانن ببنە هێزی چاکسازی و فریاد گوزار، چونکە ئەرکی ئەوان تێکدان بووە نەک چارەسەری، مانەوەی ئەوانیش لە درێژەپێدانی تێکدانەکەیە نەک چارەسەری، ساویلکەیی و خۆ فریودانێکی پڕ لە ئازارە، ئەگەر خەڵک واتیبگات، ئەوانە دەتوانن چاکسازی بکەن، چونکە هەر پڕۆسەیەکی چاکسازی واتای ئەوەیە کە دەبێت ئەو سیاسیە تاوانبارانەی هەرێمی کوردستانیان بەو دۆخە گەیاند ببرێنە بەردەم دادگا! بۆیە هەر پڕۆژەیەک بەناوی چاکسازییەوە لێرە باسی لێوە دەکرێت، دەبێت خەڵکی کوردستان لەوە دڵنیابن کە جگە لە هەولێک بۆ درێژەپێدانی گەندەڵی و وێرانکردنی زیاتری نیشتمان هیچیتر نییە، دۆخی باشووری کوردستان لە مێژە قۆناغی پینەکردنی تێپەڕاندووە، لێرەدا دەبێت گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەنجام بدرێت، ئەوانەی دڵیان بەو چاکسازییانە خۆشە، دەبێت دڵنیابن لەوەی کە خۆیان فریو دەدەن، دەبێت دڵنیابن لەوەی کە ئەوان هەرگیز بەزەییان بە وڵاتەکەی خۆیاندا نایەتەوە! ئەو هێزانەی باشووری کوردستان هەموو جوانییەکانی کوردستانیان گەچڵاند! هەموو پیرۆزییەکانیان چرووک و ریسواکرد، ئەوانە چۆن دەتوانن چاکسازی بکەن، ئەو هێزانەی مانەوەی خۆیان لە هێزی داگیرکرانی تورک و فارس دەبیننەوە، ئەوانە هێزی تاریکین و ناکرێت چاوەڕێی چاکسازییان لێبکرێت.

**کاریگەری سیاسەتی دەوڵەتانی هەرێمی لەسەر باشوری کوردستان چەندەو بەچ پلەیەک گەشتووە لە دیدی دکتۆر کامەرانەوە؟**

ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێت هەرێمی کوردستان، لەراستیدا دوو دەڤەری کولونیای ئێران و تورکیایە، ئێران و تورکیا بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەو دەڤەرە دەدەن، شەڕەکان ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن، ئاشتییەکان ئەوان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بڕیاری لەسەردەدەن، هیچ ئیرادەیەک لە ئارادا نەماوە بە ناوی ئیرادەی دەسەڵتی کوردی، پارتی دیموکراتی کوردستان هێندە خەمی رازیکردنی تورکیایە، هێندە بەتەنگ خەمی خەڵکی کوردستانەوە نییە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێندە لە خەمی ئەوەدایە کە ئێران لێی رازی بێت، هێندە لە خەمی خەڵکی هەرێمی کوردستان نییە، بە داخەوە زۆرینەی حزبەکانی تریش، هێندە لەخەمی ئەوەدان کە خۆیان لەو هێزە هەرێمیانە ببەنە پێش و جێ بەدوو هێزەکەیتر لەق بکەن، هێندە پەرۆشی خەڵکی کوردستان نیین، ئەگەرچی بەردەوام لە کڕووزانەوەن و خۆیان بە خەمەخۆرو دڵسۆزی خەڵک نیشان دەدەن، ئەوەی باسی دەکەم لە کوردستان

بۆتە قسەگەلێکی ئاسایی و خەڵکی سادەی کوردستان بە ئاسانی هەستی پێدەکات.

### ئایا ئەم پەیوەندییەی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی هەرێمی لەسەر ئەساسی دۆستایەتییە بەبڕوای ئێوە؟

لە رووی زانستییەوە شتێک نییە بە ناوی پەیوەندییەکانی هەرێم و دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرلەهەموو کەسێک یەکێتی و پارتی تیرۆریان کرد، بەر لە ئێران و تورکیا ئەوان دانیان بەو حوکەتەدا نەنا! بەر لە دوژمنان بە درێژایی بیست و پێنج ساڵی رابردوودا ئەوان هەوڵی لەناوبردنی ئەو ئەزموونەیاندا، کامە دووژمن لەو دوو حزبە زیاتر دوژمنداریەتی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی کرد، ئەوان نەبوون ئێران، عێراق . تورکیایان هێنایە سەرهەرێمی کوردستان؟! بۆیە شتێک نییە بەناوی پەیوەندی حکومەتی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمییەکان، چونکە حکومەتی هەرێم جگە لەدێوجامەیەک زیاتر بۆ فریودانی رای گشتی کوردی، لە بواری پراکتیکدا بوونی نییە، ئەوەی هەیە پەیوەندی حزبەکانە لەگەل دەوڵەتە هەرێمییەکان،پارتی لەگەڵ تورکیاو یەکێتیش لەگەڵ ئێران، باسی ئەوانە زیاتر دەکەین چونکە ئەوانە هێزی چەکداریان هەیەو باشتر دەتوانن پلانەکانی دوژمنانی کورد تەرجەمەی کردار بکەن، پەیوەندی ئەو حزبانەش لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە ناکوێتە خانەی پەوەنیدییەوە، بەڵکو دەکوێتە خانەی پاشکۆبوون و کلدارییەوە، پەیوەندی چی لەنێوان تورکیاو پارتیدا هەیە؟ تورکیا دەوڵەتێکی گەورەیەو، بەسەدان کۆمپانیای رەوانەی هەرێم کردووە، لە رووی ئابوورییەوە، لە رووی سیاسییەوە، تەنانەت وا خەریکە لە رووی فەرهەنگیشەوە کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەی بەرامبەر ئەوە پارتی لەتورکیا چی کردووە؟ توانیوییەتی مەکتەبێک بۆ حکومەتی هەرێم لەو وڵاتە بکاتەوە؟ چەند کۆمپانیای هەرێم لە تورکیا بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە کاردەکەن؟ ئایا پارتی بۆ تورکیا نەبوەتە ئەو چاوساغەی کە کوردستانی پێ دادۆشن؟ کێ سوودمەندی یەکەم بووە لە داهاتی زۆری نەوتی هەرێمی کوردستان تورکیا یاخود خەڵکی کوردستان، ئەو پەیوەندییە چ پەیوەندییەکە کە لایەک لایەکەیتر وەکو دڕندەیەک پەروەردە بکات بۆ ئەوەی بیخاتە گژ خەڵکی وڵاتەکەی خۆی؟ پارتی دەڵێت رێکەوتنامەی پەنجا ساڵیمان لەگەڵ تورکیا ئیمزا کردووە، پێم ناڵیی ئەوە چ رێکەوتنامەیەکە کە نەتوانێت بۆ پەنجا خولەکیش بەرگریت لێبکات، خۆ پارتی خۆشی ئەو راستییە دەزانێت و لەکاتی پەلاماردانی هەولێر لە لایەن داعشەوە هەڵوێستی تەماشاکەرانەی تورکیا چەند منجەیەکیان لێهات، بەڵام ئەوان تازە خۆیان لە داوێک ئاڵاندووە کە بە ئاسانی لێی دەرباز نابن، بەداخەوە ئەو راستییەوە تاڵانە هەمووی لەسەر یەکێتی نیشتمانیش پراکتیزە دەبێت بەرامبەر ئێران، بۆیە بە بۆچوونی من هیچ شتێک نییە بە ناوی پەیوەندی حکومەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، بەڵکو جۆرە وابەستەبوون و کرێگرتەیی و پاشکۆبوونێک هەیە، کە بۆ خوێندنەوەی پێویست بە هوشیار بوون و زیرەکی ناکات.

### پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەل بەغداد یان ئەنقەرە کامیان چارەسەرییە بۆ قەیرانەکانی باشور؟

نە بەغدا نە ئەنقەرە ناتوانن ببنە فریاد رەس بۆ کورد، گۆڕینی پەوەندییەکان جگە لەگۆڕینی دوژمنێک بە دوژمنێکی تر زیاتر نییە، کورد لەوەتەی هەیە بۆ ستراتیژی بەرامبەر دەڕوانێت، هەرگیز بیری لە گەڕانەوە بۆ قووڵایی ستراتیژی نەتەوەیی خۆی نەکردووە، واتە کورد بنەمای ستراتیژییەتی لەسەر بنەمای هەمان ئەو دابەش بوونە جوگرافییە داڕشتووە کە دوژمنانی کورد کوردستانیان پێدابەش کردووە، ئەمەش وایکردووە ستراتیژییەتی کورد دابەش ببی و بەسەر چواردەورد، نیگاکان لەجیاتی گەڕان لەقولایی ئەتنیکی و جیۆپۆلەتیکی کوردستان، رووەو ئەنقەرەو تاران و بەغداو دیمەشق بن! ئەم تێڕوانیینە بەرپرسی یەکەمە لە پەرتەوازەبوونی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، دۆزینەی چارەسەر لەماڵی دوژمن بیرکردنەوەو کارێکی ساویکانەیە و گەمژانەیە، کورد لە جیاتی ئەوەی لە دەرگای ئەنقەرە و بەغداو تاران و دیمەشق بدات، پێویستە لە دەرگای خۆی بدات، سەردەمی نوێی شۆڕشی گەیاندن ئەو ئامرازانەی خستۆتە بەردەست کورد بۆ ئەوەی

توانای ئەوەی هەبێت بەرەو قووڵایی ستراتیژی خۆی بگەڕێتەوە، بەڵام بەم ئەقڵیەتەی ئەمڕۆ لە کوردستان حوکمداری دەکات، هەرگیز ناتوانێت لەسەری لووتی خۆی زیاتر ببینێت، بۆیە بە بۆچووی من بەر لەوەی ئێمە بیر لەوە بکەینەوە  کە لە چ دەرگایەک بدەین، پێویستە کەسایەتی سیاسی کوردی وا بنیات بنێین کە فێری ئەوە ببێت کە چۆن وەک خاوەنێکی راستەقینەی ئیرادەی خۆی، لە دەرگاکان بدا.

**لەدیدی کامەران مەنتکەوە قەیرانە ئابورییەکانی هەرێمی کوردستان هەڵەی ستراتیژی سیاسییە یان دابەزینی نرخی نەوتە لەبازاڕەکانی جیهاندا وەک حکومەتی هەرێم بانگەشەی بۆ دەکات؟**

ئەوەی لە کوردستاندا روودەدات بە ناوی قەیرانی ئابووری، لە راستیدا قەیرانێکی سیاسی و ستراتیژییە، قەیرانێکی ئیدارییە، سیاسەتی برسیکردنی خەڵکی کوردستان پیادە دەکرێت بۆ جێبەجێکدرنی ئەجندای وڵاتە داگیرکەرەکان و پاساو هێنانەوە بۆ جەولەیەکی تری شەڕی کوردی - کوردی، بەسەدان ملیار دۆلار هاتۆتە کوردستان، چەند پڕۆژەی ستراتیژی دانراوە؟ کواپرۆسەی بیناکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان؟ کوا پڕۆسەی پشت بەخۆبەستن لە رووی پێویستییە ژیارییەکانەوە؟ کەی بیرلەوەکراوەتەوە کەدەکرێت لە ناوچەیەکی داخراوی وەک کوردستانەوە کشتوکاڵ بکرێتە ئەو بنەمایەی ئاسایشی خۆراکی خەڵک دابین بکات، نەک نەوت کە دەبێت لە دواجاردا بە مۆڵەتی هەناردەکردنە دەرەوەی لە دوژمنانی کوردستان وەرگرین، جگە لە تێکدان چی بۆ کەرتی کشتوکاڵ کرا، ئەگەر ستراتیژ هەبێت، چۆن دەبێت لە پڕکردنی هەناوی هاوڵاتییەکانت بخەیتە ناودەمی ئەژیهاوە، ئەگەرپلانێک هەبوایە چۆن دەبوو رێگا بدرێت وڵات بکرێتە بازاڕێک بۆ کاڵا ستۆکەکانی دەوروبەر، ئەگەر تۆزقاڵێک دڵسۆزی هەبوایە، هەموو شتێکی ئەو وڵاتەیان هەڕاج نەدەکرد، ئەگەر هەزاران ملیارد دۆلاریتر بێتە باشوری کوردستان بەو ئەقلییەتە سیاسیە ناتوانین بەردێک بخەینە سەر بەردێک، بۆیە ئەوەی لەکوردستان دەگوزەرێت ،قەیرانی سیاسیە، قەیرانی ستراتیژییە، قەیرانی حوکمڕانییە، قەیرانی دڵسۆزییە بۆ گەل و وڵات، زیاتر لەوەی قەرانێکی ئابوری بێت، کە دەیانەوێت خەڵکی کوردستانی پێ فریوبدەن، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی کوردستان ،بەر لە هەموو شتێک پێویستە بیر لە گۆڕینی دیدو بۆچوونی سیاسی بکرێت لە کوردستاندا، پێویستە خەڵکی کوردستان مردووەکانی بنێژی کە خەریکە بۆنی کەلاکیان وڵی هەراسان کردووە، پێویستە چیتر خۆی فریونەداو چاوەڕوانی چاکسازی لە دەستێکی نەزۆک نەکات لەکاری دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری.

**لەسەر هەمان پرس و بەتایبەت هەژموونی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان، توێژەری کۆمەڵایەتی دیاری خالید ڕایدەگەیەنێت، هەژمونی دەوڵەتی تورکیا، بەسەر باشوری کوردستان، لەئاستێکدایە خەریکە  تەحەکوم بە سەر هەرێمەوە دەکات و ئاراستەی سیاسەتی داهاتووی دیاری دەکات و دەشڵێت:**



بەوپێیەی لە چەندین لایەنەوە کوردستان بوەتە کۆڵۆنیالێک بۆی، جگەلەوەی بە هێواشی خەریکی بردنی سەروەت و خێر و بێری هەرێمی کوردستانە، هەروەها کێشەی نێوان لایەن و هێزە کوردیەکان گەورەتردەکات و بەرەو دابەشبونی دووبەرە دەچن، داگیرکارییەکانی تورکیا تەنیا لە لایەنی شەڕەوە نیە، بەڵکو  لایەنەکانی سیاسی، مێژووی، کولتووری و پەروەردەیشی گرتوەتەوە. لێرەدا چەند سەنجێک  بەکورتی لەسەر ئەم لایەنانە دەخەینەڕوو..

## هەژمونی مێژوو

داگیرکاریەکانی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان باکگراوەند و پاشخانێکی مێژووی هەیە و تێکەڵە بە لایەنی سەربازی و سیاسی. لەبەرئەمە گرنگە لەشکرکێشیەکانی ئەم دواییەی تورکیا بۆ مێژوویەکی کۆنەوە ببەسترێتەوە. چونکە هاتنی یەکەمی تورکیا بۆ خاکی کوردستان بۆ

سەردەمی سولتان سەلیم، دەگەڕێتەوە، کاتێک لەدوای شەڕی چاڵدێران لە ساڵی (١٥١٤) لەنێوان عوسمانیەکان و فارسە سەفەویەکان روویدا. عوسمانیەکان، لەرێگەی رێکەوتنێکەوە لەگەڵ میرە کوردەکان توانیان کوردستان بخەنە ژێر دەستیان و بەهۆیەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێزبن. بە درێژایی سەدەی بیستەمیش بەشێک لە خاکی کوردستان(باکوری کوردستان) لە ژێر دەستیاندایە، لەدوای راپەڕینی هەرێمی کوردستان لە سالی ١٩٩١ تاکو ئێستا، تورکیا چاوی لەم بەشەی کوردستانە و بە هەرنرخێک بێت دەیەوێت بگەڕێتەوە سنورەکانی ویلایەتی موسل کە سوڵتانە نوێیەکە کە ئەردۆغانە،خەونی پێوەدەبینیت. دیارە ئەمەش پەیوەندی بەستراتیژ و پێگەی هەرێمەوە هەیە و خۆی بە میراتگری سوڵتانەکان دادەنێت.

لە دواین هاتنی سوپای تورکیا بۆ خاکی هەرێمی کوردستان، لەسەردەمی ئاردۆگانی سەرککۆمار، خەونی سولتانیزمی هەیە و دەیەوێت بگەرێتەوە ویلایەتی موسڵ، چونکە نزیکەی (٩٥) ساڵە لە ئیمپراتۆرەکەی دابڕاوە. چونکە دەوڵەتی عوسمانی، ئەو هێزە گەورە و کاریگەرەبوو کە بەتەواوی کوردستانی داگیرکردبوو، کە تاکو ئێستا تورکەکان، خاکی کوردستان، بە بەشێک لە ئیمپراتۆر وخاکی خۆیان دەزانن، لەبەرئەوەی پێش لە (٥٠٠)ساڵ واتە لە ساڵانی ١٥١٤ بۆ ١٥١٦ بەرێکەوتن لەگەڵ میر و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کورد، بەسەرۆکایەتی مەلا ئیدریسی بدلیسی، توانیان بەچەند قۆناغێک کوردستان بخەنە ژێر دەسەڵاتیان و دواتریش مەیدانی یەکلایی کردنەوەی شەڕە گەورەکانیان بووو بوو بە بەشێک لە خاکی عوسمانی.

بۆیە لەئێستادا، بەهۆی نەبونی ناوەندی بڕیاردانی دەسەڵاتی کوردی لەهەرێم و پاراستنی بەرژەوەندیە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و تاکڕەوی بڕیاردان، لەهەمان کات، ناکۆکیەناوخۆیەکان و هێنانی سوپای تورکیا بۆ ناوخاکی باشوری کوردستان، دوورنیە هەمان چارەنوسی پێش (٥٠٠) و بگرە خراپتریش بەسەر کورد بهێندرێتەوە. بەوپێیەی ئەگەری هەیە لەدوای هاتنی سوپای تورکیا، کوردستان رووبەڕووی کۆڵۆنیالی نوێ ببێتەوە، لەبەرئەوەی بەهۆی کیشەکانی تورکیا و روسیا و بڕینی هەندێک لەسەرچاوەی ئابوری تورکیا لەلایەن روسیاوە، شکستەکانیان لە سوریا و خراپبونی رەوشی ناوخۆی تورکیا، سوپاکەیان لە هەرێم نەگەڕێتەوە و لەرێگەی رێکەوتنی نهێنی و ژێر بەژێر کوردستان ببێتە کۆڵۆنیا و داگیرکراوی سیاسی و ئابوری و سەربازی تورکیا.

دیاری خالید لەسەر داگیرکارییەکانی تورکیا زیاتر دەدوێت و دەڵێت:

ئەوەی دۆخی ئێستای کوردستان بۆ (٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا دەگێڕیتەوە، کۆمەڵێک ئاماژە و دەرهاویشتەی ناوخۆی و نێودەوڵەتییە، کە تورکیا ئەیەوێت بگەڕێتەوە خاکی دەوڵەتی عوسمانی و پەرەسەندنی پاوانخوازیەکانی. لەهەمان کات ئەوەی کوردەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کردیان و بەدەستیان هێنا زەحمەتە لەئێستادا بتوانرێت ئەوە بکرێت. بەو پێیەی رێکەوتن و ئاشتی، عوسمانیەکان لەگەل مەلا ئیدریسی بدلسی، توانی رێکەوتنێک لەگەڵ سوڵتان و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی عوسمانی بکات، کە بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥٠)ساڵ میرە کوردەکانی بە یەکگرتووی هێشتەوە، بەڵام ناکۆکی و شپرزەی ناو دەسەڵاتدارانی کورد، هۆکار بوو عوسمانیەکان حوکمیان بکەن و نەتوانن لەناوخۆیاندا میرێک وەک سەرۆک و مەرجعی خۆیان دیاری بکەن. کەچی لە ئێستای کوردستان و دوای چەند سەدەیەک پێناچێت دەسەڵاتدارانی هەرێم(کە پارتی دیموکراتی کوردستان) سیاسەتەکانی خۆی دەسەپێنێت، رێکەوتن و پەیمانێک بکات لەبەرژەوەندی کوردبێت. بە پێچەوانەشەوە خوێندنەوەی ئەوە بۆ دۆخەکە دەکرێت کورد ببێتە قوربانی ململانیکان وجارێکی تر تورکیا دەست بەسەر خاکەکەیدا بگیرێت.

- **هەژموونی سیاسی**.

ئەم لایەنەی هەژمونی تورکیا، بەشێکی لایەنی مێژوی هەیە و بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بە دیبلۆماسیەت و سترتیژی ئەو وڵاتەوە هەیە، چونکە، هەرێم پێگەیەکی

گرنگی سیاسیە، بۆ تورکیا لەچەند لایەنێکەوە، وەک بەگژداکردنەوەی هێزە کوردیەکانی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، کە خەبات و تێکۆشانیان بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانی کورد و نەتەوە و ئاینە ژێر دەستەکانی تورکیا و سوریایە. کە تائێستا هەرێم یان بابڵێن پارتی، بە ویستی تورکیا کاری کردوە. ئەمەش کێشەی ناوخۆی دروست بوە و تورکیا دەیەوێت ململانێکان لە ماڵی خۆی دروبخاتەوە. هەروەها هەرێم پێگەیەکی گرنگە بۆ بەکارهێنانی دژی ئێران و شیعەکانی عێراق.  کە هەرێم و تورکیا یەک ئاین و یەک مەزهەبن و لەمێژە کۆنترۆڵی لایەنی ئاینی هەرێمیان کردوە. لەهەمان کات پشتکردنە روسیا و رووکردنە هەرێم بۆ ئابوریەکەی و نەکەوتنە ژێر باری مەرجە سیاسیەکانی روسیا. ئەمانە و چەند لایەنێکی دیکەی سیاسی، وادەکات تورکیا دەست لە هەرێم بەرنەدات و وەک ئەوەی دەیەوێت بەکاری بهێنێت.

- **هەژمونی سەربازی**

لەساڵانی رابردوودا، کوردستان کەوتبووە بەردەم کۆڵۆنیالیستی ناراستەوخۆی تورکیا واتە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ سیایەتی هەرێم ئاراستە دەکرد، نەک هەر لەڕووی سیاسی، ئابوری، پەروەردە و خویندنەوە، بەڵکو لەڕووی سەربازیشەوە، بەڵام بەهاتنی هیزە نوێیەکەی تورکیا، بەناوخاکی هەرێم بۆ دەورووبەری موسڵ، مەترسی کۆڵۆنیالیستی راستەوخۆی تورکی بەهیز بووە و ئەگەری هەیە هێزەکەی تورکیا لە خاکی هەرێم جێگیربکریت و ژمارەی سەربازە تورکیەکانیش زیادکرێت.

لەسەرەتای مانگی 12ی ساڵی 2015 ەوە هێزێکی پڕچەک و گەورەی تورکیا، لە باشیک، جێگیرکراوە کە نزیکەی 15 بۆ 20 کیلۆمەتر، لە سەنتەری شاری موسڵەوە دوورن، ئەگەرچی پێشتریش هێزی تورکیا، لە هەرێم جێگیر کراون، دیاترینیان: 1997 هێزی تورکیا لە بامەڕنێ جێگیرکرا کە سەر بە قەزای ئامێدییە، لە ساڵی 1997 سێ قاعیدەی عەسکەری لە دێرەلوک نزیکەی ٢٥ کیلۆمەتر، باکوری ئامێدیە جێگیرکراون و ساڵی 1997  لە ناحیەی کانی ماسی سەربە ئامێدی جێگیرکراون. بەکۆی ئەو بنکە و بارەگا سەربازیانەی تورکیا لە هەرێم سیازدە سەربازگەیە، هەموویان دەکەونە پارێزگای دهۆک، بەتایبەتی لە قەزاکانی ئامێدی و زاخۆ، بەڵام هێزی جوڵاوی تورکیا بۆ ناوچەکە و بەشێوەی ئاشکرا مەترسی زیاتری لێدەکەوێتەوە و کوردستان لە بەردەم کۆڵۆنیالی تورکیا دەمێنێتەوە.

هاتنی هێزەکەی تورکیا، لەکاتێکدایە، داگیرکردنی شەنگال، لە (٣-٨-٢٠١٤) دەوڵەتی تورکیا، هەڵوێستی باشی نەبوو لە هاوکاری کردنی کوردستان دژی داعش، ئەمەش لەلایەن بەرپرسانی هەرێم بەئاشکرا نیگەرانی لێکەوتەوە، بەپێچەوانەشەوە، باس لەوەدەکرێت تورکیا هاوکاری داعشی کردووە. بۆیە دووریش نیە، لە داهاتوودا تورکیا دەست لە هەرێم بەربدات و کوردستان،  بەدوودەستی بەتاڵ بهێڵێتەوە.

- **هەژمونی ئابوری**:

سەرەڕای کۆڵۆنیالی سەربازی، تورکیا دەستی بەسەر بەشێکی زۆر لەئابووری هەرێم گرتووە و وەک ئەوەی دەیەوێت ئاراستەی دەکات و دەیەوێت زۆرینەی سەرچاوە داراییەکان بۆخۆی قورخبکات، راستی ئەمەش، نەوت و غازی هەرێم لەرێگەی تورکیاوە دەروات، تەواوی بازاری هەرێم بووە بە مارکەو مۆدیلی تورکی، سەرمایە و ئاڵوگۆری بازرکانی زۆرترینی لە رێگەی تورکیاوەیە، زیاتر لە هەزارو 500 کۆمپانیای تورکی لە هەرێمدا کاردەکەن.

هەروەها ماڵپەڕی لێکۆڵین ئۆرگ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا نووسیویەتی: لەم دواییەدا پەرلەمانتاری ئاکەپە بورهان قایەتورک لە نێوان ئیستەنبوڵ و وان و هەولێر لەناو کارێکی چڕوپڕ دایە و بەبیانووی بازرگانییەوە پارەی ڕەش, کە لە بازرگانی نێوان ئەوان و داعشدا بەدەستیان دەکەوێت بۆ ئاکاپەی سپی دەکاتەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لە باشووری کوردستان لە ١٣ مۆڵی بازرگانیدا چەندین سیخوڕی میتی تورک لەژێر ناوی کارمەندەوە لەو مۆڵانە بەفەرمی کار بۆ دەوڵەتی تورک دەکەن. سەرەڕای ئەوەی

بەشێکی زۆر لە مۆدێلی ئۆفیس و فەرمانگەکان و ماڵەکان و جلوبەرگی کوردستانیش بوونە بە تورکی.

ئەوەی کە دەڵێین : کوردستان بوەتە بەشێک لە کۆڵۆنیالی تورکیا، بەپێی داتاو ژمارەکانی تورکیایە، داوا ئۆغڵۆ لە سەردانی ساڵی رابردوویدا بۆ هەولێر ئاشکرایکرد، قەبارەی بازرگانی وڵاتەکەی لەگەڵ عێراق ( 12 ملیار دۆلارە )و ( 8 ملیار دۆلار)ی لەگەڵ هەرێمی کوردستانە ئەوەشی خستەروو کە زیاتر لە ( 10،هەزار ) هاوڵاتی تورکیا لە هەرێم کار دەکەن، ئەگەرچی ئۆغلۆ ئاماژەی بەوەدا کە زیاتر لە ( هەزار و 500 ) کۆمپانیای تورکیا لە هەرێم کاردەکەن، بەڵام بە وتەی نێچیرڤان بارزانی، هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا زیاتر لە ( 11 ملیار دۆلار ) وەبەرهێنانی هەیە، بە وتەی بەرپرسانی خۆجێی هەولێریش نزیکەی ( سێ هەزار) کۆمپانیای گەورەو بچوکی تورکی، لەهەولێردا، سەرمایەگوزاری دەکەن. کە بڕەکەی ساڵانە خۆی لە ( 4 ملیار دۆلار )دەدات، لەلایەن بەرپرسانی هەولێرەوە هەموو ئاسانکاریەک دەکەن بۆ کۆمپانیا تورکیەکان، بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان لە هەولێر بخەنە گەڕ و کەمترین باجیان لەسەر دادەنێن. هاوکات داهاتی کۆمپانییە تورکییەکان، لەهەرێمی کوردستاندا نزیکەی ( 7 ملیار دۆلارە) ئەمەش داهاتێکی زۆری بۆ ژێرخانی تورکیا تێدایە. لەوێشدا دەبێت کۆڵۆنیال کە زۆرترین سودیان دەست دەکەوێت و هەرمێیش کەترین قازانج دەکات.

هەروەها لە سنور و مەرزەکانیش تورکیا خێروبێری کوردستان دەخوات و پارەیەکی خەیالی دەسدەکەوێت، بەپێی زانیاری رۆژنامەی حوریەتی تورکی ڕۆژانە نزیکەی( 2 هەزار و 500 ) ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر، لە هەرێمی کوردستانەوە دەچنە تورکیا و لە تورکیاوە دێنە هەرێم. ئەم ژمارە زۆرەیش ئاماژەیە بەو پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییە، ئەوەدەردەخات تورکیا دەست لە هەرێم هەڵناگرێت و سوپای بۆ بەهێزکردنی ئابوریەکەی هێناوە و کۆڵۆنیالی راستەوخۆی پەردەپۆشکراو لەهەرێمدایە.

• **کولتووری و پەروەردە**

کۆڵۆنیالیستی پەروەردە و کولتوریش، بەشێکە لەو نەخشانەی کە تورکیا لە هەرێم جێبەجێیدەکات، دیارە سەرەتای جێبەجێکردنی کۆڵۆنیالی ئەو وڵاتە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان دەگەڕێتەوە. چونکە هەروەها ئەوەندەی تائێستا زانراوە تورکیا لەساڵی 1994وە بۆ ساڵی 2016، نزیکەی (14) خوێندنگە و زانکۆیان کردۆتەوە. کە لێرەدا تەنیا ناوەکانیان دەنوسین، لە هەولێر شەش خوێندنگە (رێکخراوی پەروەردەی فەزالەت . ناوەندی زمانی رووناکی . خوێندنگەی رووناکی سەرەتایی . کۆلێژی نولوفەری کچان . کۆلێژی رووناکی کوڕان . زانکۆی رووناکی کوڕان) لە سلێمانی سێ خوێندنگە (کۆلێژی سلێمانی کچان . کۆلیژی سەلاحەدینی ئەیوبی کوڕان . ناوەندی زمانزانی سەلاحەدینی ئەیوبی) لە کەرکوکیش خوێندنگەیەک و ناوەندێکی زمانەوانی هەن.

لەڕووی کولتوریشەوە، هەیمەنەیان لەهەرێم کردووە، چونکە بەشێکی زۆر لەفیلم و بەرنامەکانیان کە سوکایەتی و بێ رێزی بە کورد و نەتەوەکانی دیکە تێدایە، دۆبلاژی کوردی کراون و بەبێ ئەوەی خەڵکی هۆشیاری تەواوی هەبێت پەخشدەکرێن و کاریگەریان دەبێت، هەروەها جلوبەرگی تورکی و کڵاو و جۆری ئاخافتنی تورکیا لە هەرێمدا بەتەواوی زیادی کردوە.

## هەڤپەیڤین

**چاوپێکەوتن لە بارەی کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتیک و ئامانجەکانی و چەندین پرسی تر، لەگەڵ مامۆستا نادر عەلی پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی زەهاوی و ئەندامی هەمیشەیی کۆنگرە.**



**ئازادی کۆمەڵگە- ژیار هادی**

- **کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتیک چیە؟**
- **هۆکاری بەستنی کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتیک بۆچی؟**
- **گرینگترین خاڵەکانی نێو ئەم کۆنگرە چییە؟**
- **جیاوازی ئیسلامی سیاسی و کلتوری دیموکراتی چییە؟**
- **بۆچی ئۆجالان پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیی دیموکراتیک کردووە؟**

• گۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتیک چیە ؟

– کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتی کۆنگرەیەکە لە ئاستی مامۆستایانی ئاینی هەموو بەشەکانی کوردستان و مامۆستایانی تاراوگە سەرچاوەی گرتووە، ئەمیش پرۆژەی چەند مامۆستایەکی ئاینی بوو لەسەر ڕاسپادەی بەڕێز ئۆجالان، هەروەها خولیای چەند مامۆستایەکی ئاینی بوو کە وەک چۆن ئیخوان موسلمین هەیە لە عالەم یان چۆن حەرەکاتی سەلەفی هەیە، ئێمەش وەک میلەتی کورد شتێکی تایبەت بە خۆمان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین دامودەزگاو موئەسەسە دینیەکان لە هەموو کوردستان ڕێکبخەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین مامۆستایانی ئاینی لە هەموو بەشەکان و لە هەموو شوێنێک ئاگاداری یەکتربن، چونکە هەستمان ئەکرد کۆمەڵێک هەیە دەیەوێ دینی ڕاستینەی ئەم گەلە بەرەو ئاقارێکی تر بەرێت».

- **هۆکاری بەستنی کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتیک بۆچی؟**

– کۆنگرە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کێشەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی گەلی کورد بونەتەوە، ئێمە وەکو کۆنگرەی ئیسلامی هەم ئەو ستەمەمان ناساندووە کە بەرامبەر میلەتی کورد کراوە، هەم سیستەمەکانیشمان ناساندووە کە چۆن ستەم لەم گەلە دەکات، ئەوەشمان دەرخستووە کە ئەمە دورە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئەوەشمان ئاشکراکردووە کە تاک و حیزب و دەسەڵات هەیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن و بەناوی ئیسلامەوە ستەم لە ئیسلام و کۆمەڵگاکانیش دەکەن، بۆیە ڕۆڵی کۆنگرەی ئیسلامی دیموکرات لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا ئەوەیە کە تۆ ئیسلامەکەت بە جوانی ناساند و ئیسلامە ڕاستەقینەکەت بۆ خەڵک ڕوونکردەوە ئیتر خەڵک تێدەگات کە کامە ڕاست و دروستە، ئێمە ئەمانەوێ تیشک بخەینە سەر ئەمە کە بە درێژایی مێژووی ١٤٣٧ ساڵ کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هاتووە بیرمەندان و زانایانی ئاینی هەڵگری ئەم ئیسلامەتیە بوون و گەیاندویانە بە خەڵک.

- **گرینگترین خاڵەکانی نێو ئەم کۆنگرە چییە؟**

– ئەبێت دوژمنەکانمان بێن داوای لێبوردنمان لێ بکەن لەو تاوانانەی بەرامبەر میلەتی کورد کردویانە و دەبێت دەست هەڵبگرن لە تاوانکاری

بەرامبەر کورد، یەکێک لە خاڵەکانیتر ئەوە بوو کە ئەبێت کۆنگرە ئیسلامیەکانی جیهان بێن داوای لێبوردنمان لێبکەن کە تا ئێستا بێدەنگ بوون لەبەرامبەر ئەو هەموو ستەمەی بەرامبەر میلەتی کورد کراوە، هەروەها ئەبێ ئەو وڵاتانەی کە تاوانیان بەرامبەر میلەتی کورد کردوە بە خەڵک و خاکەوە هەم خەڵکەکە قەرەبوو بکەنەوە هەم خاکەکەشیان جێ بێڵن وە ئەگەر بشیانەوێ وەکوو براو بە ئاشتی بژین دەتوانن کۆمەڵێ کۆمپانیاو سەرمایەگوزاری هاوبەش لە بەرژەوەندی هەردوولا دروست بکەن.

- **جیاوازی ئیسلامی سیاسی و کلتوری دیموکراتی چییە؟**

– جیاوازی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی دیموکرات زۆرە، ئەتوانم بڵێم ئیسلامی سیاسی نزیکەی 100 ساڵێکە دروست کراوە، لە هەر بەشێک و هەر جێگەیەک کەجێدەگرێت بۆ بەرژەوەندی ئەو وڵاتەی کە ئەمەی ناردووە کار ئەکات، ئەشتوانین «جاشایەتیشی «پێ بڵێین، ئیسلامی سیاسی زیاتر چاو لەڕێکخراوە حیزبی و حکومیەکان دەکات و زیاتر دەیەوێت لەگەڵ حکومەت خۆی بگونجێنێ بۆ پلەو پایەو پارەو پۆست، ئەم ڕێکخراوە سیاسیانە بە شێوەی پشێوی دروستدەبن لە فەڕاغێکی ئیداری و کۆمەڵایەتیدا.

بۆ نمونە «لە دوای ڕاپەڕین خۆیان ئەکەن بە کوردستانی باشوردا، واتە لەو بۆشاییەی کە هەیە هەلەکە دەقۆزنەوەو دێنە سەر دەسەلات، ئەمە جگە لەوەی بەرنامەیەکیان هەیە بەردەوام لە دژی ئەو لایەنانەن کە کاری چاکە ئەکەن، جگە لە بەکار هێنانی ئاین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئەم ڕێکخراوانە زیاتر ویستویانە سیاسەت بە ئاین بکەن، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام پلەو پایەو دووڕوویی و درۆ وەلا دەنێت و ئینسانێکی دادپەروەرو ئاشتی خوازو ئارام لەسەر خۆ کە خەڵکی دەوروبەر خۆی خۆش بوێ کە ژینگەکەی خۆش بووێ و بچوکترین زیانی نەبێ بۆ کۆمەڵگاکەی، چونکە ئێمە پەیامی پێغەمبەران ڕوون ئەکەینەوە کە چەن ئازار دراون، بەڵام بچوکترین ئازاریان نەگەیاندووە بە کەس بگرە زۆر بەخشندە بوون لەگەڵ خەڵکی.

- **بۆچی ئۆجالان پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیی دیموکراتیک کردووە؟**

– من پێموایە بەڕێز ئۆجەلان پیاوێکی گەورەو فەیلەسوفێکە بۆ ئەم سەدەیە، بیرێکی زۆر تیژی هەیە، نەک تەنها بۆ کێشەی کورد، بەڵکو بیرکردنەوەی بۆ کێشە جیهانیەکانیش هەیە، ئۆجالان درکی بەو مەترسیانە کردووە کە لەسەر ئیسلام و نەتەوەی کورد هەیە بە ناوی ئیسلامەوە، بۆیە بەڕێز ئۆجەلان لە پڕۆسەی ئاشتی لەساڵی 2013 داوای بەستنی کۆنگرەی ئیسلامی کرد، ئێمە وەکو مامۆستایانی ئاینی بەو پێشنیارەی زۆر خۆشحاڵ بوین، کۆنگرە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، چاوێکی زۆری ڕاگەیاندنەکانی لەسەر بوو، زیاتر لە 200 چاودێری نێودەوڵەتی ئامادەی کۆنگرەکەبوون، ئومێدیش دەکەین کە کۆنگرەی داهاتوو لە یەکێک لە وڵاتانی بەناو ئیسلامی ببەسترێت، هەرچەندە تا ئێستا کات و شوێنمان بۆ دیاری نەکردوە، بەڵام بڕیارمان داوە هەموو ساڵێک کۆنگرە ببەستین.

- **ڕۆڵی ژن لەنێو کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتیک چییە؟**

– ئێمە وەکو ئەندامانی کۆنگرە هیچمەرج و شەرتێکمان نیە چ لەسەر گەنج یان لەسەر ژن، بنەماکانی بەشداری لە کۆنگرە ئەوەیە کە ئەبێت مامۆستای ئاینی بێت، یان خوێندکاری یەکێک لە بەشەکانی زانستە شەرعیەکان، یان یاسا، یان ئادابی عەرەبی و یاخود لەیەکێک لە حوجرەکانی کوردەواری خوێندبێتی ئەتوانێ پەیوەندیمان پێوەبکات، ئافرەتێکی زۆریش بەشداری کۆنگرەی کردبوو کە ئەتوانین بڵێین بەشی پیاوەکانیشیان بردبوو، بەڵام

ئێمە وەکو باشور بەڕاستی نایشارمەوە هەندێ ئەحزاب و ڕێکخراوی سیاسی ئیسلامی چۆن ڕێبازی کوردایەتیان ناشرین کردووە، ئاوا ڕێبازی ئیسلامەتیشیان تێکداوە پێیان ڕەوایە ژن لەناو خۆیان لە سەرکردایەتیەکەی بێت لە مەکتەب سیاسیەکەی، لە کۆڕو کۆبونەوەکانی خۆیاندا ژن و پیاو لە پەنای خۆیاندا دادەنێن بە ڕەوای دەزانن، بەڵام ئەگەر بڵێن ژنێک لەگەڵ کۆنگرەی ئیسلامییە پێیان ناخۆشەو بە چاوێکی سەیر تەماشای دەکەن.

# قەیرانەکانی باشوری کوردستان و ڕێگای چارەسەری



ن.دیار غەریب

نزیکەی دوو ساڵە کۆمەڵێک کێشە ڕووبەڕووی باشوری کوردستان بووەتەوەو لە ساڵی ٢٠١٥ دا بەهۆی کۆتایهاتنی وادەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانیەوە و نەگەیشتنە ڕێککەوتنی لایەنەکان لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان لە لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ٢٠١٥/١٠/١٢ و دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا، پێنەدانی موچەی فەرمانبەرانی حکومەت، بارودۆخەکە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپ و خراپتر دەچێت. ئەمەش وایکردووە کە جەماوەری کوردستان ماوە، پەنا بۆ ڕێگای جیا جیا ببەن.

ماوەیەک چالاکی هێمنانەو داوای موچە بکەن، ماوەیەک هێرش بکەنە سەر بارەگای پارتە سیاسیەکان و لەم دواییەشدا پەنایان بردۆتە بەر بایکۆتکردنی دەوام و زۆربەی دامەزراوەکان کارەکانیان راوەستاوە. ئەوەی جێگای سەرنجە لە ئێستاداخەریکە جەماوەر لە بایکۆتکردنیش بێزار دەبێت و بەدوای ڕێگای کاریگەرتردا دەگەڕێت. هەر ئەم بارودۆخەیە وایکردووە کە ژمارەیەک لە جەماوەر هەڵهاتن لە وولات و رووکردنەوە دەرەوە بە چارەسەری بزانن و ئەمەش کۆرەوێکی تری دروست کردووەو گیانی سەدان هاوڵاتی باشوور لە ساڵی رابردوودا بووە قوربانی و بەشێکیشیان بوونە خۆراکی ماسی و گیانەوەری ئاوی لە دەریای ئیجەو ئاوەکانی تردا. ئەم ڕەوشەش لە لایەک ئێش وئازار زیاد دەکات، لە لایەکی تریشەوە گەران بە دوای چارەسەریدا دەکاتە ناچاری. بێگومان ئەم هەلومەرجە هەموو کەسێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی مێژووییەوە. لەم ڕوانگەیەوە منیش هەوڵ دەدەم کە تیشک بخەمە سەر قەیرانەکان و گەڕان بە دوای ڕێگای چارەی راست و گونجاودا. بۆ ئەم مەبەستەش لە چەند تەوەرێکدا بابەتەکە دەگرمە دەست.

- **تەوەری یەکەم: راستینەی کێشەکان یان قەیرانەکان**

ئەو کێشەو قەیرانانەی ئەمڕۆ لە باشوری کوردستاندا هەن و قوڵ دەبنەوە، بە تێڕوانینی دەسەڵات تەنیا هۆکار دابەزینی نرخی نەوتەو هێزە دەسەڵاتدارەکان پێیان وایە دەسەڵات لە باشوری کوردستاندا هیچ کەموریەکی نەبووەو نیە، بەڵکو هۆکاری سەرجەم قەیرانەکان دابەزینی نرخی نەوتە. ئەم چەمک و تێگەیە پارتی دیموکرات لە هەموو لایەنەکان زیاتر داکۆکی لێدەکات و پێی وایە ئەو سیاسەتەی لە بواری ئابووری، پەیوەندی دەرەکی و بەرێوەبردنی ناوخۆدا پەیڕەوی لێ کردووە سیاسەتیکی سەرکەوتو نەبووە. بەڵام بەختی باش نەبووەو دابەزینی نرخی

نەوت زۆر کێشەی بۆ دروست کردووە و لایەنەکانی تری ناو دەسەڵاتیش هاوکاریان نەکردووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کێشەو قەیرانەکان قووڵ ببنەوە. هەرچی بزووتنەوەی گۆڕان وکۆمەڵی ئیسلامیە کە بەشێکن لە دەسەڵات، لایان وایە کە سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم سیاسەتێکی هەڵەبووەو ئەمەش پارتی دیموکرات لێی بەرپرسیارە، هەربۆیە پارتی دیموکرات بە بەرپرسیاری یەکەم و کۆتای دەزانن لەبەرامبەر ئەو بارۆدۆخەی ڕووبەڕووی بووینەتەوە. هەرچی یەکێتی نیشتمانی و یەکگرتووی ئیسلامیە سیاسەتی بانێکەو دوو هەوا پەیڕەو دەکەن و هەم لە ناڵ دەدەن و هەم لە بزماریش. لەلایەک ڕەخنە لە سیاسەتی حکومەت دەگرن، لەلایەکی ترەوە ڕەوایی دەدەن بە سیاسەتەکانی حکومەت و پارتی دیموکراتی کوردستان. دیارە هەریەکێک لەوپێنج لایەنە لەهەوڵی ئەوەدان کە قەیرانەکان بەسوودی خۆیاندا بشکێننەوە لەم پێناوەشدا سیاسەتێکی ڕۆژانە پەیڕەو دەکەن- شانبەشانی ئەو پێنج هێزە، پارت و لایەنەکانی تری کوردستان هەتا ئێستا خاوەنی ڕۆڵێکی دیارو بەرچاو نین لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا. ئەوەی کە خاوەنی کاریگەری و تێگەی جیاوازە پەکەکەو ئەو ڕەوتەیە کە باوەری بە تێزی فکری و فەلسەفی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان هەیە.

ئەم بارودۆخە دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەوە کە ئایا هۆکارو سەرچاوەی کێشەکان تەنیا دابەزینی نرخی نەوتە؟ یان تەنیا سیاسەتی سیاسەتی نەوت و گازی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمە؟ یاخود سەرچاوەی کێشەکان تەنیا پارتی دیموکراتە؟ یا بەپێچەوانەوە هۆکاری کێشەکان بزووتنەوەی گۆڕان یاخود هاوکاریکردنی لایەنەکانی تری دەسەڵاتە؟ یان کێشەکە بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکیەوە دروست بوون؟ بێگومان ئەگەر بەوردی سەیری بارۆدۆخەکە بکەین دەرک بەوە دەکەین کە ئەو بابەتانەی سەرەوە بەشێکن لە هۆکاری قووڵبوونەوەو چەقبەستنی کێشەکان، بەڵام هۆکاری سەرەکی نین! هەروەها دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەوانە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی هۆکارە سەرەکیەکەن، نەک دۆخەکە دەرهاویشتەی ئەوان بێت. بۆ نمونە کاتێک دەگوترێت دابەزینی نرخی نەوت قەیرانی بۆ دروست کردوین، ئەم گوتەیە دەکرێت لە روخساردا راست بێت.

**لێرەدا پێویستە پارتی دیموکرات و هاوپەیمانەکانی لە حکومەت ئەو راستیە ببینن کە سیاسەتێکی هەڵەیان لەڕووی ئابووری و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووریەوە بەڕێوەبردووە**

بەڵام لە بنەڕەتدا هەڵەکە لەوێدایە کە هەموو بوارو کەرتەکانی ژیان بخەینە پەراوێزەوەو تەنیا پشت بە کەرتی نەوت ببەسترێت بۆ گەشەپێدانی داهاتی وڵات، واتە لێرەدا پێویستە پارتی دیموکرات و هاوپەیمانەکانی لە حکومەت ئەو راستیە ببینن کە سیاسەتێکی هەڵەیان لەڕووی ئابووری و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووریەوە بەڕێوەبردووە، ناکرێت لەم بوارەدا تەنیا پارتی وەکو بەرپرسیار سەیر بکرێت، ڕەنگە بەرپرسیارێتی یەکەم بکەوێتە سەرپارتی، بەڵام ئەو لایەنانەی لەناو حکومەتدا بوون لە ڕابردوو وئێستادا بەرپرسیارن لەم بارودۆخە. بێگومان تەرخان کردنی بوودجەو سیاسەتی حکومەت بەهەموو لایەک دارێژراوە. دیارە ئەگەر لایەنەکانی تر لەگەڵ ئەو سیاسەتە ئابووریەدا نەبونایە، ئەوا دەیانتوانی ڕێگەی لێبگرن، هەربۆیە لایەنەکانی تریش ناتوانن خۆیان خۆیان لە بەرپرسیارێتی بدۆزنەوە. هەم لەم بوارەدا نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە بەهاری رابردوو، ئەو کاتەی پارتی رایگەیاند

کە ئیتر نەوت بەسەربەخۆ دەفرۆشن و بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکارییان کردووەو بۆرییان بەسەربەخۆی راکێشاوە. سەرەڕای نارەزایی ئێراق و ئاگاداربوونی هەمووان لەوەی کە ئەو هەنگاوە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێککەوتنی هەرێم و بەغداد هەڵبوەشێتەوە، بەڵام هەموو لایەنەکان پشتیوانی سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتیان کرد. ئەوەشیان لەبن ئەو ناوەدا ئەنجام دا کە گوایە ئابووریەکی سەربەخۆ دروست دەکەن و بناغەی دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێنن!

**هەر لایەنەو دەخوازێت لە ڕێگەی برینەوەی موچەوە خەڵک ببەستنەوە بە خۆیانەوە، ئەم سیاسەتە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لە کارو ڕەنج و بەرهەم دابری و کردنیە بەرخۆر**

کێشەیەکی تر کە ئەمڕۆ کۆمەڵگاکەمان ڕووبەڕووی بۆتەوە نەبوونی مووچەو پارەیە، ئەوەتا بەشێکی فەرمانبەران ٤ مانگ زیاترە موچەیان وەرنەگرتووەو موچەکانیشیان زۆر کەم کراوەتەوە. دەسەڵات نەبوونی پارە بۆ موچەش هەر دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمی پارەو دابەزینی نرخی نەوت. بێگومان ئەو سیستەمەی ئەمڕۆ پەیرەو دەکرێت پارە بەشی موچە ناکات، چونکە بە پێی ئاماری حکومەت ملیۆنێک و چوارسەد هەزار موچە خۆری حکومەت هەیە. کە دەکاتە ڕێژەی ٣٥٪ ی دانیشتوانی هەرێم، ئەگەر تەنیا ژمارەی ئەوانە حساب بکەین کە تەمەنیان لەسەروو ١٨ ساڵەوەیە، ئەوا ڕێژەی موچە خۆری هەرێم نزیکەی ٥٠٪ ی خەڵکی باشور پێکدێنێت. کە ئەمە لە ڕاستیدا سیستەمێکی هەڵەیەو بناغەی خۆی لەوەوە دەگرێت کە هەر لایەنەو دەخوازێت لە ڕێگەی برینەوەی موچەوە خەڵک ببەستنەوە بە خۆیانەوە، ئەم سیاسەتە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لە کارو ڕەنج و بەرهەم دابری و کردنیە بەرخۆر. هاوکاتی ئەمە لەبن ناوی پاسەوان، خانەنشین و بن دیوارو ناوی جۆراوجۆری تردا بەسەدان هەزاریان کردۆتە موچەخۆر، کە ئەمەش بووەتە بارێکی گەورە بەسەر کۆمەڵگاوە. بۆ نموونە سەرجەم بەرپرس و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزبە دەسەڵاتدارەکان ژمارەیەکی زۆر پاسەوانیان بۆ دانراوە یاخود موچەی ژمارەیەکی زۆر پاسەوان وەردەگرن. ژمارەیەکی زۆر لە ئەوروپا دەژین و لێرە موچەی خانەنشینیان بۆ بڕاوەتەوە هەروەها پارەیەکی زۆر لە ژێر ناوی جیاجیادا بۆ دیوەخانی ئاغا، شێخ، بەرپرس و سەرۆک خێڵەکان بڕاوەتەوە، دیارە لەمەشدا کێ بەرکێیەکی ناتەندروست لە نێوان لایەنەکاندا هەیە بۆ ڕاکێشانی خەڵکی زیاتر بەلای خۆیاندا لەم ڕێگەیەوە. گومانی تێدا نیە کە ئەگەر لایەنەکان لەسەر ئەم کارە نارەوایە نەکەونە ناو پێشبرکێ وە ئەوا دەتوانن ڕێگە لە یەکتری بگرن، بەڵام کە بووە پێشبرکێ نەک ڕێگەی لێناگیرێت بەڵکو پەرەدەسەنێت، هەر وەکو ئێستا پەرەی سەندووە.

- **تەوەری دووەم: هۆکاری قوڵبوونەوەی قەیرانەکان لە تێزی چارەسەری لایەنەکانی دەسەڵاتدا**

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، لایەنەکانی دەسەڵات لە باشوری کوردستاندا هەریەکەو بەپێی تێگەیشتن یاخود توانای خۆی هەوڵدەدات کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەشی زۆری جەماوەر لەوە بێ هیوا بووە کە ئەو لایەنانە بتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن، لەوەش زیاتر بەشێکی جەماوەر پێیان وایە کە ئەو لایەنانە خۆیان بوونەتە کێشەو بار قورسی بەسەر کۆمەڵگاوە پێویستە تێپەربکرێت. ئەمەش ئەو پرسیارە دروست دەکات کە هۆکاری ئەوە

چیە کە ئەو لایەنانە کەوتونەتە بارودۆخێکی لەو شێوەیەوە؟ دیارە وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر گرنگە، چونکە وەها دەکات کە سەرەداوی چارەسەریمان دەست بکەوێت. هەربۆیە لێرەدا دەمەوێت لەچەند خاڵێکدا هۆکارەکان چڕ بکەمەوە:

١. ئەو لایەنانە لەکاتی شیکردنەوەی کێشەکاندا، بەباشی ناچنە ناو قوڵایی کێشەکانەوەو نەخۆشیەکەو هۆکارە سەرەکیەکانی دیاری ناکەن، بەڵکو لەسەر دەرئەنجام و رووکاری کێشەکان قسە دەکەن و توانای خۆیان لەو بوارەدا چڕ دەکەنەوە. ئەمەش وەها دەکات کە نەگەنە ئەنجام. چونکە وەکو کوردەواری دەڵێ «ئاوێک لەسەرچاوەکەیەوە پیس بوو، ئەوا لەخوارەوە چەندە کاری لەسەر بکرێت پاک نابێتەوە». بەڵکو پێویستە کار لەسەر پاک کردنەوەی سەرچاوەکەی بکرێت.

٢. ئەو لایەنانە کیشەکان دەکەنە کێشەی کەسێتی و کێشەی حزبی، واتە لە کەسێک یاخود پارتێکدا دەیخنکێنن. ئەمەش وادەکات کە نەتوانن بەشێوەیەکی تەندروست لەسەرکێشەکە راوەستن و هەریەکەیان بکەونە تۆمەتبارکردنی ئەوی ترو کێشەکە لە ناوەرۆکی خۆی دووربخرێتەوە. وەکو کێشەی نێوان ئاغاو خێڵەکانی رابردووی لێبێت، کە لەسەر بابەتێکی بچووک دەیان ساڵ شەرو پێکدادانیان کردووە. ئەمەش وایکردووە هەر لایەنەو بەشێکی کۆمەڵگا یاخود خەڵکی ناوچەکەیەکی بە بیرو بۆچوونێک بارگاوی کردووە و پڕی کردووە لە رق و کینە بەرامبەر ئەوی تر و دەرفەتی ئەوەیان بۆ ناهێڵێتەوە کەبیر لە چارەسەرییەکی گونجاو و هاوبەش بکەنەوە. ئەوەتا لە ئەمرۆدا بەشێکی زۆری جەماوەری سلێمانی، گەرمیان و دەڤەری ڕاپەرین بارگاوی کراون بەوەی کە هۆکاری کێشەکان پارتی دیموکرات و بارزانیە. بە پێچەوانەوە بەشێکی زۆری خەڵکی بەهدینان بەوە بارگاوی کراون کە بزوتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا هۆکاری قوڵبوونەوەی کێشەکانن. لە ئاستی جیاجیادا لایەنەکانی تریش دەکرێنە دێوەجامە. هەرئەمەش وایکردووە هەر پارتەو مۆری ناوچەیەکی بکەوێتە سەر، کە ئەمەش بۆخۆی ئەوەندەی تر کۆمەڵگای کوردستان پارچە پارچەدەکات.

**ساڵی 1964 وە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی ڕووبەڕووی مەلا مستەفای بارزانی بوونەوەو ڕەخنەیان لێ گرت**

٣. ئەو پارتانە بە یەک شێواز خەبات دەکەن و هەرچەندە لە ڕەنگ و ناودا جیاوازیان هەیە، بەڵام لە ناوەرۆک و ئوسلوبدا جیاوازی سەرەکی و ریشەییان نیە و هەمان ئوسلوب لەبەرامبەر یەک بەکاردێنن. ئەمەش وادەکات کە خۆیان دووبارە بکەنەوە و هەنگاوی جددی نەنێن بۆ چارەسەری. بۆ نموونە: لە ساڵی ١٩٦٤ وە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی ڕووبەڕووی مەلا مستەفای بارزانی بوونەوەو رەخنەیان لێ گرت. بەڵام لەبەرئەوەی لە کرداردا پەنایان بردە بەر ئەو ئوسلوب و شێوازەی کە مستەفا بارزانی بەکاری دەهێنا، لە ئەنجامدا نەیانتوانی سەربکەون یاخود گۆڕانکاری جددی دروست بکەن. بۆ نمونە: ئەوان رەخنەیان لە مستەفا بارزانی ئەگرت کە خۆی رادەستی حکومەتی ئێراقی کردووە، ئەوانیش لە ساڵی ١٩٦٦ دا هەمان کاریان کرد! ئەوان دەیانگوت مستەفا بارزانی سەر بە ئیسرائیل و دەرەوەیە، ئەوانیش خۆیان هەمان ڕێچکەیان گرتە بەر! ئەوان دەیانگوت مستەفا بارزانی بنەماڵەگەری دەکات و پشت بە ئاغاو دەرەبەگ ئەبەستێت، دواتر

ئەوان خۆشیان هەمان ڕێگایان گرتەبەر! ئەمەو گەلێک ڕەخنەو تێبینی تر کە رووبەرووی بارزانیان کردەوە بەلام خۆشیان ئەو ڕەخنانەیان تێپەر نەکردو لەئەنجامدا بوونە کۆپیەکی مستەفا بارزانی و پارتی دیموکرات. لە شەش ساڵی رابردووشدا بزووتنەوەی گۆڕان بەشێوەیەک لە شێوەکان هەمان سیناریۆی دووبارە کردەوە.

٤. ئەو هێزانە لە بوونی خۆیاندا پشت بە ماتە ووزەی کۆمەڵگا نابەستن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی، بەڵکو پشت بە هێزی دەرەکی دەبەستن و ئەمەش وا دەکات کە ناگەڕێنەوە بۆ رای جەماوەر و هەمیشە چاویان لە دەرەوەیە. لە ئەمرۆشدا ئەو هێزانە پشتیوانی دەرەکیان لەدەست داوە یاخود دەکرێت بڵێین پشتیوانە دەرەکیەکانیان لاواز و کەم بۆتەوە. هەر بۆیە لە پێگەیەکدا نین کە ببنە هێزی چارەسەری بۆ کێشەکان.

ئەم هۆکارانە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە قوڵبوونەوەی کێشەکانداو بەهۆی ئەو هێزانە خۆیان لەو پێگەیەدا نین کە کێشەکان چارەسەر بکەن، بەشێوەی جیا جیا لە هەوڵی ئەوەدان کە چەمکی بێ چارەیی، بێ باوەڕی، کارو کاردانەوە، هەڵهاتن بۆدەرەوەی ولات، پەنا بردنە بەر توندوتیژی و چەک بلاو بکەنەوە. دیارە ئامانجیشیان لە بلاو کردنەوەی ئەم چەمکانە ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لە گەڕان بە دوای چارەسەری راستدا دوور بخەنەوە. ئەمەش نەخۆشی و دەردێکی ترە کە پێویستە بەباشی هەستی پێبکرێت و تێپەڕبکرێت.

- **تەوەری سێیەم: چارەسەری راست بۆ قەیرانەکان**

بارودۆخی جیهان، ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین و کوردستان لەهەر کاتێک زیاتر گونجاوە بۆئەوەی کورد بگاتە ماف و ئازادییەکانی، بەلام ئەوەش چەمک و هەڵوێستی راستی پێویستە. چونکە کێشەی سەرەکی وەکو باسمان کرد لە پێناسە کردنی کێشەکەدایە، دواتریش لە شێوازی کاروخەباتدایە. واتە کێشەی سەرەکی لە عەقڵیەتدایە. لێرەوە هەوڵ دەدەم بە چەند خاڵێک پێناسەی کێشەکە بکەم و باس لە چارەسەرییەکانیش بکەم:

١. ئەو کێشەیەی ئەمرۆ لە باشوردایە، کێشەی کۆمەڵگا نیە بەڵکو کێشەی دەسەلاتە. بە واتایەکی تر ئەوەی ئەمرۆ لە قەیراندایە کۆمەڵگای باشور نیە بەڵکو دەسەلاتە لە باشوری کوردستاندا، دەسەلاتی بەواتای تاکە کەس و تاکە پارت نا، بەڵکو ئەو چەمک و تێگەوهەڵوێستانەیە کە سیاسەتی لەسەر کراوەو کۆمەڵگای پێ بەڕێوە براوە، ئەوەش دەسەلاتی باشور دەخاتە بەردەم دوو ئەگەرەوە، یان ئەوەتا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە عەقڵیەتی سیاسی و ئیداریدا ئەنجام بدەن و بەو شێوەیە هەنگاو بنێن و لەگەڵ سەردەمدا بەرەو پێشەوە بچن یان ئەوەتا ئیتر لەلایەنی کۆمەڵگاوە پەراوێز دەخرێن و ئیتر سەردەمێکی نوێ دەست پێ دەکات.

**من دەست پێ دەکەم با کۆمەڵگا چاو لە من بکات و بەو شێوەیە دەتوانین ببینە پێشەنگ**

٢. ئەو لایەن و کەسانەی بخوازن ببنە چارە بۆ ئەو قەیرانەی ئەمرۆ کۆمەڵگا بەهۆی دەسەلاتەوە ڕووبەڕووی بۆتەوە، پێویستە باوەری بەخۆی و بە کۆمەڵگا هەبێت، پشت بە هێزی گەل ببەستێت و چاوی لە هێزی دەرەکی نەبێت. وابیر نەکاتەوە کە کۆمەڵگا لاوازە و هیچی پێناکرێت، هەروەها دەبێت چاوەڕێی

ئەوە نەبێت کە خەڵکی تر دەست پێ بکەن دواتر ئەو هەنگاو بنێت، بە پێچەوانەوە دەبێت لە خۆیەوە دەست پێبکات. دەبێت بڵێت من دەست پێ دەکەم با کۆمەڵگا چاو لە من بکات و بەو شێوەیە دەتوانین ببینە پێشەنگ.

٣. ئەو لایەن و کەسانەی دەخوازن ببنە چارەسەری دەبێت خزمەت بە بنەما بگرن و نەڵێن بەشی من چی دەبێت و چی پلە و پایەیەکم بەر دەکەوێت، پێویستە بیر لەوە بکاتەوە چۆن وڵات جوان بکات و کۆمەڵگا ئاسوودە بکات.

٤. ئەو کەس و لایەنانەی بخوازن گۆڕانکاری ئەنجام بدەن دەبێت تەنیا داکۆکی لە چینێک یان توێژێک یاخود گروپێک نەکەن، بەڵکو داکۆکی لە سەرجەم چین و توێژەکان بکەن و چونکە داکۆکی کردن لە چینێک یاخود توێژێک دەبێتە هۆی ئەوەی پێشبرکێی ناتەندروست لەنێوان چین و توێژەکان دروست بێت و ئەوەش کۆمەڵگا بەرەو پارچە بوون دەبات و کۆمەڵگا لاواز دەکات.

٥. ئەو کەس و لایەنانەی دەیانەوێت گۆڕانکاری بکەن دەبێت خۆیان لە ڕێبازی توندوتیژی و نارێکخستنی دوور بخەنەوە و پشت بە تێکۆشانی مەدەنی و چالاکی مەدەنی ببەستن، واتە سەردەمی کودەتاو ڕاپەڕینی چەکداری نیە وەکو هەندێک دەیدەن بە گوێی خەڵکیدا، بەڵکو سەردەمی شۆڕشی فیکری، ویژدانی و ئەخلاقی یە، سەردەمی چالاکی دیموکراتیە. کاتێک باس لە چالاکی دیموکراتیش دەکەین بەو واتایەی کە ئەمڕۆ لە باشوری کوردستاندا هەیە ناڵێین. چونکە چالاکی دیموکراتی تەنیا بە لێدوان، ڕەخنەی سەر تیڤی و ڕاگەیاندن و سیمینارەوە سنووردار کراون. هەڵبەتە ئەمانە بەشێکن لە چالاکی دیموکراتی، بەڵام ڕێپێوانی جەماوەری و مانگرتنی بەکۆمەڵ و ناخەرمانی مەدەنی ڕێکخراو و خاوەن ئامانجی مەزن شێوە کاریگەرییەکانی چالاکی دیموکراتی دەگرێتەوە. ئەم شێوە خەباتە خەباتگەلێک نین کە لە شەو و ڕۆژێکدا ئەنجام بگرن، بەڵکو پێویستی بە پشوو درێژی هەیە، هەر بۆیە دەبێت ئەو چەمک و هەلوێستانە ڕەت بکرێنەوە کە پشوو کورت و کورت بینن.


**دەست لە چەمکی کوردستانی خۆمان و خۆتان بەربدات، خۆی بە خاوەنی بەشێک و هەندێک پارتیش بە خاوەنی بەشەکانی تر نەزانێت**

٦. ئەوانەی بخوازن هەنگاو بەرەو چارەسەری بنێنن، دەبێت هەوڵ بدەن پێش لە کۆڕەوی جەماوەر بگرن و خۆیان و وڵات بگەیەننە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت خاوەنداری لە وڵات بکرێت، ئینتیما بۆ وڵات بگەڕێننەوە. وەکە پێشینان گوتویانە بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە، ئێمەش لە وڵاتی خۆمان سەنگ و قورساییمان هەیەو دەبێت نە وڵات بەجێ بێڵین نە چاوەڕێی فریادڕەس بین کە بێت ڕزگارمان بکات.

٧. ئەو کەس و گروپانەی بخوازن کار بۆ چارەسەری ڕیشەیی بکەن، دەبێت کورد وەک یەک نەتەوەو کوردستان وەک وڵات ببینن و باوەڕیان پێی هەبێت و تەنیا قسەو وتار نەبێت، دەست لە چەمکی کوردستانی خۆمان و خۆتان بەربدات، خۆی بە خاوەنی بەشێک و هەندێک پارتیش بە خاوەنی بەشەکانی تر نەزانێت. واتە دەبێت لە عەقڵیەتی خۆیدا

سنورەکان بسڕێتەوە.
وەکە ئەنجام گومان لەوەدا نیە کە ڕەوشی جیهان، ناوچەکەو کوردسانیش دەگۆڕێت، ڕەوشی باشوری کوردستانیش دەگۆڕێت، بەڵام گرنگە ڕەوشی باشوری کوردستان بە ئاراستەیەکی باشدا بگۆڕێت، ئەوەش کاتێک بەرجەستە دەبێت کە تێگەیشتنێکی ڕاست بۆ گۆڕانکاری هەبێت و ئەو گۆڕانکارییەش لە ئێستادا دەرفەتی بۆ ڕەخساوەو لە هەرکاتێک زیاتر شیمانەی وەرچەرخانی دیموکراتی لە ئا رادایە.

# نەوت و ڕەهەندەکانی



ن.د. محمد ئەمین گەناوی

ئەگەر شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانێکی مێژوویی و جۆری لە ژیانی مرۆڤایەتی دا دروست کردبێ ئەوا بێ گوومان نەوت ئەو وزە بڕیاردەرەیە کەئەتوانێ هەموو ماکینەی پیشەسازی جیهان بچەرخێنێ، وە توانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ژیانی پیشەسازی و شارستانی مرۆڤایەتیدا دروست بکات بە هەموو دوربینەکانی سەربازی، ئابوری ، سیاسی، کۆمەڵایەتی، وە هەروەها دبلۆماسی و پەیوەندی ناو دەوڵەتی، وە لەمەش زیاتر بووەتە هۆکاری شەڕو ئاشتی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ وڵاتانی وە گەلانی بەرهەم هێنەر(خاوەندار) وە گەلانی بەکاربەر. هەر لەبەرئەمەشە نەوت وەک تەنها کەرەسەو سەرچاوەی وزەی جیهان وە تا ئێستاش نەبوونی جێگرەوەی نەوت هەموو ژیان و مرۆڤایەتی چاوی لەسەر بەدەست هێنان و فەراهەم کردنی نەوتە بۆ بەردەوامی ژیانی ئێستای مرۆڤایەتی چونکە هەتا ئەگەر لە ڕێی لێکۆڵینەوەی زانستی بتوانرێ جێگرەوەی نەوت بدۆزرێتەوە ئەواساڵانێکی زۆری ئەوێ بۆ پراکتیک کردن و گۆڕینی هەموو ئامێرەکان کە بە وزەی نەوت کارئەکەن. لەبەرئەوە نەوت تا داهاتووی دوور وەک تەنها سەرچاوەی وزە بێ جێگرەوە ئەمێنێتەوە وە لەگەڵ ئەمە تا هەموو لایەنەکانی ژیان پەیوەندار بە نەوت بە زیندویی ئەمێنێتەوە هەر لە کارئاسانی ژیانی ڕۆژانە و خزمەت گوزراییەکان و خۆشگوزەرانی و جێگیری و گەشەی ئابوری و ڕەهەندەکانی تری سیاسی وئاشتی و شەڕ. لەگەڵ گەشەی پیشەسازی و سەرمایەداری وەک حتمیەتی مێژووی، وە ئەمجار دۆزینەوەی نەوت بوونە هاندەر بۆ فراوان بوونی بیری کۆلۆنیالیستی و ئمیریالیزمی، وە لە هەمان کات کێشەی وڵاتانی ئەمیریالستی بۆ دەست گەیشتن سەر سەرچاوەکانی نەوت بە هەر بەهایەک بێ.

بۆ نمونە یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی شەڕی جیهانی دووەم بۆ دەست گەیشتن بوو بە نەوت لەلایەن ئەڵمانەکان کە لە گەشەی پیشەسازی خێرادا بوو، پێویستی بە وزەی نەوت بوو. وە هەروەها دروست بوونی نەخشەی تازەی جیهان بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە سەرچاوە نەوتیەکانی تیایە دوبارە بۆ سیاسەتی نەوتی وڵاتانی پیشەسازی ئەگەڕێتەوە لەبەرئەوە ئەتوانم بڵێم ئەم نەخشە سیاسیەی کە ئێستا هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشی هەرە زۆری ئەفریقیا بە تایبەتی نیوەی باکووری ئەفریقیا ، نەخشەی سیاسەتی نەوتە. لەگەڵ زۆربوونی وڵاتانی پیشەسازی وە پێویستی نەوت، ڕۆژ بە ڕۆژ بەهای نەوت وە گرنگی نەوت وەسیاسەتی نەوت بەرزو چڕتر ئەبێتەوە.
بۆ نموونە ئێستا جگە لە ڕۆژئاوا وەکو دایکی پیشەسازی گەلێ وڵاتی تر لە بواری پیشەسازی دا هەنگاوی گەورەیان ناوە وەکو هندستان، چین

و وڵاتـانـی تـری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیاو ئەمریـکای لاتینی، هەروەها زۆر وڵاتـی تـر لـە ئەفریقیاو هەتـا وڵاتـانـی بەرهەمهێنـەری نـەوت بەهـۆی دیـاردەی بـە پیشەسـازی بـوون تـێ یانـا وەکـو ئێـران، سـعودیە وەجەزائیـر بـۆ خۆشـیان پێویسـتیان بـە وزەی نـەوت هەیـە ئەمـە جگـە لـە بەکارهێنانـی نـەوت بـۆ پێویسـتی ڕۆژانەیـان بـۆ نموونـە: عێـراق یـان کوردسـتان یـان زۆری تـری وڵاتـانـی بەرهـەم هێنـەر ئەمـڕۆ زیاتـر لـە سـاڵانی زووتـر پێویسـتیان بـە نەوتـە لـە شـێوەی بەنزیـن و نەوتـی سـپی بـۆ گـەرم کـردن وە هەتـا بـۆ هەنـدێ پیشەسـازی کـە لـە قۆناغـی سـەرەتایی دان لەبەرئـەوە هەمـوو ئـەم ڕەهەندانـەی کـە پەیوەنـدن بـە نەوتەوەیـە کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی هەمـوو لایەنەکانـی ژیـان ئەگرێتـەوە بوونەتـە بڕیاردەری جـۆرو شـێوەی ژیـان لەسـەر ئاسـتی تـاک وە کۆمـەڵ و دەوڵـەت پەیوەنـدی بـە تـەواوی ئامـاژەمـان پـێ دا نـەوت پەیوەنـدی بـە تـەواوی بوارەکانـی ژیانـی مرۆڤـەوە هەیـە بـەڵام گرنگترینیـان ئـەم ڕەهەندانـەی خـوارەوەن کـە ئەمانیش بـۆ خۆیـان ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ کاریگـەر یـان لەسـەر ژیانـی ئەبـێ لـە هـەر شـوێنێ وە لەسـەر هـەر کەسـێ لەجیهانـا.

١. ڕەهەندی ئابووری:

بـە دڵنیایـی ئەتوانیـن بڵێیـن کـە ئابـوری ئەمـڕۆی جیهـان بـە هەمـوو دوربینیەکانیـەوە لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکاندا لەسـەر بناغـەی نەوتـە بـۆ نموونـە :

١. وڵاتـانـی پیشەسـازی و بەرهـەم هێنـەری پیشەسـازی ژیانـی هاوچەرخیـان لەسـەر بناغـەی نـەوت وەک تەنهـا سـەرچاوەی وزە دامەزرانـدووە، بە ملیارەهـا کـەس کەلـە بوارەکانـی پیشەسـازی کار ئەکـەن وە بەرهـەم دێنـن لـە ڕۆژئـاوا وە وڵاتـانـی تـری پیشەسـازی، ژیـان و کارو خـۆش گوزەرانـی و ژیانـی مەدەنـی و شارسـتانیان بەسـترا و بـە نەوتـەوە ئەگـەر تەنهـا ڕۆژێ نـەوت نەبـێ تـەواوی ژیانـی هاوچـەرخ و بژێوییـان ئـەم ڕۆژە ئەوەسـتێ وە ئابـوری تـاک و کۆمـەڵ و دەوڵـەت بـە تـەواوی ئەڕمـێ ئەگـەر وزەی نـەوت نەبـێ کارخانـەکان و هەمـوو دامەزراوەکانـی پابەنـد بـە نـەوت ناچـار ئەبـن لـە کار بوەسـتن، ئەمـەش بـە سـەدان و مليـار کـەس بـێ کار ئەبـن و ناتوانـن بژێـوی ژیـان پەیـدا بکـەن کـە خەڵـک بـێ کار بـوو دەوڵـەت ناتوانـێ لـە ڕێـی باجـەوە دارایـی دەسـت کـەوێ کـە داراییش نەبـوو هەمـوو دامەزراوەکانـی دەوڵـەت لـە قوتابخانـەو نەخۆشـخانەوە بگـرە تـا گواسـتنەوەو گەرمکردنـەوەو ساردکردنەوە ئەوەسـتێ بەمـەش ژیـان ئەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش قۆناغـی پیشەسـازی وە ئابووری تووشـی ئفلیجـی تـەواو ئەبـێ، ئەمجـار کـە ژیانـی ئابـوری وەسـتا، ئیتـر دەرگا ئەکرێتـەوە بـۆ سـەر هەڵدانـی هەمـوو کێشـەکان چ لەسـەر ئاسـتی خێـزان و دەوڵـەت وە چ لەسـەر ئاسـتی نـاو دەوڵەتـی. هـەر کاتێکیـش ئابـوری وڵاتـانـی پیشەسـازی ڕۆژئـاوا و وڵاتـانـی گـەورە بکەوێتـە قەیرانـەوە ئـەوا چارەنـووس و ئاشـتی و داهاتـووی جیهـان تووشـی هەڕەشـەی جددی ئەبـێ بۆیـە بـە کورتـی و بـێ گومـان، نـەوت بـۆ ئابـووری وڵاتـانـی پیشەسـازی گرنگـی ژیانـی هەیـە، واتـە بـێ بوونی نـەوت ژیـان بـە هەمـوو لایەنەکانـی ئەوەسـتێ وە ئەگـەر ئەمـەش ڕوبـدات ژیـان وئاشـتی جیهـان دوچـاری قەیرانێکـی بـێ وێنـەی مێژوویـی ئەبـێ تـا ئەنـدازەی هەڕەشـە بـۆ بوونـی جەنگـی ناوکـی و بەمـەش ژیـان لەسـەر زەوی ئەکەوێتـە هەڕەشـەوە.

## نەوت بۆ ئابووری وڵاتانی پیشەسازی گرنگی ژیانی هەیە

کاتـێ نـەوت ئەوەنـدە گرنـگ بـێ بـۆ ئابـووری ڕۆژئـاوا وڵاتـانـی پیشەسـازی، پێویسـتە ئـەم پرسـیارە بکـرێ چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ سیاسـەت و هەتـا خاوەنداریەتـی نـەوت بکـرێ؟ ئـەم پرسـیارە گرنگـە بـۆ ئـەو وڵاتانـەی نـەوت لـە خاکەکەیـان

بوونـی هەیـە وە تەنهـا بـۆ بیرهێنانـەوە لـە ناوچەکانـی خۆمـان ڕوداوەکانـی گۆڕانـکاری ئێران لە سـەردەمی د.مسـەدقەوە تـا ئەگاتـە جەنگەکانـی کەنـداو وە ڕووداوەکانـی ئێسـتای عێـراق و سـوریا نمونـەن.

**ئەوە بۆ ژیانی ئابووری نەوت چەندە گرنگە بۆ وڵاتانی بەکاربەر و بەرهەم هێنەری پیشەسازی ڕۆژئاواو ئەوا بۆ وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت دوو بەرامبەر گرنگە**

ب. وڵاتانـی بـە ئیتلاح خـاوەن نـەوت وەکـو وڵاتانـی کەنـداو عێـراق و ئێـران و باکـوری ئەفریقیـا وەکـو هـەر بەشـێکی تـری جیهانـی سـێ هـەم، لـە ڕووی سروشـت ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و ئابوریـان وە لـە ڕووی پێشـکەوتنی ڕەوتـی مێژووییـەوە لـە چـاو وڵاتانـی ڕۆژئـاواوە لـە هەمـوو بوارێکـەوە لـە کات و پێشـکەوتنا بـە جـێ مـاون. زۆربـەی هـەرە زۆری ئەگـەر هەمووشـیان نـا نـەوت تەنهـا کەرەسـەو سـەرچاوەیە ئابـووری و ژیانیانـە، وە ئەگـەر نـەوت نەبـێ بیفرۆشـن ئـەوا هەموویـان بـە عێـراق و کوردستانیشـەوە ژیـاون و حـاڵ و گوزەرانیان ئەگـەر لـە بەنـگلادش و سـۆماڵ و ئەسـیوبیا و وڵاتانـی هـەرە هـەژاری تـری ئاسـیا و ئەفرقیـا و ئەمریـکای لاتینـی خـراپ تـر نەبـێ ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە باشـتر نابـێ. نموونـەی گەمـارۆی عێـراق شـاهیدی ئەوەیـە کـە حاڵـی هاوڵاتیـان چـۆن بـوو بـە دەسـت خاڵـی و هەژاریـەوە ئـەوا لـە کاتێـکدا کـە عێـراق بـۆ ناوخـۆی خـۆی ئەیتوانـی کەڵـک لـە نـەوت وەربگـرێ بـۆ پێویسـتی ڕۆژانـەی جا ئەگـەر ئەمـەش نەبایـە ئـەوا خراپـی خەڵـک دووبەرابـەر ئەبـوو کـە وێناکردنـی سـەخت ئەبـوو.

لەبەرئـەوە بـۆ ژیانـی ئابـووری نـەوت چەنـدە گرنگە بۆ وڵاتانـی بەکاربـەر و بەرهەم هێنەری پیشەسـازی ڕۆژئـاواو ئـەوا بـۆ وڵاتانـی بەرهـەم هێنـەری نـەوت دوو بەرامبـەر گرنگـە چونکـە لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بەهـۆی فەرهەنگـی کارو سیسـتەمی سیاسـی دیموکراسـی و فەراهـەم کردنـی کەرەسـەکانی خۆراکـی و کشـتووکاڵی و دەرمانـی بـە دەسـتی خۆیـان لـە ناوخـۆی وڵاتانـی خۆیـان ئـەم زیانەیـان پـێ نـاگات وەکـو وڵاتانـی نەوتـی کـە ئەبـێ ئـاردو سـەوزە و میـوە و دەرمـان و هەمـوو کەرەسـەیەکی پزیشـکی و خۆراکـی لـە دەرەوە هـاوردە بکـەن بـە دۆلاری نەوتـی فرۆشـراویان. لەبەرئـەوە، ئەگـەر نـەوت بـۆ وڵاتانـی ڕۆژئـاوا مەکینـەی چەرخانـی ئابـوری و ژیانیـان بـێ بـۆ ئێمـە و وڵاتانـی نەوتـی، نـەوت تەنهـا ڕێگەیـە کـە پێـی بژیـن و لـە ژیانـا بمێنـن، بـەڵام بـۆ هـەردوو لا وڵاتانی خـاوەن نەوت و وڵاتانـی بەرهـەم هێنـەری نـەوت، کەرەسـتەی نەوت وئاسایشـی نـەوت گرنتـی ئاشـتی کۆمەڵایەتیـە بـۆ وڵاتانـی بەرهەمهێنـەر و بەکاربـەرو ئاشـتی تـەواوی جیهـان.

٢. ڕەهەندی سیاسی:

لـە مـاوەی ئـەم ١٠٠ سـاڵەی ڕابـردوودا، سیاسـەتی ئابـوری وە سیاسـەتی ناودەوڵەتـی وڵاتانی ڕۆژئـاوا لـە ژێـر ڕۆشـنایی و بەرژەوەنـدی سیاسـەتی نەوتیـان دامـەزراوە، وە هەتا بەشـی زۆری پەیوەندی نێودەوڵەتـی و دبلۆماسـی وڵاتانـی نەوتـی و وڵاتانـی بەکاربـەری نـەوت لەسـەر بنەمـای نـەوت دامـەزراوە لەسـەر بنەمـای نـەوت و دامـەزراوە و ڕەنـگ ئەداتـەوە. نـەوت لـە ڕۆژی ئەمڕۆمانـا تەنهـا کەرەسـەیەکە کـە جگـە لـە گرنگـی ئابـووری بـۆ جیهـان ڕەهەنـدی سیاسـی فراوانـی هەیـە، وە پێـوەرە بـۆ سـەرکەوتوویی یان شکسـتی سیاسـی هـەر دەوڵـەت و حکومەتـێ چونکـە بەرنامـەی کاری سیاسـی هـەر حکومـەت و وڵاتانـی لەسـەر بنەمـای سیاسـەتی وزە واتـە نـەوت دائەمـەزرێ .

ئەمـەش وا ئـەکات کـە بارودۆخـی سیاسـی وڵاتانـی بەرهـەم هێنـەری نـەوت کاریگـەری هەبـێ لەسـەر سیاسـەتی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا وە بەهەمـان جـۆر دۆخـی ئابـوری و سیاسـەتی وزەی وڵاتانـی

ڕۆژئاوا کاریگەری هەبێ لە سەر سیاسەت و دۆخی گشتی وڵاتانی بەرهەم هێنەر بەڵام بە دڵنیایی لەم دوو کاریگەریە، کاریگەری وڵاتانی پیشەسازی ڕۆژئاوا زۆر گەورەترە بەهۆی نفوزی زۆری سیاسی و ئابوری و سەربازی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە چاو وڵاتانی بەرهەم هێنەر چونکە وڵاتانی نەوتی هەموویان بەهۆی دواکەوتوویی سستمی سیاسی و بەشدار نەبوونی خەڵک لە داڕشتنی سیاسەتی نەوتی و ئابوری خۆیان وای کردووە نەتوانن ئیرادەی نیشتمانیان هەبێ و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ نەوت بکەن، بەڵکو زۆر بەیان لەسەر بەرژەوەندی گروپێکی بچووکی دەسەڵاتدار مامەڵە لەگەڵ نەوت ئەکەن، بۆ نموونە وڵاتانی کەنداو.

هەر ئەم نەبوونی بەرژەوەندی نیشتمانیەش وای کردووە کە بە هەزاران ملیارد داهاتی نەوت لای وڵاتانی بەرهەم هێنەر نەی توانیوە ئەم وڵاتانە لە قۆناغی بەکاربەریەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی بەرهەم هێنەر لە هەموو بوارەکانی ئابوری دا وە هەتا لە ڕووی تەکنەلۆجی و زانستی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە نەیان توانیەوە ئەو گۆڕانکاریە مەزنە ئەنجام بدەن کەئەبوو گەلێک ساڵ بوایە بکرایە، بەهۆی پارەی زۆر نەختینەی نەوتەوە واتە وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت وە دەسەڵاتدارەکانیان فاشل بوون لە بەکارهێنانی وە سەرمایە گوزاری داهاتی نەوت لە بواری ستراتیجی ئابوری و تەکنەلۆجی و گەشەی مرۆیی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی؟ زۆربەی هەرە زۆریان نەوت تەنها وەک کەرەسەیەگ ئەبینن کە بیفرۆشن و بە پارەکەی بژین و هەندێ جادەو هوتێل و ساختمان و شتی ڕووکەشی پێ ئەنجام بدەن نەک پرۆژەی نیشتمانی و ستراتیجی و دروست کردن و هان دانی کەرتەکان کەرتەکانی تری ئابوری بۆ قەڵاچۆکردنی بێکاری و هەژاری . لەمەش خراپتر زۆربەی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی نەوتی، سامانی نەوت بۆ خۆیان خاوەن داریەتی نەوت ئەکەن نەک دەوڵەت وە داهاتەکەی ئەنێرن وە ئەخەوێنن لە بانکەکانی دەرەوەی وڵاتانی خۆیان کە لە ئەنجامدا نە خۆیان نە وڵاتەکانیان نابنەوە خاوەنی ئەو پارە . ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کەلە وڵاتەکانیان پارە ئەبێ بۆ ئەنجام دانی ئەو پرۆژە ئابوری وکۆمەڵایەتی و تەندروستی و فێرکردنەی کە زۆر پێویستیانە بۆ نمونە ئێستا لە سعودیە خەڵکێکی زۆر لەوپەڕی هەژاریدا ئەژین وە ئاستی تەندروستی و فێرکردن و خزمەتگوزاری بە هیچ جۆرێ لەئاستی پێویستدا نیە.

**نەوت تەنها وەک کەرەسەیەک ئەبینن کە بیفرۆشن و بە پارەکەی بژین و هەندێ جادەو هوتێل و ساختمان و شتی ڕووکەشی پێ ئەنجام بدەن**

٣. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی: دۆزینەوە دەرهێنان وە فرۆشتن و خستنەبازاڕی نەوت وبەکارهێنان و داهاتەکەی گوڕێکی گەورەی ئابووری دروست کرد لە جیهاندا وە بەهۆی ئەم گوڕە گەورە ئابوریەوە توانرا لە وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بێتە کایەوە کە هاوڵاتیانیان بەهرەمەند بن لە داهاتوو سودی ئابوری وڵاتەکەیان و بەمەش واتە لە سایەی رفاهی ئابوریەوە هاوڵاتیانی ڕۆژئاوایی بواری زیاتریان بۆ ڕەخسا کە هەم زیاتر خەرج بکەن، کاتێ زیاتریات هەبێ بۆ چالاکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و گەشت و گوزار وە بتوانن ممارەسەی خولیای ئارەزوە هونەری وفەرهەنگیەکان بکەن.

دەوڵەتی خۆشگوزەران لە ڕۆژئاوا توانی پێویستە سەرەکیەکانی هاوڵاتیان لە زەمانەتی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خوێندن و فێربوون بۆ هەموو تاکێ فەراهەم بکات بەڵام لە وڵاتانی نەوتی لەگەڵ

داهاتی نەختی زۆریان نەیان توانیوە نە پڕۆژەی ستراتیجی گەشەیان هەبێ لەسەر ئاستی وڵات و نەتوانیویانە کەمترین رفاه بۆ زەمانەتی ژیانێکی شەرەف مەندانە بۆ هاوڵاتیان فەراهەم بکەن کە ئەمەش بۆ خۆی خاڵی ناکۆکیە لە نێوان بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی و نیشتمانی فەرمان ڕەوایان و مافی هاوڵاتیان کە وەکو یەک بەهرەمەند لە داهات وسامانی سروشتی وڵاتەکەیان جا ئەگەر تاوەکو ئێستا فەرمان ڕەوایان بەردەوام بن لە قۆرخ کردنی سامانی وڵات بۆ خۆیان و گوێ نەدان بە هاوڵاتیانیان بۆ مافی بەهرەمەند بوون لە سامانی وڵات ئەوا ئەشێ ئەزموونی لیبیای نەوتی لە وڵاتە نەوتیەکانی تریش دوبارە ببێتەوە. چونکە بەهۆی زۆری ڕێگاکانی پەیداکردنی زانیاری و هۆشیار بوونەوەی زیاتری خەڵک بە مافەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ شانسی فەرمان ڕەوایان کەمتر ئەبێتەوە تا بەردەوام بن لە فەرمانڕەوایی کردن بەم جۆرەی کە تا ئێستا بۆیان چۆتە سەر. واتە هەتا ئەگەر نەوت تا ئێستا بۆ بەرژەوەندی خەڵک نەبوو بێ بەڵام بەهۆی زۆری داهاتی نەوت هەر چۆنێ بێ هەندێ دیاردەی تازە دروست بوون لە وڵاتانی نەوتی، وەکو کردنەوەی زانکۆکان فراوان بوونی بواری میدیایی وە کەم یان زۆر خەڵکێکی تا ئەندازە باش بەهۆی داهاتی نەوت وبازرگانی نەوت وە سەفەرکردنیان بۆ دەرەوەی وڵاتەکانیان شارەزاو ئاشنابوون بە ژیان و دنیایەکی تر جیاواز لەو دنیاو ژیانە تقلیدیەی کە وڵاتەکانیان تیا ئەژین، ئاگابوونیان بە چەمکەکانی دادپەروەری، ئازادی و ماف و ئەرکەکانی تاک ڕۆژ بە ڕۆژ ئەتوانێ کۆمەڵ و فەرهەنگ و فۆرمی ژیانیان بەرەو گۆڕانی بەرێ وە سیستمی سیاسی و ئابووری بە جۆرێ بگۆڕن کە سازندە بێ لەگەڵ بەرژەوەندیە ئابووری و ئازادیەکانی تاک وە هەروەها بەرژەوەندی بازنەیەکی تەسکی دەسەلات وەکو لە وڵاتانی کەنداو لیبیای قزافی دا ئەبینرا. لە ئێستاو داهاتووشا ڕەهەندەکانی بواری وزەو نەوت و کاریگەریان لەسەر هەموو کایەکانی ژیان بەردەوام ئەبێ. چ لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتانی بەرهەمهێنەر یان بەکار تەنها شتێ کە گرانتی ئەوە ئەکا کە ڕەهەندی دژ بەیەک و بەرژەوەندی دژ بە یەک دروست نەبێ و ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی و جیهانی پارێزراو بێ دادپەروەری و روونی و ئانێافانە مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەم کەرەسەی ژیان. و هەر مامەڵەیەکی نا دادپەروەرانەو نا ئانێافانە لەگەڵ نەوت چ لەسەر ئاستی وڵاتان، ناوچەیی و جیهانی ئەشێ روداوی تراژیدی بەسەرا بێ.

**لە کوردستان بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروستانە لەگەڵ نەوتا بکرێ زۆر پێویستمان بە شورایەکی میللی نەوتی هەیە**

لە کوردستان بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروستانە لەگەڵ نەوتا بکرێ زۆر پێویستمان بە شورایەکی میللی نەوتی هەیە بۆ دیاری کردنی سیاسەتی نەوتی کوردی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە وە بەشداری کردنی چالاکانەی خەڵک لە دیاری کردنی سیاسەتی نەوت و داهاتی نەوت و بەکارهێنانی وە تا خەڵک زیاتر بەشدار بێ لە مامەڵە کردن لەگەڵ نەوت و سامانی وڵات ئەوا زیاتر ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ گەل و وڵات فەراهەم ترو مسۆگەر تر ئەبێ.

# گەندەڵی میکرۆبێکە ئەگەر نەیکوژی، دەتکوژی



ن.جەواد سەعید

هەموو سەنتەرەکانی گەشەکردنی ئابوری، پێناسەیەکی گشتیان هەیە بۆ گەندەڵی: هەر ڕێکخراوێک و سیستەمێکی سەربەخۆ هەڵنەستێ بەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی یان بە سیستی پێیهەڵسێ، ئەو ڕێکخراوە یان ئەو سیستەمە گەندەڵە. بارەگای گەشەکردنی نێودەوڵەتی (کەنەدا)ش دەڵی «گەندەڵی جۆرێکە لە دزین».

لە سیستەمی سیاسی گەندەڵدا هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی بە شێوازێکی نا یاسایی وناشەرعی ودوور لە بەهائەخلاقیەکان تێیدا بەشدار دەبن، کە دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئابووری وولات، تێکشکاندنی دامەزراوە سیاسیەکان، سووکردنی نەریتی کۆمەڵایەتی و لە باربردنی یاسا.

گەندەڵی شێوازی جوراوجۆری هەیە وەلێ دیارترینیان بەرتیل وەرگرتن و خزم خزمانێیە بە هۆی دەسەڵاتەوە یان پشتیوانی کردنی کەسێک یا گروپێک بە پارە بۆ مە بەستی شەخسی.

•هۆکارەکانی گەندەڵی (Corruption Factors):

•هۆکاری سیاسی (Political Factors) :

یەکێک لە هۆکارەکانی سیاسی ئەوەیە کاتێک کەسی یەکەمی دەسەڵات، خۆی بەدوور دەگرێ لەیاسا و دەسەڵاتی لەسەرووی یاساوە دادەنێ، خۆی ناخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی یاسا. هیچ نرخێک بۆ دەنگەکان لە هەڵبژاردن دانانێ، بەپارە بەخشین بردنەوەی خۆی مسۆگەر دەکات، بۆ ئەوەی ئەو کارەی بۆ مەیسەر بێ، دەستەی یاسا دانان و دادوەرەکان لەلایەن خۆیەوە دادەنی، بوار بە میدیای ئازاد نادا و دەست بەسەر ڕێکخراوە مەدەنیەکانیش دادەگرێ.

بوونی گەندەڵی لە هەر سیستەمو کۆمەڵگایەک پەیوەندی بە لاوازی کۆمەڵگای لیبڕالیەوە هەیە بەتایبەتی میدیای ئازاد، هەر کە میدیا سەرکووتکرا، ئیدی حکومەت لە حکومەتی لیبڕالیەوە بۆ حکومەتی چەند کەسێک یان چەند خێڵێک هەنگاو دەنێ، بەمەش زەبرێکی کوشندە لە حکومەت دەدرێ و تەمەنی ئەو حکومەتە لە مردن نزیکدەبێتەوە.

•هۆکاری یاسایی (Legal Factors):

هۆکارێکی تری سەرەکی، جۆری سیستەمی یاسایە، بەتایبەتی بۆ گرتن و سزادانی گەندەڵکاران، دەسەڵات بە جۆرێک ئەو دادگایە دادەمەزرێنی کە بتوانی لە یەکێک لە درزەکانەوە لە یاسا و دادگا تەداخول بکات، بەرپرسەکان، ڕاستەوخۆ دادوەرەکان دادەنێن بێئەوەی ڕەچاوی عەدالەتی، بەرپرسیاریەتی و بێلایەنی دادوەر بکەن. دوو هۆکار هەن دەبنە گەندەڵی دادگەری، ئەوانیش بریتین لە دەستتێوەردانی سیاسی و بەرتیل.

١-دەستتێوەردانی سیاسی، حیزبی باڵا.

دەستدەخاتە ناو کاروباری دادگا، لە ڕێگای هەڕەشەکردن و تۆقاندن یان پارەدان بە دادوەر بڕیارەکانی دادگا بە ئاراستەی بەرژەوەندی خۆی دەگۆڕێ، داواکار گوێی لێناگیرێ و مافەکانی دەبنە قوربانی دەسەڵاتی سیاسی و جێلەقنەبونی دادوەر.

٢-بەرتیل.

پارە وەرگرتن بەزۆر یان بە هەڕەشە دەبێتە کاری سەرەکی دادوەر و فەرمانبەرانی دادگا بۆ ڕایی کردنی کاری خەڵک، کە لەسەریانە بێ

پـاره جێبەجێـی بکـەن، پارێـزەرەکان پـارەی زیـاد وەردەگـرن بـۆ دواکەوتـن یـان زوو ڕاپەڕاندنـی ئیشـی هاووڵاتیـان، دادوەر پـارە وەردەگـرێ بـۆ ڕاگرتـن یـان خێـرا کردنـی کەیسـەکان، قبوڵکـردن یـان قبوڵنەکردنـی پێداچونـەوەی کەیسـەکان.

•هۆکاری بیروکراتی (Bureaucratic Factors):
زۆری ڕۆتیـن لـە دامـودەزگاکان و هێنـان و بردنـی هاووڵاتـی کـە ئیشـی زیـادەن، لەلایـەک ئیشـی هاووڵاتـی زیـاد و گرانتـر دەکات، لەلایەکیتـر بووجـەی حکومـەت بەفیـڕۆ دەدات چونکـە حکومـەت پێویسـتی بـە فەرمانبـەری زێدەتـر دەبـێ بـۆ ئیشـە زیـادەکان. فایلـەکان بەئەندازەیـەک کەڵەکـە دەبـن کـە لـە کاتـی خۆیـدا ئیشـی خەڵـک جێبەجـێ ناکـرێ، بەهـۆی نەپەرژانـە سـەر ڕۆتینـەکان شانسـی فەرمانبـەر زیاتـر دەکات بـۆ دزە کردنـی نـاو فایلـەکان. لـە حاڵەتـی زۆری ڕۆتیـن گەندەڵـی ڕوو لـە هەڵکشـان دەکا و بـە ئاسـانی سـەرچاوەکەی نادۆزرێتـەوەو ئـەو بـۆ ئەویتـر دەیگێڕێتـەوە هەریەکـەو بـە شـێوەیەک خـۆی لێدەدزێتـەوە.

**نەخۆشی بە هەموو جۆرەکانیەوە ڕوو لە زیاد بوون دەچێ و ڕێژەی مردن بەرز**

•هۆکاری ئابووری (Economic Factors):
لـەو وڵاتانـەی حکومـەت، ئابـووری کۆنتـڕۆڵ دەکات، گەندەڵـی تەشـەنە دەکا. بۆشـایی گـەورە دروسـتدەبێ لـە نێـو دامودەزگاکانـی حکومەتـدا، ئـیدی بەرپرسـە سیاسـییە بـاڵاکان دەسـتدەگرن بەسـەر هەمـوو کونـو قوژبنێکـی سـەرچاوەی پـارە، بازرگانـی کردنـی هەمـوو کاڵایـەک بـۆ ئـەو وڵاتـە دەکەوێتـە ژێـر دەسـتی بەرپرسـەکان. حکومـەت بودجـە لـە شـوێنێکی وەهـا قایـم دەکات مەگـەر هـەر بـۆ خـۆی بزانـێ لـە کوێیـە.

•کاریگەریەکانـی گەندەڵـی (Corruption Consequences):
گەندەڵـی میکرۆبیکـی کوشـندەیە ئەگـەر لـە نـاوی نەبـەی لەنـاوت دەبـات. ئارامـی نەتەوەیـی و شـەرعیەتی پرۆسـەی سیاسـی لەبـار دەبـا، ،سیسـتەمی سیاسـی، ئابـووری وکۆمەڵایەتـی لێـک هەڵدەوەشـێنێتەوە. هەڵبـژاردن هیـچ نرخێکـی نامینـێ، پـارە ئاراسـتەی دەنگـەکان دەگـۆڕێ، بازاڕێکـی گەرمـی کڕینـو فرۆشـتنی دەنـگ دروسـتدەبێ. ئەنـدام پەرلەمـان، وەزیـر و پۆسـتە ئیداریـەکان لەلایـەن بەرپرسـەباڵاکانی حیزبـەوە دادەنرێـن، دڵسـۆزی و شـارەزایی بـە چاوێکـی سـووکەوە تەمەشـا دەکـرێ. دەرئەنجـام خەڵکێکـی نادڵسـۆز و بێتوانا پۆسـتەکان وەردەگرن. دزیکـردن دەبێتـە کاری ڕۆژانـەی دامـودەزگاکان، دزەکان ململانێـی یەکـدی دەکـەن، ئـەو کەسـە خـۆی بەبـراوە دەزانـێ کـە زۆرتریـن پـارەی دزیـوە. بەرپرسـەکان ئالـودەی پارەدەبـن و وەکـوو عاشـقێکی سەرشـێتیان لێـدێ بـۆ پـارە، ئیـدی گەندەڵـی دەچێتـە سـەنگەرێکی قاییمـەوەو بەهەوەنتـە جێـی پێلـەق ناکـرێ.

•کاریگەری سیاسی:
١-مەترسـییەکی گـەورە لەسـەر ئاسـایش و بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی دروسـتدەکات. گەندەڵـکاران بـەردەوام بـەدوای سـەرچاوەی پارەپەیداکردنـی زیاتـر دەگەڕێـن، جگـە لەنـاوەوەی وڵات پـەل بـۆ دەرەوەی وڵاتیـش دەهاوێـژن. لەوکاتـەدا ڕێـگا لەبـەردەم دوژمنـان ئاسـانتر دەبـێ بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری و دروسـتکردنی گروپـی سـیخوڕی. دەسـەڵات ناچاردەبـی لـە بەرامبـەر چارەسـەرکردنی کێشـە نەتەوەییـەکان پـارە وەربگـرێ.
٢- گەندەڵـی، شـەرعییەتی پرۆسـەی سیاسـی لەبـار دەبـاو متمانـەی لـەلای خەڵـک نامینـێ، خەڵـک بەشـداری کارا لـە هەڵبـژاردن و پرۆسـەی سیاسـیدا نـاکات.
٣-دەسـەڵات خـۆی بەپێـی وەلائـی شەخسـی

و خزمایەتـی هەمـوو پۆسـتەکان دابەشـدەکات بەسـەر هـەردوو کەرتـی تایبـەت و گشـتی، بڕوانامـە و توانـا قیمەتـی نامێنـێ.
٤-بـواری میدیـای ئـازادو ڕێکخـراوە مەدەنییـەکان بەرتەسـک دەبێتـەوە، ڕەخنـە گرتـن دەبێتـە کارێکـی نامـۆ بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـی، هـەر کەسـێک ڕەخنـە لـە دەسـەڵات بگرێ، ڕوبـەڕوی هەڕەشـە و سـوکایەتپێکردن و گرتـن دەبێتـەوە.
٥- سیسـتەمی پـەروەردە و تەندروسـتی ئیفلیـچ دەبێـت، سـەرچاوەکانی زانسـت و خزمـەت گـوزاری لـە حکومەتـی مەرکـەزی بـۆ دەزگا لۆکاڵیەکانـی پـەروەدە، لـە دەزگا لۆکاڵیەکانـی پـەروەدەوە بـۆ خوێندنـگاکان و مامۆسـتایان، لـە خوێندنـگاکان و مامۆسـتایانەوە بـۆ خوێنـدکار کەمدەبێتـەوە. خوێندنـگا بێبـەش دەبـی لـە خزمەتگوزاریـەکان، مووچـەی مامۆسـتا کەمدەبێتـەوەو بێبـەش دەبـن لـە هەمـوو سـەرچاوەکانی زانسـتی، خوێنـدکار بێبـەش دەبـی لـە مەنهەجـی زانسـتی. زۆرجـار خوێنـدکاری زیـرەک بـۆ کۆلیـژی نەشیاو دەنێردرێ و بەپێچەوانـەوەش ئـەو خوێنـدکارەی پلـەی نـزم دەهێنـێ کۆلیـژی بـەرزی دەدەنـێ.
نەخۆشـی بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە ڕوو لـە زیـاد بـوون دەچـێ و ڕێـژەی مـردن بـەرز دەبێتـەوە. پیسـی و بێسـەروبەری لـە نەخۆشـخانەکان بڵاودەبێتـەوە، دەرمانـی بەسـەرچو (ئێکسـپایەر) دەکەوێتـە بـازاڕ و دەرمـان بـە نابەجێـی بـەکار دەهێنـرێ.
•کاریگەری ئابووری:
١-گەشـەی ئابـووری سسـت دەکات. نائارامـی دەکەوێتـە بـازاڕاوە و نرخـی پێداویسـتیەکانی هاوڵاتیـان بـەرز دەبێتـەوە.
٢-بەرهەمهێنـەرە بیانیـەکان کەمتـر ڕوو لـەو وڵاتانـە دەکـەن کـە گەندەڵیـان تێدایـە، بەرتیـل و ڕۆتیـن لـە قازانجەکانیـان کەمدەکاتـەوە.
٣-یارمەتـی و هـاوکاری وڵاتانـی دەرەوە دەبڕدرێـن یـان کەمدەبنـەوە.
٤-بۆشـاییەکی گـەورە دروسـتدەبێت لەنێـوان دەوڵەمەنـد و هـەژار، خەڵکـی هـەژار بارێکـی زیـادەی دەکەوتـە سەرشـان و دەرەقەتـی کڕینـی پێداویسـتیەکانی ڕۆژانـەی نایـەت.
٥-باجێکـی زیـادە لەسـەر کاسـبکاران دادەنـرێ و سـەرمایەو تواناکانـی خەڵـک دەچێتـە شـوێنێکی نادیـار و بـە فیـڕۆ دەڕوات.

**کارەکتەری تاکی نێو کۆمەڵگا تێکدەشکێنێ، وای لێدەکات، خۆی بە بچوک و بەرامبەرەکەی بە گەورە بزانێ**

•کاریگەری کۆمەڵایەتی:
١-هەمـوو کاریگەریەکانـی سیاسـی و ئابـووری، ڕەنگدانـەوەی نێگەتیـف لەسـەر ڕەوشـی کۆمەڵایەتـی دروسـت دەکات، یاسـا و ڕێسـای کۆمەڵایەتـی لێکهەڵدەوەشـێنێتەوە، تەوقـی متمانـەی کۆمەڵایەتـی تێکدەشـکێنێ و بەهـا ئەخلاقیەکانـی کۆمەڵایەتـی دادەڕزێنـێ، نائارامـی و توندوتیـژی ڕوو لـە زیادبـوون دەکات.
٢-کارەکتـەری تاکـی نێـو کۆمەڵـگا تێکدەشـکێنێ، وای لێـدەکات، خـۆی بـە بچـوک و بەرامبەرەکـەی بـە گـەورە بزانـێ.
٣-خەڵکـی شـارەزا و هەڵگـری بڕوانامـە پەراوێـز دەخرێـت، ناچـار دەکرێـن شـوێنەکانیان جێبێڵـن و ڕوو لـەو جێگایانـە بکـەن کـە ڕێـزی بڕوانامـە و تواناکانیان بگـرن.
٤-کـردەوەی تیرۆرسـتی سـەر هەڵـدەدات، بەهـۆی دابەشـنەکردنی سـامانی وڵات بـە یەکسـانی، خەڵکێکـی زۆر هـەژار و بێدەرامـەت دەبێـت.
•چارەسەری گەندەڵی:
چارەسـەرکردنی گەندەڵـی پرۆسـەیەکی دوورو درێـژە، پێویسـتی بـە پلانـی تۆکمـە و درێژخایـەن هەیـە. کـە خـۆی لـە سـێ هەنـگاوی پڕاکتیکـی دەبینێتـەوە.
١-ئەنجامدانـی لێکۆڵینەوەیەکـی تێروتەسـەل

و بەرفراوان لەسەر دەستنیشانکردنی جۆری گەندەڵییەکان، هۆکاری دروستبونی و کاریگەرییەکانی.

٢-ڕیفۆرمی سیاسی، یاسایی، بەڕێوەبردن و ئابووری.

٣-پشتگیری و هاوکاریکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و میدیا.

**دەرگا واڵا کردن لەبەردەم حیزبەکانیترو هەموو تاکێکی نێو کۆمەڵگا بۆبەشداریکردن لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد و شەفافدا**

•ڕیفۆرمی سیاسی:

خواستی سیاسی، سەرەکیترین کۆڵەگەیە بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی، خواستی سیاسی کاریگەر دەبێ کاتێک سەرکردە باڵاکانی دەسەڵات بە شێوەی بەرپرسیاریەتی و تیم ئیش بکەن، هەنگاوان بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک بێ خواستێکی سیاسی بەهێز، هەنگاوێکی نەزۆکە، ئەگەر بمانەوێ گەندەڵی چارەسەر بکەین پێویستمان بەو هەنگاوانەی خوارەوە هەیە. بەدەر لەوە خولانەوەیە لە بازنەیەکدا، گەندەڵیش تا دێت قایمتر و کاریگەرتر دەبێ.

١- دابەشکردن و هاوسەنگی دەسەڵات لە نێوان دەزگاکانی تەنفیزی و تەشریعی قەزادا، تاوەکو هیچ دەزگایەک بە نابەجێیی ممارەسەی دەسەڵاتی خۆی نەکات. هیچ کامێکیان دەست نەخەنە کاروباری ئەویترەوە.

٢- کاراکردنی پەرلەمان ئەوەش بە دڵسۆزی و بوێری بڕیاردانی ئەندامانی پەرلەمان دەبێ. ئەندام پەرلەمان پێویستە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە لە پرۆسەیەکی دیموراسی هەڵبژێردرێن نەک حیزب دایانمەزرێنێت، پەرلەمان کۆڵەکەی لەسەر پێ وەستانی دەوڵەتە.

٣- دەرگا واڵا کردن لەبەردەم حیزبەکانیترو هەموو تاکێکی نێو کۆمەڵگا بۆبەشداریکردن لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد و شەفافدا، دوور لە هەموو دەستتێوەردانێکی سیاسی، لێرەوە هەیئەتی یاسادانان، دادگا و کۆمەڵگای مەدەنی بەهێزدەبێ، متمانەی هاولاتی بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەگێڕێتەوە و گروپی دژە گەندەڵی دروستدەبێ.

٤- سیمینار و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێ لەسەر ڕۆڵی پەرلەمان، دەزگا چاودێرییەکان، کۆمەڵگای مەدەنی و میدیا، بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی.

•ڕیفۆرمی بەڕێوەبردن:

١- ڕوونی و ڕێڕەوی یاساو ڕێساکان لە بەڕێوەبردندا.

٢- نەهێشتنی بڕیاری مەرکەزی، شوێن گرتنەوەی بە بڕیاری بە کۆمەڵ و شەفاف.

٣- دانانی یاسای لێپرسینەوە، ئەو یاسایە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ، ئەگەر هەر کەسێک سەرپێچی کرد لە هەر ئاستێک، لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات.

٤- دانان وهاندانی خەڵکی شارەزاو بەتوانا بۆ پۆستە ئیداریەکان.

٥- خەلات کردنی ئەو کەسانەی دڵسۆزن و کاری پرۆفیشنال دەکەن.

•ڕیفۆرمی سیستەمی دادگایی و یاسا:

١- دادگا دەبێ سەربەخۆبێ و یاسا بەرقەرار بێ

٢- دادوەر، دەبێ دەستنیشانبکرێ بەپێی دڵسۆزی، بێلایەنی و شارەزایی، نەک بەپێی بەرژەوەندی حیزبایەتی.

٣- دادوەرو پۆلیس مووچەی باش وەربگرن

٤- دادوەر و پۆلیس ژیانیان پارێزراو بێ لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دەگیرێن و دادگایی دەکرێن.

٥- هیچ بڕیارێک لە سەرەوە ئاراستەی دادوەرو پۆلیس نەکرێ.

• ڕیفۆرمی ئابووری:
١- دەسـەڵات دوور بخرێتـەوە لـە مۆنۆپـۆڵ کردنـی ئابـووری.
٢- ئاشـکراکردنی بووجـە و چۆنیەتـی دابەشـکردنی، پاشـان بخرێتـە بەردەمـی پەرلەمـان بـۆ بڕیـاردان.
٣- شـەرت و مەرجـەکان هەڵگیرێـن لـە سـەر کارگـە پیشەسازیەکان بـۆ ئـەوەی ببن بـە کەرتی تایبـەت.
٤- ڕێـگا خۆشـکردن لـە بـەردەم بەرهەمهێنـەرە بیانیـەکان، بـە دابینکردنـی ئاسـایش و کەمکردنـەوەی ڕۆتیـن.
٥- هاوکاریکردنـی کاسـبکارانی ناوخـۆ، بـە یارمەتیدانـی پـارە (قـەرز) و کردنـەوەی خوولـی ئیـداری.
•ڕێ لێگرتن:
١- دامەزراندنـی دەسـتەی دژە گەندەڵـی، ئـەو دەستەیە دەبـێ دەسـەڵاتی تـەواوی هەبـێ بـۆ ئـەوەی لێکۆڵینـەوە لەسـەر گەندەڵـی بـکات و کەیسـەکان ڕەوانـەی دادگا بـکات.
٢- دانانـی کارمەنـد بـۆ بەدواداچوونـی سـکاڵاکانی هاوڵاتیـان.
٣- یەکەیەکـی چاودێـری لەسـەر هەمـوو دەزگاکانـی حکومـەت بـۆ ئاشکرا کردنـی گەندەڵی، پاشـان ڕەوانـەی پەرلەمـان بکرێـت و بڵاوبکرێتـەوە لـە کەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن.
٤- خەڵاتکردنـی ئـەو هاوڵاتیانـەی گەندەڵـی ئاشـکرا دەکـەن.
•ڕیفۆرمی پەروەردە:
١- بەسـتنی کۆنفراسـێکی فـراوان بـە بەشـداری خەڵکـی پسـپۆڕ و ئەکادیمـی بـواری پـەروەردە، کـە تێیـدا سیسـتەمی پـەروەردە و پرۆگرامـی خوێنـدن سـەر لەنـوێ بگـۆڕدرێ، بەلەبـەر چاوگرتنـی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی زانسـتی، پەروەردەیـی و هۆشـیاری نەتەوەیـی هتـد.

٢- دابینکردنـی هەمـوو پێداویسـتیەکانی خو ێند نـگا کا ن
٣- زیادکردنـی مووچـەی مامۆسـتایان و فەرمانبەرانـی خوێندنـگاکان و دایەنـگاکان.
٤- چـاو سـوورکردنەوەو واسـتە واسـتەکاری بنبڕ بکـر ێ

## کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەربەستبن لە کارو چالاکییەکانیاندا

٥- کـۆرس و خوولـی فێربوونـی پەروەردەیـی بکرێتـەوە بـۆ مامۆسـتایان.
٦- سـەرچاوەکانی زانسـت و تەکنەلۆژیـا بـەڕووی خوێنکارانـدا بکرێنـەوە.
•کۆمەڵگای مەدەنی:
١- دەبـێ هاوڵاتیـان ڕێگایـان پێبدرێ بـۆ ئەوەی ببـن بـە چاودێـر بەسـەر چالاکیەکانـی حکومـەت.
٢- پشـتگیری و هاوکاریکردنـی ڕێکخـراوە مەدەنییـەکان بـۆ بەدواداچـون و ئاشـکراکردنی گە ند ە ڵیـە کا ن .
٣- دروسـتکردنی پـردی زانیـاری گۆڕینـەوە لـە نێـوان حکومـەت و ڕێکخـراوە مەدەنیـەکان.
•میدیا:
١- پشتگیری تەواوی میدیای ئازاد بکرێ.
٢- کەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن سەربەسـتبن لـە کارو چالاکییەکانیانـدا.
٣- ئـازادی ڕادەربڕیـن، کـەس لەسـەر فیکـری سیاسـی جیـاواز، سـووکایەتی پێنەکـرێ، نانـی نەبـڕدرێ و بـە هەوەسـی شەخسـی ڕاپێچـی زینـدان نەکـرێ.
٤- ژیانـی ئـەو کەسـانەی لـە میدیاکانـدا کار دەکـەن بپارێـزرێ.

# شۆڕشێکی دیموکراتی تاکە ڕێیە


ن.نەجیبە قەرەداغی

ئەمرۆلە جیهان دا قارەمانێتی یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژە بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ فەلسەفە و ناسنامەی ژیانێکی نوێ، هەر کەس پرسیار لەسەر وردەکاری و ڕێبازەکانی چۆنێتی گەیشتن بەو ژیانە و فەلسەفەی پشت ئەو تێکۆشانە دەکات. پرسیاری ئەوە دەکەن چیە ئەو هێزەی وای لەو ژنانە کردووە کە لە دژی دڕەندەترین هێزی تاریکی سەردەم – داعش بجەنگن، ئەو هێزەی هەموو تاریکیەکانی پێنچ هەزار ساڵەی سێ کوچکەی دەسەڵاتداریێتی، دەولەت و پیاوسالاری لە خۆی دا کۆکردۆتەوە. ئەو ژنانە ئێستا نەک هەر پرسیاریان لەسەر دەکرێ و بە دوای وەلامەکانی دا دەگەڕێن، بەڵکو بۆ بونیادنانی سیستەمێک لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفەیە لە هەر کاتێک زیاتر ڕوو لە شۆرشی ڕۆژاڤای کوردستانە. هەر ئەم ڕۆژانەش شایەتحاڵی بۆ گەورەترین شۆرشی ژن دەکەین لەباکوری کوردستان، ژنان قارەمانانە بێ ئەوەی سەنگەرەکانی گەل چۆڵ بکەن لە تەنیشت کۆمەڵگە پێشەنگایەتی سەرەکی بەرخودانن لەپێناو بونیادنانی خۆبەرێوەبەری خۆجێی و لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسی، ژینگەپارێزی و ئازادی ژێندەری کە هەمان فەلسەفەی قارەمانێتی و شۆرشی ژنە لە ناو شۆرشی ڕۆژاڤای کوردستان دا.

هەر ئێستا لە چەندین جێی دوورەدەستی ڕۆژهەلاتی ناوین و کوردستان، لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین پەروەردە لەسەر وردەکاریەکانی ئەو فەلسەفە، مۆدێل و پارادایم«جیهانبینیە» هەیە کە هانی ئەو ژنانەی داوە بێنە مەیدان چونکە فەلسەفەیەکە سنوری ئەتنیک، ئاین ، ڕەنگ و جوگرافیاکەمانی تێپەڕاندووە. هەر لەم کاتەی ئەم وتارە بلاو دەبێتەوە لە وڵاتی نیپاڵ ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی جیهانیی ژنان هەیە کە سەرەکیترین بابەتی شۆرشی دیموکراتی و کۆمەلایەتی ژنی کوردە. پرسیارە سەرەکیەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم شۆرش و فەلسەفەیە تەنانەت بۆ ئەو بزوتنەوانەی ژنان لە جیهان دا کە ساڵانێکە لەسەر بنەمای تیۆری و ڕێبازەکانی فێمینیزم تێکۆشان بۆ ژنان دەکەن بۆتە ئیلهام، ئەدی چیە لە باشوری کوردستان، لە پارچەیەکی تەنیشت ئەو شۆرشە دۆخی ژن لە ئەوپەڕی خراپی دایە؟.

پرسیارێکی لەوە گرنگتر کاتێ ئێمە باس لە ڕۆژاڤا و باکوری کوردستان دەکەین لامان وایە کە داخۆ هەموو پرسەکان لەوێ چارەسەر بووە؟. بێ گومان نەخێر، ئەدی جیاوازیەکە چیە؟. لە ڕۆژاڤا و باکوری کوردستان ئیرادەی گۆڕانکاری، شۆرشێک لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ئازادی ژن و پرۆژەی ژیانی ئازا، پرۆژەی دیموکرتیزەکردنی پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و ژنانێک هەن کە پێشەنگی ئەو گۆڕانکاریەن و سەرەتا لە خودی خۆیانەوە دەستیان بە گۆرانکاری کردووە. کار و تێکۆشانیان «ئەندازیارێتی کۆمەڵگە» و ئامۆژگاری بەخشینەوە نیە بەسەر کۆمەڵگەدا و لەسەرەوە ڕا سەیری کۆمەڵگە ناکەن بەڵکو لە نێویاندان، باوەڕیان بە هێزی مرۆڤ بە تایبەتی ژن هەیە و بێ جیاوازی ئاستی خوێندەواری، پیشەیی، ئەتنیک و ئاین ژنانیان لە ماڵ هێنایە دەرەوە نەک تەنیا ئەوە بەڵکو وەک تیری دوو سەرە پێگە و عەقلیەتیان لە نێو خێزانیش دا گۆڕی و ئێستا لە ئاستی یەکسان دا لە هەموو جێیەکن. لە ئەنجومەنەکانی شار بگرە تا سوپا، لە دەستەکانی بەرێوبەری تا یاسادانان، لە پاراستنەوە بگرە پەروەردە لە ئاکادیمیاکان دا، لە ئابوریەوە بگرە تا دیبلۆماسی و ڕاگەیاندنی ئەلتەرناتیڤ، لە دەزگا تێکەڵەکان دا نوێنەرایەتی و پێگەی یەکسانیان هەیە. لەئاستی بەرێوەبەری دا بە سیستەمی هاوسەرۆکایەتی و لە ئاستی ڕێژەشدا نیوەیان لە ژنانن و لە دەزگا و ڕێکخراوە خۆسەر و تایبەتیەکانی ژنانیش دا لە بچوکترین یەکەی گوندو ناوچەکانیان دا ژنان

خۆیـان ڕێکخسـتن کـردووە و ڕێبـازی سەرەکیشـیان بـۆ گەیشـتن بـەو خۆڕێکخسـتنە دیالۆگ و دانوسـانە لەگـەڵ یـەک بـە یەکـی تاکـەکان، مـاڵ بـە مـاڵ، گـەڕەک بـە گـەڕەک ، لـە گونـد و ناوچـە و شـارەکان ڕێبـازی پـەروەردە و گەیاندنـی ژنـان بـە ئیـرادەی خۆڕێکخسـتن و خۆبەڕێوەبـەری و بەشـداری ڕاسـتەوخۆ لـە سیاسـەت و بونیادنـان دا کاری سـەرەکیانە. کەواتـە ئێمـەی ژنـان لـە باشـور لـە کوێـی ئـەم گۆڕانکاریانەدایـن؟ لـەم مۆدێلـەدا کـە وێـرای دەورەدانـی بـە زیـاد لـە دوژمـن و نەیارێـک، وێـرای سـەردەمێکی خوێنـاوی بـەڵام چەمکـی ئازادی و دیموکراتیزەکـردن و شۆڕشـی کۆمەلایەتیـان هەڵنەگـرت بـۆ دواتـر.

پرسـیارێکی لـەوە گرنگتـر داخـۆ لـە باشـور هیـچ نەکـراوە؟ بـێ گومـان نەخێـر. مەبەسـت سـفر کردنـی ڕەنجـی ژنانێـک نیـە کـە باوەڕیـان بـە ژیانێکـی باشـتر بـووە بـۆ ژنـان و کۆمەڵگەکەیـان، ژنانێـک کـە تـا دوێنـێ لـە چیاکان بەهێنـدەی ئەوەی ڕێیـان پێـدرا لـە لـە بـواری لۆجسـتیکی، هێنـان و بردنـی شـت و مـەک و نامـە لە نێوان شار و چیاکان دا و ژمارەیەکیـش لەنێـو ڕیـزی پێشـمەرگایەتی، دواتریـش لـە کایـەی جیـاوازی دوای ڕاپەڕیـن دا خەباتیـان کـرد لـە ڕیـزی پارتـە سیاسـیەکان، پەرلەمـان، ڕێکخراوەکانـی ژنـان ، ڕێکخراوەکانـی مەدەنـی و ڕاگەیانـدن و زانکـۆ و بـازاڕ بـەڵام ئـەدی بۆچـی بانگەشـەی ژیانێکـی باشـتر و گۆڕانـکاری کۆمەڵگـە، ئەمـرۆ ئەنجامەکـەی هێنـدە تراژیدیـە؟ و بوونـی ژنـان لـەو پێگـەدا نەبۆتـە هۆکارێـک بـۆ گۆڕانـکاری؟.

بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە گیـان ئەسـتێنە لێکۆڵینـەوە جـدی و وردی دەوێ بـەلام هەمـوو گفتوگـۆ و لێکۆڵینـەوەکان تەنیـا لەسـەر ئەنجامەکانـە، بـە جەسـارەت و بوێـری دەسـت بـۆ هـۆکارە سـەرەکیەکان نەبـراوە کـە، زهنیەتـە. زهنیەت»عەقلیـەت» لـە هەمـوو جێیـەک لـە مـاڵ، لـە نێـو پارتـە سیاسـیەکان، پەرلەمـان، حکومـەت، شـەقام و کۆمەڵگـە، زانکـۆ، خوێندنگـە، مزگـەوت و هەمـوو جێیـەک لـە نێـو قەیرانێکـی جدی دایـە لـە قەیـران زیاتـر لـە گێـژاودا و سـەری ئـەو سـەری تونێلەکـە بـۆ زۆر کـەس ڕووناک نیـە. ئـەم زهنیەتـە نـەک تەنیـا لـە ڕووی جەسـتەییەوە دەکـوژێ بەڵکـو لـە ڕووی مەعنەویـەوە و کەلتوریشـەوە کۆمەڵگـەی و ژنـی ڕووبـەڕووی قڕکـردن و لەناوچـوون کردۆتـەوە بـەلام بـۆ ڕۆژێکیـش قسـە لەسـەر ئـەو زهنیەتـە نەکـراوە، پرۆژەیـەک و فەلسـەفەیەک بەنـاوی فەلسـەفەی ژیانـی نـوێ و زهنیەتێکـی نوێتـر لـەوەی هەبـووە لـە بەرنامـەی کار و سـتراتیژی پارتـە سیاسـیەکان دا نەبـووە کـە تـا ئـەم ساتەش هەڵسـوڕێنەری بەشـێکی زۆری کۆمەڵگـەن.

**ئەمرۆ لە باشور ژنان تەنانەت نەک لە نێو خێزان دا لە ماڵ، بەڵکو لە سەرشەقام و جێی کار دەکوژرێن**

بەرنامـەی پارتـی سیاسـی، پـەروەردە لـە خوێندنگە « باخچـەی سـاوایان تـا دەگاتـە زانکـۆکان»، خێـزان، پەرسـتگەکان سـەرکەوتوو نەبـون لـە خۆنـوێ کردنـەوە و ئەنجامدانـی گۆڕانـکاری ڕیشـەیی، وردتـر پرۆسـەی ڕۆشـنگەری ئەنجام نـەدرا، ئـەوەی هەیـە مۆدێلێکـی کۆنـە و لەبەریـەک هەڵدەوەشـێ و لـە ژێـر هێرشـێکی گـەورەی داگیرکاری نوێشـدایە، داگیـرکاری هێـز و هەژەمونـی نێونەتەوەیـی و ناوچەیـی، لـە داگیرکردنـی خـاک بگـرە، تـا عەقـل و جەسـتە. ئەمـە تەنیـا پەیوەنـدی بـە ژنانـەوە نیـە بەڵکـو بـە هەمـوو کۆمەڵگەوەیـە لـە ژن، پیـاو و منـداڵ و گەنـج، بـەلام گەورەتریـن کاریگـەری لەسـەر ژنـان و گەنجان هەیـە، گـەر نـا گەنجانێـک کۆمەڵگەکـەی داگیرکرابـێ چـۆن بـە سـەدان هەزارییـان ملـی کۆچبـەری دەگرنەبـەر و هەڵدێـن. تەنیـا داگیـرکاری خـاک نایەتـە واتـای داگیـرکاری، ئەمرۆ باشـور تـا بچوکترین خانـەی لـە ڕووی مـادی و مەعنەویـەوە داگیرکـراوە، ئـەوەی دەبـێ قسـەی لەسـەر بکرێ چەمکـی داگیرکاریـە و شـیکردنەوەی دۆخـی داگیرکـەر و داگیرکـراوە. ئەمـرۆ باشـور هیـچ شـتێکی لە دەسـت خـۆی دا نیە، لـە پەترۆڵەکەیەوە بگـرە تـا قوتـی ڕۆژانـەی خەڵکەکـەی، لـە حەزەکانـی بگـرە تـا نەفرەتەکانـی ، لـە کەلتورەکەیـەوە بگـرە تـا بیرکردنـەوەی داگیرکـراوە.

پارتـی سیاسـی و بزوتنـەوە سیاسـیەکان ڕۆڵـی

سەرەکیان هەیە لە ڕێ خۆشکردن بۆ ئەم داگیرکاریە. ئێمە ئەوەی تەنیا بە چاوی خۆمان دەیبینین بە داگیرکراو یان داگیرکەری دەزانین کە هەمیشە لە هێزی دەرەوەدا دەبینین و تەنیا بە خاکیەوە دەبەستینەوە، وەلێ داگیرکاریەکی تر هەیە لەوە زۆر قوڵتر، مەترسیدارتر و بە ئێشترە ، ئەویش داگیرکردنی ژنە، ژن نەک تەنیا بە واتا بایۆلۆژیەکەی، بەڵکو ئیرادە، ڕۆح و وزەی داگیرکراوە. ڕۆڵی لێ سەندراوەتەوە و لە پەراوێزی پەراوێزدایە. ناوهێنانی ژن بەوەی « نیوەی کۆمەڵگەیە و دایکی نیوەکەی ترە» جگە لە پێناسەیەکی کلاسیک و لە کارکەوتوو چ واتایەکی نەبووە و نیە. لەوە خراپتر کە دەڵێن ژنان « دایکمانن، کچمانن، خوشکمانن و هەر زۆر

**هێنانە مەیدانی ئەم ژنانە زەحمەتترین و تاقەتپڕوکێنترین خەباتە بۆ ئەوەش زۆرێک لە ژنانی چالاک خۆیان لە خەباتی ڕێکخستن کردنی ئەو ژنانە**

تراژیدیتر کە دەڵێن ژنمانن» تەواو ئەو دۆخە مۆڵکایەتیە نیشان دەدات کە ئەوپەڕی داگیرکاریە. ئەمڕۆ لە باشور ژنان تەنانەت نەک لە نێو خێزان دا لە ماڵ، بەڵکو لە سەرشەقام و جێی کار دەکوژرێن، لەو پەناگەناش ناپارێزرێن کە چارەکە سەدەیەکە لە ژێر سێبەری حکومڕانییەکی «فیدراڵی»دایە. لە ماوەی ساڵێک دا سەدان نمونە هەن،دوو نمونەی کوشتنی سنور عومەر لە پارکی دایک لە سلێمانی و کوشتنی ناز یەعقوبی لە هەولێر بەسن بۆ تێگەیشتن لەو دۆخەی ژنان تێیدان. سنور تەنانەت ڕێ نەدرا ڕێکخراوەکانی ژنان خاوەنداری لە جەستەکەی بکەن و بینێژن. بنەماڵەی ژنانی کوژراو زۆربەیان یان سەر بەعەشیرەتێکن یان بنەماڵەیەکی نزیک بە پارتەکانی دەسەڵاتن یان لەوەی پێ دەگوترێ «شەرم و پێشداوەری کۆمەلایەتی» چیرۆکێک بۆ خۆکوشتن و کوشتنەکان دەدۆزنەوە و پەردەپۆشی دەکەن و حەقیقەت هەر لە جێی کوشتنەکەدا ون دەبێ. لە لێپێچینەوەی تاوانباران دا نەک تەنیا یاسا سەروەر نیە بەڵکو یاسا بەدەست دەسەڵاتدارانەوە ئامڕازێکە بۆ پاڵپشتی تاوانباران کە هەر یەک لەوانە نزیک بە بەرپرسانی حزبین و کەیسەکان هەر لە سەرەتاوە لە سەر گوشاری حزبەکانی دەسەڵاتدار پەردەپۆش دەکرێن. نە بە گۆڕینی یاساکان کە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١١ دژی بە توند وتیژی خێزانی لە پەرلەمانە ئیفلیج کراوەکەی باشوردا گەڵاڵە کرا و ئیشی پێ نەکرا، نە ڕاپۆرتی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیەکانی توند و تیژی و ، نە لێدوان و چالاکی بێ کاریگەری هەندێ ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی نەیانتوانی ئەم توند و تیژیانە بوەستێنێ.

ئەگەر ژن داگیرنەکرابێ و وەک موڵک سەیری نەکرێ، چی وا لە پیاوێک» باوک، برا، هەر ئەندامێکی تری بنەماڵە» دەکات کە دەستی بچێتە ژنێک لە نێو خێزان دا و بیکوژێ لە نمونەکەی سنوردا دیارە کە دوای چەندین ساڵ باوکی سنور کینی لە بەرامبەر «بەکارهێنانی مافی ژیان و بڕیاردان» کە سادەترین مافە، نەڕەوێتەوە و دوای دەکەوێ کە تا لە پارکی دایک کۆتایی بە ژیانی دینێ. لەهەموو توند و تیژیەکانی کە بەرامبەر ژن دەکرێ پەنگخواردنەوەی ئەو قەیرانە گەورانەی نێو کۆمەڵگە دەبینرێ کە بێ چارەسەری ماونەتەوە و کۆمەڵگەی داڕزاندووە و لە تەقینەوەشی دا تەنیا ژن باجەکەی دەدات. باشە پێگە و هەبوونێک کە داگیرکرابێ و مافی زەوتکرابێ دەبێ چی بکرێ لە ئاستی دا و چی کراوە؟ داخۆ قەیرانەکە لەو ڕوانگەیەوە پێناسەی بۆ کراوە؟ چین ئەو ڕێ و ڕێبازانەی گیراونەتە بەر؟ بۆ بێ کاریگەرن؟ ئەمانە هەموو پرسیاری جدین بۆ ئێمەی ژنان و کۆمەڵگە بە گشتی.

ژنان لە نێو چەند جۆری بیرکردنەوەدان، بەشێک لە ژنان ئەو ژیانەی تێیدان وەک چارەنوس « قەدەر» دەبینن، کاتێکیش زۆریان بۆ دێ خۆکوشتن سەختترین بڕیارو کورترین ڕێ هەڵدەبژرێن. ئەم کوشتن و خۆکوشتنانە نیشانەی یاخیبوونێکی بێ دەنگە و وزەیەکی نارێکخراوە. ئەم دۆخە»داگیرکراو» ەی ژن کە بەو جۆرە تراژیدیە دوایی دێت گەورەترین بانگەوازیە کە تا ئێستا کۆدەکەی لەباشور نەکراوەتەوە کە

هەر هەمان کۆدە لە ڕۆژاڤا و باکوری کوردستان کراوەتەوە و ئەو وزەیە ڕێکخراوە و کۆمەڵگەیی بووە. گەر تاک و تەرا لە باشوریش هەبێ بەڵام ڕێکخراوە و کۆمەڵگەیی نەبووە. هێنانە مەیدانی ئەم ژنانە زەحمەتترین و تاقەتپڕوکێنترین خەباتە بۆ ئەوەش زۆرێک لە ژنانی چالاک خۆیان لە خەباتی ڕێکخستن کردنی ئەو ژنانە نادەن و بە ڕۆڵی پێشەنگایەتی هەڵناسن چونکە ڕسک و مەترسیەکانی بۆ ئەوان گەورەترە تا خودی دۆزی ئازادیەکی کۆمەڵگەیی و هەرەوەزی، خودی ئازادی لە لایەن بەشێکی کەم لە ژنان لە چەمکی ئازادی «لیبرال»تێپەڕی نەکردووە.

لە لایەکی تر ژنانێکی کە لە نێو پارتە سیاسیەکاندان بە ڕادەیەک بەسەر بۆچون و ئەجێندای جیاوازی پارتەکان دا دابەش بون کە دیدی ناسیۆنالیستی، ئاینی و « لیبرال» هەن و هیچ شتێک نیە کۆیان بکاتەوە جگە لە ژمارەیەک کۆنگرە و کۆنفرانسی بێ ئەنجام نەبێ، تەنانەت کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی ژنانیش نەیتوانیوە بە جدی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی ستراتیژی دا کۆیان بکاتەوە، ئەوەشی هەبووە لە چوارچێوەی عەقلیەت و پرۆژەی فینانسکراوی حکومەت نەبێ شتیکی تر نەبووە، ئەم بەشە کەمترین گۆڕانکاری ئەنجامداوە و بێ کاریگەرترینە و زۆر جاریش بۆتە پاساوێک بۆ بێ دەنگ کردنی ژنان و سپی کردنەوەی ڕووی حکومەتی هەرێم و پەردەپۆش کردنی جێبەجێ نەکردنی بەرپرسیارێتیەکانی لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. ژنانێکی کە لە نێو ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و بزوتنەوەکان دان خاوەن دیدی ئەلتارناتیڤ و نوێن و چ وەک کەسایەتی و ڕێکخراوەی مەدەنی چالاکن و دونیابینیەکی نوێیان بۆ پرسەکان هەیە و هاوتەریب لەگەڵ شۆرشی ڕۆژاڤا و باکوردا باوەڕیان بە شۆرشی دیموکراتی و کۆمەلایەتی ژن هەیە بەڵام ئەم بەشەی ژنان زیاترین گوشار و سەختیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە لە تێکۆشاندا. وەلێ لە تێکۆشانیان دا و لە ڕێباز و تاکتیکی خەباتیان دا لەڕووی تیۆری و کردەییەوە یەکلانەکردۆتەوە و بانگەشەکانیان و کاریگەریان لە ڕۆژاڤا وەرنەچەرخاندۆتە پرۆژەی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە باشور.بازدان و هەڵپە و کاری تاقەتپڕوکێن واتای ئەوە نیە کە تێکۆشان لە ڕێیەکی باشدایە بەڵکو ئەم تێکۆشانە پێویستی بە دەزگابوونی تیۆری و پراکتیکە، ئەم بەشە لە ژنان لە نێو زەنگینی کەرەستە تیۆری و کردەییەکانی شۆرشی ژن دا، خۆیان لە هەژاری دان و ئەو هەژاریەش پەیوەندی بە ڕێبازی خەبات و تێکۆشانەوەیە.

هەمیشە لەو کۆمەلگایانەی کە گۆڕانکاری زهنی هەنگاوێکی ناوە و دەرگای لەسەر دیموکراسی کردۆتەوە، کێشەکانیان بە گۆڕینی یاسا، سەروەری یاسا یان بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەری چارەسەر دەکەن، بەڵام ئەزمونی نیو سەدە و لە گۆڕینی دەستوری عێراقی لە ڕژێمی پادشاییەوە بۆ کۆماری ئەم ڕێبازە لە عێراق بە تایبەتی و لە ڕۆژهەلاتی ناوین دا بن کەوتووە، چونکە هاندەرێکی کە کۆمەڵگە و هەر شت بەرێوەدەبات، زهنیەتە. زهنیەت گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، هیچ یاسا و ڕێسایەک ناتوانێ کاریگەری هەبێ. نەخاسمە لە باشوری کوردستان گۆڕینی زهنیەت بە دەرکردنی یاسا و هێشتنەوەی جێبەجێ کردنی بۆ دەسەڵاتێک نابێ کە خۆی هێشتا بە دەزگا نەبووە، هێشتا پرۆسەی دەزگابوونی دیموکراتی لە باشور لە ژێر هەڕەشەی گەورەی داگیرکاری دەرەکی و هێزی مۆنۆپۆلکاری ناوخۆییەدایە.

شتێکی کە دەکرێ هەموان لەسەری کۆک بن خۆرێکخستن کردنە و تێکۆشانە لە بەرامبەر ئەم داگیرکاریە کە لە سەر کۆمەڵگە و ژن هەیە تا دەست بە تێکۆشانە نەکرێ هیچ قەیرانێک ناکەوێتە سەر ڕێی چارەسەری، نەخاسمە لە باشور کە چەندین کێشە و قەیرانی هەمەلایەنە لەسەریەک کەڵکەبوون و هەمووشی سەرچاوەی خۆی لە قەیرانی زهنیەتی باڵادەستی، ناوەندێتی و پیاوسالاریەوە دەگرێ. ئێمە لەبەردەم قەیرانێکی زهنیەتداین لە باشوردا کە سەرلەبەری پێویستی بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی قوڵ هەیە. بەڵام دەکرێ لە کوێوە دەست پێبکرێ؟ بێ شک دەزگاکانی پەروەردەی سیستەم نەک هەر کۆیلە و داگیرکراو دروست دەکا بەڵکو کۆیلە

بۆ دەستەلاتدارەکان بۆ نەوەکانی دواتریش مسۆگەر دەکات. ئەم زنجیرەی کۆیلایەتی دەبێ لە جێیەک دا بپچڕێنرێ. ئەوەش بە دامەزراندانی ئاکادیمیاکان و دەزگاکانی پەروەردە، لەوەدا هەرگیز مەبەست لە بینای چەند نهۆمی و دەرگای ئەلەکترۆنی و کورسی دوا مۆدێل و تەختەی ئەلەکترۆنی و دانانی کۆمپیوتەر و دوا تەکنیکی پێشکەوتوو نیە، ئارین میرکان کە سەمبولی قارەمانێتی کۆبانێ یە، تەنیا لە بن بەرد و داری چیاکانی کوردستان دا پەروەردەی بینی بوو. بۆ ئەوەش لە شارەکان دا دەکرێ تەنانەت ماڵەکانیش بکەینە جێی پەروەردە بۆ پێداچونەوەی کەسایەتی لە کۆمەڵگە و بەتایبەتی ژنان. ئەمرۆ هێندە دەرفەتی گەورە و بێ سنور لە بەردەستدایە، ئەوەی دوێنێ لە دەرفەتی ژێرزەمینی دا وەک پەڕەی کتێبی ئاینەکان چاومان لێدەکرد ئەمرۆ بە ئاسانی لەهەر جێیەک دەست دەکەوێ بۆ خویندنەوەی ئەوەی پێویستە تەنیا بڕیار و پەرۆشە بۆ ئازادی.

کارێکی تر کە نەکراوە و دەبێ بکرێ شکاندنی ئەو هاوسەنگی پەراوێزیەیە کە هاوسەنگیەکی نادیموکراتیە لەسەر حسابی سیاسەتی دیموکراتی و ژن بونیادنراوە ، چۆن؟. پارتە دەسەلاتدارەکان هەر یەکەیان بە دەوری خۆیان دا خولگەیەکیان لە پارتی سیاسی و ڕێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست کردووە کە لە ئاست قەیران و کێشەکان دا چ سیاسی بن یان کۆمەڵایەتی چاو لە دەم و هەلوێستی پارتە دەسەلاتدارەکان دەکەن و ئەوانیش چاو لە دەمی هێزی نێونەتەوەیی و ناوچەکە دەکەن. دەبێ ئەم ئەڵقەی کۆیلایەتی و داگیرکاریەی هاوسەنگیە پەراوێزییە لە جێک دا بشکێ و ژنان بێ جیاوازی سیاسی و ئایدۆلۆژیان پێشەنگی بۆ قۆناغێکی نوێی بەشداری ژنان بکەن، ڕەنگی ژنان بدەنە هەموو دەزگاکانی هەیە و هەڵمەتێکی نوێی بەشداری دەست پێ بکەن وەلێ لەسەر بنەمای فەلسەفەی ژیانی ئازاد و دیموکراتی. ژنانێکی کە چالاکن دەبێ کۆتایی بە قۆناغی خۆتەنیا هێشتنەوەی بێنن لە سیاسەت دا و کۆتایی بە لاسایی کردنەوەی پیاوان بێن لە سیاسەت دا کە لەسەر بنەمای پۆپیلیزم و خۆدانەپیش و بەرژەوەندی کەسی و تایبەتی و دروست کردنی پەیوەندی هەلپەرستی و پاوانخوازیە.

ژنان لە باشوری کوردستان لە هەر جێیەکی تر جیهان دەرفەتی لەباریان هەیە بۆ پێهەڵگرتنێکی شۆرشگێرانە بۆ بەرپا کردنی شۆرشێکی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی، ژنان پێیان لەسەر خاکێکە کە لانکەی شۆڕشی یەکەمی کشتوکاڵیە، لێکۆڵینەوە لەو ژنەی لە ڕاڕەوەکانی دەسەڵاتداری و نهۆمەکانی دەوڵەت پەراوێزکرا. لە دایک بونەوەیەکی نوێ بۆ ژنی کورد لە باشور پێویستە، دەبێ کۆتایی بە چیرۆکەکانی عەشقی ساختە و خۆخەڵەتاندن بە دیمەنەکانی ژیانی وەهمیانەی فیلمەکانی هۆلیود بێ. ئەو ڕاستیەی کە هەموو جوڵە، کردە، خواردن ، خەو، حەز و ئارەزووەکانمان ئایدۆلۆژیەکی لە پشتە، کەواتە ژیانی ئازاد بێ فەلسەفە و ئایدلۆژیا نابێ.

## کاکەیی -- یارسان



ن.سیروان عەلی ڕەزا کاکەیی

ئەگەر بمانەوێت باس لە ئایین و باوەڕی یارسان بکەین باسەکەمان ناتەواو ئەبێت ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ مێژوی ئەم ئایینەو ئەو گۆڕان کاریانەی بەدرێژایی بەسەریدا هاتوە ئەو گۆڕان کاریانە چ گۆڕان کاریەکی سروشتی بوبن، یان بەرنامە بۆ دارێژراو بوبن لە لایەن دژە ئایینەکانی کوردەوە بەگشتی یەکەم نەتەوە کە باوەڕی بەیەکتاپەرستی هەبوبێت لەمێژودا نەتەوەی کورد بوە، بەمەش سەرەتا لەئایین و باوەڕی میترایەوە دەست پێ ئەکات کە پاش ماوەیەک زۆر لەولاتان باوەڕیان بەم ئایینە هێناو سەران سەری نەتەوەکانی سەربە مادەکانیانی گرتەوە بەڕابەرایەتی ( میترا ) کە لەشاری ورمێی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان دەست پێ کرد ئەم ئایینە بەردەوام بو تاهاتنی زەردەشت، کە ئەوێش هەرلەهەمان شاری ورمێ - لەگوندی - ئاردەبێل هاتەدنیاوە. زەردەشت لەتەمەنی مێرد منداڵیەوە دەستیکرد بەبلاوکردنەوەی ئایینەکەی بەلام هەرزو لەگەڵ شوێن کەوتوانی ئایینی میتراییدا ڕوبەڕو بونەوەو شەڕ لە نێوانیاندا ڕویدا بەلام هەرزو گەشتنە ئەو ڕاستیەی کەلەڕوی ئایین و فەلسەفەی ئایینیەوە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان ئەم دوو ئایینەدا. یەکیان گرت و بیری باش، گوفتاری باش، کرداری باش، بو بە سومبولو فەلسەفەی ئەم ئایینە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەم ئاینە بەردەوام بو لەپێشکەوتن، تا بوو بەئایینی فەرمی دەوڵەتی ئەشکانی کە دەوڵەتێکی کوردی بوو، ئەمەش

یەکێک بوو لەهەڵە کوشندەکانی شوێن کەوتوانی ئاینی زەردەشتی چونکە یەکێک لەپەیامەکانی زەردەشت بۆ شوێن کەوتوانی ئەوە بوو کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگا نادرێت بەتێکەڵاوکردنی دین بەدەوڵەت چونکە ئەبێتە هۆی گەندەڵ بونی ئاینەکە، بەلام ڕابەرانی ئەم ئایینە دوای زەردەشت ئەم هەڵە کوشندەیان کردو ئەمەش بوەهۆی نارەزایی خەڵکو شوێن کەوتوانی ئاینەکە، بۆیە زور بە زویی ساسانیەکان کەوتنە خۆیان دوای سود وەرگرتن لەو هەل و مەرجەی ئایینەکەی تیێ کەوتوەو پەلاماری دەوڵەتی ئەشکانیان داو تێکیان شکاندن و پیرو مامەو باوە و خەڵکە ئایینیەکەی شوێن کەوتوی ئایینی زەردەشت پەرتەوازە بون و ڕویان کردە ناوچە شاخاویەکانی هەورامان و دەشتی شارەزورو لەوێ بەردەوام بوون لە جێ بەجێ کردنی ئەرکە ئایینیەکانی خۆیان و خەڵکی ناوچەکەش پشتگیری تەواویان لێکردن ئەم ئایینەردەوام بوو تا پەلامارەکانی شۆڤێنیەتی عەرەب بۆ سەر باشوری کوردستان و قەتڵو عام کردنی خەڵکەکەیی و سوتاندنی پەرتوکەکانیان و ئەنفال کردن و بە کەنیزەک کردنی کچەکانیان بەشێوەیەک لەوناوچەدا بێجگە پیرو پەککەوتە کەسیتر نەمایەوە گەنجە کورەکان و خوێندەوارەکان سەرجەمیان کوژران، ئەمەش بو بەهۆی لاوازی ئەم ئایینەو دابەش بونیان. بۆ پاراستنی خۆیان هەستان بەگۆڕینی ناوی ئایینەکانیان بە یارسانی یەزدان پەرستان سارلی شەبەک ئەهلی هەق وە زۆر ناویتر یەکێک لەوانە ئاین و باوەڕی یارسانە کەتا ئێستە شوێنکەوتوی ئەو ئایینەن کەبەداخەوە ئەمیش بەهۆی کاریگەری ئەو ڕژێمانەی کەبن دەستیان بون لە هەر بەشێکی کوردستان بە نزوێک ناو ئەبرێن بۆ نمونە ( لە کوردستانی ڕۆژهەلات بەئەهلی هەق، لە کوردستانی باکور بە گداشی، لەکوردستانی باشور کاکەیی، لەکوردستانی ڕۆژئاوا دورزی).

بەلام هەم لەژێر جەتری یارساندا کۆبونەتەوە، واتە دۆستەکانی نیشتمان لەم ماوەی پێشودا یارسانیەکان ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/٢١ هەستان بەگرتنی ڕۆژو بەناوی سێ ڕۆژەی یاران، ئەم ڕۆژوە لەچیەوە سەرچاوەی گرتوە؟ وەک باسمان کرد لەکاتی پەلامارەکانی عەرەبە شۆڤێنیەکان بۆسەر باشوری کوردستان و وێران کردنی شارەکانیان بەتایبەتی شاری شارەزور کەشارێکی گەورەو فراوان بوە یەکێک لەگەڕەکەکانی ئەو شارە بەناوی گەڕەکی (کۆرتاس) مەڵبەندی فیکری و ڕۆشن بیری بوە کتێبخانەی گەورەی تێدابوە چەن کەسێک لەدوای وێرانکردنی ئەم شارە ڕزگاریان ئەبێت و ڕوئەکەنە ئەشکەوتی (مەری نەوێ) کەتائێستاش ماوەو نزیکی گوندی نەوێ و بەردەبەلە کە ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی باکوری شارۆچکەی سەید سادقەوە، لە کاتی گەشتنی ئەم فەرماندانە بۆ ئەو ئەشکەوتە بارانێکی زۆر ئەبارێت ئەمەش ئەبێتە ڕێگر لەدەرچونی ئەوفەرماندانە بۆیە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەوێ ئەمێننەوە، ئێوارەی ڕۆژی سێهەم پیرەژنیک بۆ دەسکەوتنی داری سوتاندن ڕوئەکاتە ئەوناوەو فەرماندەکان بانگی ئەکەن ئەویش ئەوەی ڕویداوە بۆیان باس ئەکات کاتێ ئەم پیرێژنە هەست ئەکات برسێتی وزەی لێ بڕیون پێیان ئەڵێت ئەڕۆم خواردنتان بۆ ئەهێنم، کە دێتەوە کەڵەشێرێکی کولاوو کولێرەی گەنمیان بۆ ئەهێنێت و پاش تێر بونیان ڕوئەکەنە ناوچەی هاوارو خۆیان ڕێک ئەخەنەوە، تائێستەش یارسانیەکان بۆ ئەم ڕوداوەو یادی ئەم فەرماندانە سێ ڕۆژ ڕۆژو ئەگرن وەنیەت هێنانی ڕۆژوەکەشیان گوزارشت لەو فەرماندانە ئەکات کە بەم شێوەیە ( وام بە ڕۆچە سێ ڕۆچەی یاران بە عەشقی یارانی کۆرتاس)وە هەمو ماڵێکی یارسانی لەسێهەم ڕۆژدا کەڵەشێرو نانی گەنم ئەخۆن بەیادی ئەوەی ئەو فەرماندانە برسێتیان لەسێهەم ڕۆژدا بەو خواردنە کۆتایی هات.

# ژنی کورد پشکدارە لە ڕەنگڕێژ کردنەوەی پرۆسەی ڕزگاریی ژناندا



ن. دلار درک
و.لە ئینگلیزیەوە حەیدەر غەفور

بەرگری و خۆڕاگری کۆبانی کە ئەو هەموو جۆش و خرۆشەی بەدوای خۆیدا هێناو ئامادەبونی سێ شەڕڤانی ئازادی یەپەژە کە لە کۆبانی لەشەڕدان دژی داعش لێرە لەگەڵ ئێمەدا بەشێکن لەو هۆکارانەی وایان کردوە خەڵکانێکی زۆر لێرە کۆببنەوە. هەروەها ئێمە قسە لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد و دەستکەوت و ئایدیا تازەکانی لەمەڕ چۆنیەتی بەخشینی مانا بە چەمکەکانی ئازادی و سەربەخۆیی دەکەین. ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین لەگەڵ خەڵکێکی زۆری خاوەن پێشینەی هەمەڕەنگ گفتوگۆ بکەین. هەموو ئەمانە نیشانەی کاریگەری مەزنی بەرخودانی کۆبانین کە زۆر لەسەروی هاوکێشە سەربازیەکانەوەیە. ئەمساڵ جەژنی جیهانیی ژنان لەسەر سنوری نێوان باکور و ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوە چوو، لەو شوێنەی شارەکانی قامیشلۆ و نوسەیبین پێکدەگەن ژنان یەکتریان بەخێرهێنا. هەروەها کۆمیتەی یادی جیهانیی ژنان بڕیاریاندا کە ئەو شوێنە بکەن بە خاڵی سەرەتا و دەستپێکی یادەکە. ئەوەش وەک نیشاندانی ڕێز و پێزانین بۆ ئەو ژنانەی لە کۆبانی بەرامبەر داعش بەرخودانیان کرد. ئەوەش یەکێکە لەو نمونانەی بایەخی بزوتنەوە جیاوازەکانی فەمەنیستی لەناو بزوتنەوەی ژنانی کورددا ڕون دەکاتەوە.

لەم کاتە گرنگ و هەستیارەدا ژنی کورد پشکدارە لە ڕەنگڕێژ کردنەوەی پرۆسەی ڕزگاریی ژناندا. بە ڕەدکردنەوەی بنەما گلۆباڵیەکانی سیستەمی پیاوسالاری کاپیتاڵیزمی دەوڵەت نەتەوە. بە شکاندن و وەلانانی ئەو حەرام و لەمپەرانەی خراونەتە بەردەم جەنگاوەر بونی ژن. لەکاتێکدا ڕوئیایەکی گشتگیری جیهانی باوەڕی وایە کە چەک هەڵگترنی ژن مانای بەزاندنی سنورە کۆمەڵایەتیەکانە. بەڵام بەگێڕانەوەی ڕەوایەتی خۆپاراستن. بەجیاکردنەوەی هەیمەنە و هێز لە دەوڵەت، هەروەها وەستانەوە و بەرخودانیان بەرامبەر هێزێکی دڕندەی وەک داعش، ژنانی کورد چەقبەستویی ئەم ئایدیا گلۆبالیە ئاوەژوو دەکەنەوە. هەڵبەت ئەم وەستانەوەو بەرخودانەش لەبری یان لەبەرخاتری هێزە ئیمپریالیستیەکاندا ناکەن. بەڵکو لەپێناو خولقاندن و چەسپاندنی مانا و تێرمە خودیەکانی ئازادیدا. ئەوان تەنیا لەبەرامبەر هێزێکی فاشیستی وەک داعشدا بۆ ئازادی ناجەنگن بەڵکو تەنانەت لە بەرامبەر کۆمەڵگاکەی خۆشیاندا بۆ بەدەست هێنانی ئازادی لە ململانێدان.

لەنێو ئەم هەموو چوارچێوە و باکگراوندەدا ئەمڕۆ بزوتنەوە فەمەنیستیەکان دەتوانن لە ئەزمونی ژنی کوردەوە چی فێربن؟ لەبنەڕەتدا زۆر پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کە پەیوەندی بزوتنەوەی ژنی کورد بە بزوتنەوە فەمەنیستیەکانی ناوچەکەوە هەمیشە پەیوەندیەکی ئاڵۆز بوە. بۆنمونە لەچوارچێوەی تورکیادا هەمیشە بزوتنەوەی فەمەنیستی تورکی خواستێکی بۆ پەراوێز خستنی ژنی کورد لەنیهانی خۆیدا هەڵگرتوە. لەبەرئەوەی لەنێو ئەم بزاوتە فەمەنیستیانەی تورکیادا ژنی کورد بۆ ئەوەی بتوانێت پشکدار بێت پێویستە

سەرەتا ببێت بە تورک. چونکە بزوتنەوەی فەمەنیستی دەوڵەتی لە تورکیا هەمیشە کۆمەکی بنەما ناسیونالیستیەکانی دەوڵەتی بەپێویست زانیوە. ئەو بنەما چەسپاوەی کە پێیوایە هەموو ژنێک لەو وڵاتەدا تورکە. بۆیە لە ئاوا هەل و مەرج و ژینگەیەکدا بزوتنەوەی ژنی کورد لەدایک دەبێت و سەرهەڵدەدات. وەک هەندێک لە قسەکەران ئاماژەیان پێدا ئەمڕۆ کە دەڕوانینە ئەو پێوانانەی دنیای ڕۆژئاوا بەرخودانی ژنی کوردیان پێهەڵدەسەنگێنێت لە کۆبانی، دەبینین باس لەهەندێک دەستکەوتی زۆر سادە دەکرێت بەجۆرێک کە ئەنگێزە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکانی ئەم ژنانە نادیدە و فەرامۆش دەکرێن. بەڵام ئەگەر باشتر ڕامێنین و هەوڵ بدەین قوڵتر لە هۆکار و ئەنگێزەکانی خەباتی ئەم ژنانە بکۆڵینەوە، بۆمان ڕون دەبێتەوە کە هاوکێشەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە دنیای ڕۆژئاوا خوێندنەوەی بۆدەکەن. لەحەقیقەتدا ئەو ئایدیۆلۆژیایەی بوە بە هەوێنی بەرخودانی ئەم ژنانە بەرامبەر داعش ئێستا لای زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەلیستی تیرۆردایە.

هەڵبەت هیچ فەمەنیزمێکی تاقانە بونی نیە. لەبری ئەوە چەندین هەگبە ڕشتەی فەمەنستیی لە مێژودا سەریان هەڵداوە و گەلێک جاریش زۆر جیاوازیان هەبوە. بەلام خاڵە جەوهەری و تایبەتیەکانی ئەزمونی ژنی کورد ڕاستەوخۆ هەڵگری ئاگایی و وشیاریەکی وردە بەرامبەر فۆرمە جیاوازەکانی چەوسانەوە. ئەمەش بەهۆی پێگە تایبەتیەکەیانەوە وەک ئەندامانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و باری کەنارگیریی سۆسیۆ-ئابوری ئەم ژنانە و هەروەها ژن بونیان لە کۆمەڵگایەکی فیوداڵیی پیاوسالاریدا. بزوتنەوەی ڕزگاریی ژنانی کورد بەرامبەر کۆڵۆنیالیزم و دەوڵەت خاوەنی وشیاری و دیدێکی ڕەخنەگرانەیە. ئەم حەقیقەتەش وای کردوە ئانارکیستەکان، کۆمەنیستەکان و بزوتنەوە فەمەنیستیەکانی پۆست-کۆڵۆنیالیزم زیاتر لە ناوەڕۆک و ئەزمونی ژنی کوردەوە نزیک بن، یان لانیکەم تێکەڵی و لێکچونی زۆر لەنێوانیاندا هەبێت.

## تێپەراندنی سنورەکانی فەمەنیزم مانای ڕەدکردنەوەی نیە

کاتێک باسی فێمینیزم و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد دەکەم، مەبەستم نیە بڵێم ئەم دوانە دوو شتی دابڕاوو جودان و بەرەنگاری یەکتر دەبنەوە. نەخێر ئەوەی من دەیڵێم پێویستە بەو جۆرە لێکنەدرێتەوە. من مەبەستمە لە پەیوەندی نێوان ئەم دوانە و لە ڕێبازە ڕاستەقینە و بنچینەییەکەی بزوتنەوەی ژنانی کورد بکۆڵمەوە. کە پێموایە دەتوانێت وانەیەک بێت بۆ هەندێک ڕێبازی دیکە و هەلێکیشە بۆ ئەوەی هەریەک لەوی ترەوە فێربن.

ئێمە لێرەدا فەمەنیزم وەک پێویستیەکی کۆمەڵگای مێژویی و میراتەکەشی وەک پاشخانێکی بەهادار دەبینین. مەرامی ڕاستەقینەی قسەکردن لەسەر بزوتنەوەی ژنی کورد ئەمڕۆ، بۆ ئەوەیە لە سنوری توانا و قەبارەی فەمەنیزم بکۆڵێتەوە و ئەو سنورانە تێپەڕێنێت. ئەمە هەرگیز ئارگومێنتێکی کلاسیکی پۆست فەمەنیزم نیە بەو مانایەی فەمەنیزم ڕەدکاتەوە و وەک پێویستیەک نایبینێت. لەڕاستیدا هەردولایان شیاوی ڕێز و ستایشن. تێپەراندنی سنورەکانی فەمەنیزم وەک وتمان مانای ڕەدکردنەوەی نیە، بەڵکو مانای بەسیستەم

کردنی ئەلتەرناتیڤ یان چارەسەریەکە لەبەرامبەر سیستەمی هەژمونگەرای هەنوکەدا. ئەوەش لەڕێی سیستەمێکی ڕەخنەیی ڕادیکاڵ و بەگشتی کردنی خەباتەوە. بەتایبەتی لەڕێی بەسیاسی کردنی کۆمەڵگا و بونیادنانی هزری شۆڕشگێڕانەوە. هەروەها گۆڕینی زهنی کۆمەڵگا و لەگۆڕنانی مێنتاڵەتی نێرسالاری و دانانی نیشانەی پرسیار لەسەر تەواوی ئەو نەزمە گلۆباڵیەی تێیدا توندو تیژی و چەوسانەوە جێدەگرێ. لێرەدا زۆر بەرونی دەتوانین کۆبانی و بەرخودانەکەی وەک نمونەی پیادەسازیەکی کردەیی ئەم بوارە هەڵسەنگێنین. لەبەرئەوەی ئەو بەرخودانەی لە کۆبانی نیشاندرا تێیدا ژنان بەخەندەوە بەرامبەر فاشیترین گروپی ئەم ڕۆژگارەی ئێمە دەجەنگن. بێگومان ئەمە پەیوەندیەکی قوڵی بە ئایدۆلۆژیای ئەو ژنانەوە هەیە و پێویستە ئێمە ئەو حەقیقەتە لەبیرنەکەین کە هۆکاری ڕاستەوخۆی سەرکەوتن و بەرخودانی کۆبانی پەیوەندی بە تێڕوانین و دنیابینی ئەو ژنانەوە هەیە لەهەمبەر مانا و ناوەرۆکی ئازادی.

**دنیابینی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەهەمبەر ئازادی ژنان بەڕونی خاوەنی سروشتێکی هاوبەشیی گشتگیره**

عەبدولا ئۆجالان بەڕونی دەڵێت سەرمایەداری و پیاوسالاری و دەوڵەت خاوەنی یەک ڕیشەی هەیمەنە و هێز و ستەمکارین. وە پەیوەندی نێوان ئەم سیانە بەوردی دیاری دەکات. لێرەدا وتەیەکی کورتی ئۆجالان بیر دەخەمەوە کە دەڵێت «ڕەگی هەموو هێز و ئایدۆلۆژیایەکی دەوڵەت لەنێو ئاکاری ڕەگەزپەرستیدایە». بەبێ کۆیلایەتی ئافرەت هیچ جۆر و فۆرمێکی دیکەی کۆیلایەتی بوونی نابێت. کاپیتاڵیزم و دەوڵەت نەتەوە نیشانەیەکی هەرە ڕونی دەستور و دامو دەزگای نێر سالارین. ئەگەر زیاتر بێپەردە و ڕاشکاوانە بدوێین سەرمایەداری و دەوڵەت نەتەوە دوانەیەکی پاوانخوازی و سودپەرستی پیاوانەن»

دنیابینی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەهەمبەر ئازادی ژنان بەڕونی خاوەنی سروشتێکی هاوبەشیی گشتگیرە. لەبری تێکدان و کەنارخستنی ڕۆڵی پیاوو تایبەتمەندیە جەندەریەکان، زیاتر کار لەسەر ئەو چەمک و چوارچێوانە دەکات کە پەیوەندیان بە باری ژنێتیەوە هەیە وەک دیاردەیەکی سایکۆلۆژی، لەهەوڵی دوبارە خویندنەوە و پێناسە کردنەوەی ئەو چەمکانەدایە لەڕێی دوبارە داڕشتنەوەی پەیمانە کۆمەڵایەتیەکانەوە. ئالێرەدا فەمەنیزمی تەقلیدی ڕوبەڕوی ڕەخنە و گازندە دەکاتەوە کە فەمەنیزمی تەقلیدی کێشەی سێکسیزم تەنیا لە جیاوازیە جەندەریەکاندا کورت دەکاتەوە. هەروەها شکستی هێناوە لە بەدەستهێنانی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستێکی باڵاتردا. بە قەتیسکردن و بچوک کردنەوەی خەباتی ژنان لە چوارچێوەی کار و فەرمانە تەقلیدیەکاندا. لەبەر ئەوەی یەکێک لە کێشە و تراژیدیا سەرەکیەکانی فەمەنیزمی تەقلیدی دەرگیری و قەتیس بونیانە لە نێو تەڵەی لیبراڵیزمدا.

ئەمڕۆ لەژێر دروشمی ئازادیخوازیدا بەرخۆری و تاکگەرایی پەرگیر وەک جۆرێک لە دەسەڵات و ئازادی ڕەها پێناسە دەکرێت. سیستەم کۆمەڵێک بەربەست لە بەردەم ئاکارە دەستە جەمعیەکاندا قوت دەکاتەوە بەمەبەستی دەست گەشتن بە ڕاستینەی کۆمەڵگا و گۆڕینی

بەشێوەیەکی نەرێنی. هەڵبەت ئازادیە فەردیەکان پێویستیەکی بنەڕەتی و گرنگن بۆ دیموکراتی، بەڵام سیستەم لەهەمبەر بەگشتی کردنی ئەم ئازادیە فەردیانە و چەسپاندیان لەزەمینە کۆمەڵایەتیەکاندا شکستی هێناوە. ئاشکرایە کە ڕەخنە لەخۆگرتن و بەخۆداچونەوەی فەمەنیزم پێویستیەکی حەتمی و هەنوکەییە بۆ ڕێباز و ڕێوشوێنە گشتیەکان.

بێگومان تێرمە جیاوازەکانی فەمەنیزم باسی هەموو ئەم فۆرمانەی چەوسانەوە دەکەن، وە بە پێویستی دەبیین ژنان ڕوبەروی ئەم فۆرمانەی چەوسانەوە ببنەوە. بەڵام گەلێکجار بزوتنەوەکانی فەمەنیزم شکست دێنن لە هەوڵەکانیاندا بۆ بینین و دەستکاری کردنی ژیانی ڕاستەقینەی ئەو ملیۆنان ژنەی کە لەژێر باری چەوسانەوەدا گرفتارن. ئەم شکستەش بۆشاییەکی دیکەی گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕادیکاڵیزمە بەرهەم دێنێت کە بۆ بەشێکی زۆری خەڵک بوە بە شتێکی مەحاڵ.

ئایە ڕادیکاڵیزم یان ئاوێتە بون و پێک گەیشتن چۆن دەتوانن ببن بە بەشێک لە خەبات، ئەگەر توانای بڵاو بونەوەیان نەبێت یان شکست بێنن لە بڵاو بونەوەدا؟ لە ڕوانگەی بزوتنەوەی ژنانی کوردەوە ئەم هەڵوێست و ئاکارانە زۆرجار گرێدراوی زانستی پۆزەتیڤیزمن وە کۆمەکی دەکەن. لە ڕوانگەی ئەم بزوتنەوەیەوە پەیوەندی نێوان مەعریفە و دەسەڵات ئەو یەکانگیریە بەرچاوانە دەشارێتەوە کە لەنێوان فۆرمە جیاوازەکانی هەژمونگەراییدا هەیە و ئەو باوەڕەش کاڵ دەکاتەوە کە پێی وایە بونیادنانی دنیایەکی تر کردەیەکی مەحاڵە. ئەوەش لەڕێی وێنا کردنی فەرمان و نەریتە گلۆباڵیەکانەوە وەک فەرمان و نەریتگەلی ئاسایی و سروشتی. ئێمە پێشتر گوێمان لەو ئارگونیتانە بوە کەچۆن سیستەم لەهەوڵی دروستکردنی وێنەیەکدایە لە خەیاڵدانی ئێمەدا تا باوەڕمان پێبکات ئەم دنیایەی ئێستا تێیدا دەژین هەر ئەوەیە کە هەیە. وە ئەوەی دەگوزەرێت ئاسایی و سروشتیە و بەشێکە لە سروشتی راستەقینەی مرۆڤ و بونیادنانی هیچ سیستەمێکی تر مومکین نیە.

دەرهەق بە بارێکی تایبەتی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی ئاوا کە پێشتر باسمان کرد، بزوتنەوەی ژنانی کورد توانیان بەشێوەیەکی کارا ببن بە بزوتنەوەیەکی جەماوەری. ئەوەش نەک تەنیا لەڕێی مشتومڕی تیۆریەوە بەڵکو لەڕێی گوزەران و ئەزمونی ڕاستەقینەوە ئەو دەرەنجامەیان دەستخستوە. ئەمەش بەتەنیا نەبوەتە هۆکاری دروستکردنی وشیاریەکی راستەوخۆی سیاسی، بەڵکو لەمیانەی گرێدانێکی دەستەجەمعیەوە توانیویانە چارەسەریش بدۆزنەوە. لەبەرئەوەی ئەم پێشهات و دۆزانە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ژیانی خەڵک هەبوە بۆیە بۆیان گرنگ بوە لەچوارچێوەی شێواز و ڕێبازێکی گشتی و بەکۆمەڵدا ئەو کێشانە چارەسەر بکەن.

**بزووتنەوەی ژنانی کورد توانیان بەشێوەیەکی کارا ببن بە بزوتنەوەیەکی جەماوەری**

ئەم هەنگاوانەی بزوتنەوەی ژنانی کورد هەڵقوڵاوی پێشنیاری ئۆجالانە بۆ بونیادنانی میتۆدێکی زانستی کە بتوانێت ڕوبەڕوی تێگەیشتنی هەژمونخوازیی زانستگەراکان بێتەوە. بەتایبەتی زانستی کۆمەڵناسی، ئەو زانستەی کە پۆلێنبەندی دیاردە مرۆییەکان ناکات و بەردەوام ڕێوشوێنە ژیاریەکان لەنێوان

هەزاران لق و بەشتی زانستیدا دابەشدەکات و لێکیان جیادەکاتەوە. بێگومان هەمومان گوێمان لەو ڕەخنانە بوە کە ڕوبەڕوی زانستگەرایی بونەتەوە. بەڵام ئەم بزوتنەوە و میتۆدە زانستیەکانی ئۆجەلان بەشێوەیەکی کردەیی سەرقاڵی دۆزینەوەی چارەسەرین بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان. (کۆمەڵناسیی ئازادی) کە بوە بە چەقی کۆبونەوەی دەنگ و ئەزمونی ئەوانەی ستەمیان لێکراوە و چەوسێنراونەتەوە.. لەنێو ئەم میتۆدەو لەم لێگەڕینەدا بزوتنەوەی ژنان چالاکانە بەشدارن لە گفتوگۆ تیۆریەکاندا، هەروەها لەئامادەکردن و پێشنیار کردنی چەمکەکانی ژنۆلۆژیدا.

**بزووتنەوەی ژنان گەلێکجار تۆمەتبار کراوە بەوەی گوایە بەشێوەیەکی ڕۆمانسیانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نیۆلیتیک**

ناوەڕۆکی چەمکەکانی ژنۆلۆژی خۆی لەخۆیدا تاوتوێ کردن و بیرکردنەوەیە لەڕۆڵ و ئامادەگی ژن لەنێوجەرگەی ڕوداوو پێشهاتەکاندا. بۆنمونە ئامادەیی ژن لە قەندیل، یان لەنێو دڵی شۆڕشی ڕۆژاڤا، یاخود لە ئامەد. ژنۆلۆژی کۆمەڵێک پرسیاری جەوهەری دەوروژێنێت. وەک چۆنیەتی خوێندنەوە و نوسینەوەی مێژوی ژن. چۆنیەتی ئامادەسازی تێگەیشتن و مەعریفە، ئەو میتۆدانە چین کە دەکرێ لەپرۆسەی لێگەڕین بەدوای حەقیقەتا مامەڵەیان لەتەکدا بکەین؟ لەڕۆژگارێکدا کە بەرهەمە زانستی و مەعریفیەکان ئێمەیان لە مەعریفە داماڵیوە و کار بۆ مانەوەو بەردەوامیی بارودۆخە هەنوکەییەکان دەکەن. هەموو ئەم پرسیارانە لەناوەڕۆکی چەمک و میتۆدەکانی ژنۆلۆژیەوە سەرهەڵدەدەن. هەروەها لەم نێوەندەدا گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی هەڵوەشانەوە و پوچەڵکردنەوەی پیاوساری و فۆرمەکانی دیکەی پاوانخوزی و بنپێ خستن و توندوتیژی دەکرێت. بەبارێکی تردا هەموو ئەم گفتوگۆ و تێڕوانینانە هاوشانن لەگەڵ پرۆسەی لێگەڕینێکی قوڵ بۆ بونیادنانی ئەلتەرناتیڤێک لەسەر بناغەی بەهاکانی سەربەخۆیی و دوزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ دۆز و کێشەی ئازادیەکان.

لەڕاستیدا بزوتنەوەی ژنان گەلێکجار تۆمەتبار کراوە بەوەی گوایە بەشێوەیەکی ڕۆمانسیانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نیۆلیتیک. کەئەمەش خۆی لە خۆیدا گرفت ئامێزە. بەڵام نەخێر هەوڵی ئەم ژنانە بۆ پێداچونەوە و شرۆڤەکردنی نیۆلیتیک پەیوەندی بەم خاڵەوە نیە. لەڕاستیدا لەبری دیاری کردنی کۆمەڵێک ڕۆڵی تازەی کۆمەڵایەتی سنوردار بۆ بزوتنەوەکە ژنۆلۆژی لەڕێگەی ڤەکۆڵین و توێژینەوەی مێژوو وە پرۆسەی مێژوو نوسینەوە هەوڵ دەدات لە میانەی یەکالا کردنەوەی میتۆلۆژیاو ئاینەکانەوە لە فۆرمە جیاوازەکانی ڕێکخستنی هاوبەش تێبگات لە سەردەمی نیۆلیتیکدا. هەروەها دەیەوێت لە پەیوەندی نێوان مانای بەرهەم هێنان و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان و چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵگای باوک سالاری بکۆڵێتەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی سیستەمی کەڵەکە کردن و خاوەندارێتیدا. لەهەمان کاتدا کاری بزوتنەوەکە دیاری کردن و ئاوەژوو کردنەوەی فۆرمە تایبەتیەکانی چەوسانەوە و توندو تیژین وەک کێشەکانی ئازادی ژن و گرفتەکانی کۆمەڵگای باوک سالاری. لەڕاستیدا سەرلەبەری بزوتنەوەکە بازنەیەکە بەدەوری ڕێکخراوی سەربەخۆی گروپە جیاوازەکانەوە.

ئێمە گەلێک نمونەی هەمەجۆرمان لەبەردەستدایە بۆ بەرچاو رونی تا تێبگەین بزوتنەوەی ژنانی کورد چۆن هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی کردەیی لەنێو ئەم ئەزمونانەدا بژین. لەبری ئەوەی وەک خەیاڵ یان پرۆژەیەک لێیگەڕێن بۆ دوای شۆڕش. لەنێو بزوتنەوەی ژنانی کورددا ئازادیی ژنان تەنیا نیەت و ئامانج نیە، بەڵکو ئەزمونێکی کردەیی و میتۆدێکە لەسەر ئاستی ڕۆژانە پەیڕەوو بەکردار دەکرێت. لەنێو ئەم بزوتنەوەیەدا ئازادی ژنان شتێک نیە لەسەروەختی دیموکراسیدا بەدەست بێت، بەڵکو خۆی لەخۆیدا دیموکراسیە لەکرداردا. دیارە ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە شۆڕشێکی مەعریفی هەیە لەزەین و بیرکردنەوەدا. لەبەر ئەوەی سیستەمی هەژمونگەرای ئەمڕۆ بەر لەهەرشتێک لەزەین و بیرکردنەوەدا خۆی دەسەپێنێت و ڕەنگ دەداتەوە.

لەبری ئەوەی چاوەڕێی دەستی دەوڵەت بن بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و مەفەکانیان، بزوتنەوەی ژنان یەکەم هەنگاو دەرکیان بە پێویستی هەبونی سیستەمێکی ڕەخنە لەخۆگرتن و خود خوێندنەوە کرد. سەرەتا بیریان لە دیاری کردن و دەستنیشان کردنی کێشەکانی ناو ئەم سیستەمە کردەوە کە ئێستا تێیدا دەژین. پاشان برەویان بەو ڕاستیەدا کە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژن بارێک نیە تەنیا بەسەر خودی ژنان خۆیانەوە، بەڵکو بەرپرسیاریەتیەکە بەسەر شانی تەواوی کۆمەڵگاوە. چونکە ئێمە لەڕێی ئازادیەکانی ژنەوە ئەخلاق و ئازادیەکانی کۆمەڵگایەک دەپێوین. ئومێد و چاوەڕوانی هەر گۆڕانێکی ماناداری کۆمەڵایەتی لەڕێی ئەو میکانیزمانەوە کە برەو و بەردەوامی بە کلتوری لاقەکردن و هەتک دەدەن بەتایبەتی دەوڵەت، لە بنەڕەتەدا ئومێد و چاوەڕوانیەکی بێ بەرهەمە و پەنابردنەوەیە بۆ لیبراڵیزم بەو هەموو لاف و گەزافەوە بەدەوری فەمەنیزم و دیموکراسیدا پەخشی دەکاتەوە. (ئێمە شکست بە داعش دێنین لەڕێی دەستەبەر کردنی ئازادیەکانی ژنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین) ئەمە ئەو دروشمە بوو کەمن بەردەوام لەرۆژاڤا دەمبینی و دەمبیست. ئەم دروشمە قوڵە ئەو ڕاستیە نیشان دەدات کە ئەوان لەوە تێگەشتون داعش تەنیا لەڕێی میکانیزمە سەربازیەکانەوە تێکناشکێنرێت. بەڵکو پێویستە سەرەتا ئەو زهنیەتە وێران بکرێت کە لە مەنتاڵەتی داعشیانەدا خۆی مەڵاس دەدات و دەبێتە زەمینەیەک بۆ بەرهەم هێنانی داعش. لەڕاستیدا ئەو زهنیەتەش تایبەت نیە تەنیا بەداعشەوە وەک ڕێکخراوێک، بەڵکو بەداخەوە بەشێکە لە بیر و زهنیەتی خۆمان و کۆمەڵگاکانمان. لەبەرئەوەی ستەمی لیبراڵیانەی دەوڵەت و توندوتیژی داعشیانە و کوشتن لەسەر شەرەف لەکۆمەڵگاکەی خۆماندا جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە.

**بزووتنەوەیەکی ژنان پیاوێک سەرکردە و ڕابەری بێت؟ یان بۆچی سەرکردەی بزوتنەوەی ژنانی کورد پیاوە؟**

بزوتنەوەی ژنانی کورد دەکرێتەوە ئەوەیە بۆ دەبێ بزوتنەوەیەکی ژنان پیاوێک سەرکردە و ڕابەری بێت؟ یان بۆچی سەرکردەی بزوتنەوەی ژنانی کورد پیاوە؟ لەڕاستیدا ئەمە یەکێکە لەو حوکمە ناڕەواو پێشوەختانەی کە پێویستە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت. لەبری ئەوەی خۆمان لەنێو بابەتی پیاوەتی ئۆجەلاندا قەتیس بکەین، با لەخۆمان بپرسین چەند مانادارە بۆ پیاوێک لە کۆمەڵگایەکی وادا خاوەنی ئاوا هەڵوێستێک بێت؟ پیاوێک لەڕوانگەو گۆشەنیگای ئازادیەکانی ژنەوە بیر لە تەواوی

سیستەم بکاتەوە بە دەوڵەت و سەرمایەداری و پیاوسالارییشەوە؟ ڕە نگە هەڵوێستەکانی ئەم پیاوە ئەو جۆرەبێت لە رادیکاڵیزم کە ئێمە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانمان پێویستمانن.

هەموو ئەوانەی گومان یان پرسیاریان هەیە لەوەی ئایە بزوتنەوەی ژنانی کورد بەڕاستی فەمەنیستن یان نا، پێویستە سەردانی ڕۆژاڤا بکەن و ببینن لەوێ چی دەگوزەرێت. ئێستا لە ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتیەکانی قامیشلو ژنێکی تەمەن حەفتاساڵ وانەی چیرۆک و سەربوردەی گەلان دەڵێتەوە. ئەمە بەڕونی هەوڵێکە بۆ ڕوبەڕو بونەوەی زانستی پۆزەتیفیزم. ئەو ژنانەی کە دەرفەت و توانای نوسین و خوێندنەوەیان نەبوە ئێستا بەشێوەیەکی کارا بەشدارن لە نێو کایەی ئابوری و پرۆگرامی تیڤیەکاندا، ئەوان شۆڕشەکە بەڕێوەدەبەن و هەر بەوشێوەیەش شکست بە داعش دێنن. لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بەو خاڵە بدەین کە خودی شۆڕشەکە میراتێکی بەهاداری فەلسەفەکانی ئۆجهالان و خەبات و بەرگری ژنانی کوردە لە ٣٠-٤٠ ساڵی ڕابردودا.

ژنانی کۆبانی بون بە ئیلهام و هاندرێک بۆ هەموو دنیا، لەبەر ئەوەی ئەوان خۆسەرانە لەڕوی کۆمەڵایەتی و سەربازی و کلتوریەوە خۆیان ڕێکخستوە. لەم چوارچێوەیەدا پێویستە لەخۆمان بپرسین کام جۆری فەمەنیزم لەلایەن سیستەمەوە ئازاد و ڕێگە پێدراوە و کام جۆریش لە فەمەنیزم قبوڵ ناکات و لێی نابورێت؟ لەڕۆژگاری ئێمەدا جۆرێک لە فەمەنیزمی ئیمپریالی هەیە بەبیانوی پاراستنی ژنەوە ڕەوایەتی دەدات بەجەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. لەلایەکی ترەوە ژنگەلێکمان هەیە کە لەڕوی هێز و دەسەڵاتەوە باڵا دەکەن و بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە ئومێدیان بەهەموو دنیا بەخشیوە،

ئەمە لەکاتێکدا ئایدۆلۆژیای ئەم ژنانە لەنێو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکاندایە! لێرەدا پێویستە لەخۆمان بپرسین چی پاڵ بەم ژنانەوە دەنێت بجەنگن؟ ئەم ژنانە بۆ وە لەپێناوی چیدا دەجەنگن؟ پێویستە ئێمە لە تێگەشتنماندا ڕون و ڕاستگۆ و کراوە بین. بەکورتی ئەم ژنانە

> من زۆر خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم
> کە سەربە نەوەیەکم
> چیتر پێویستی بە خودا پۆشین نیە
> بۆ پاراستنی خۆی.
> نەوەیەک چاوەڕێی هیچ مەرجێک ناکات
> بۆ داواکردنی مافەکانی

تەنیا لەپیناوی پاراستنی ماڵەکانی خۆیاندا شەڕ ناکەن.
ئێمە پیاوگەلێک لەبەرەیەکدا دەبینین بەناوی دەوڵەتی ئیسلامیەوە بەئاشکرا لەڕۆژهەڵاتی ناوین ژنان لاقە دەکەن و دەیانکەن بەکۆیلە، لەبەرەیەکی تردا ژنگەلێک هەن بەخەندەوە بەرگری لەبەهاکانی خۆیان دەکەن. ئەگەرچی ئەم دیمەنە لە فیلمێکی سینەمایی و لەمێژوویەک دەچێت کەڕابردوەو ئێمە ئێستا دەیخوێنینەوە. بەڵام لەڕاستیدا ئەمە ژیانی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆژگارەی ئێمەیە. ئەمە ئەو جیهانەیە هەنوکە تێیدا دەژین. لەبنەڕەتدا شەڕی نێوان ئەم دوو بەرەیە ڕوداوێکی ڕێکەوت نیە، بەڵکو ئەم شەڕە شەڕێکی ئایدۆلۆژیە و سیمای ڕاستەقینەی سیستەممان بۆ ئاشکرا

دەکات و پەردەی لەڕوو هەڵدەماڵێت. هەربۆیە من زۆر خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم کە سەربە نەوەیەکم چیتر پێویستی بە خۆداپۆشین نیە بۆ پاراستنی خۆی. نەوەیەک چاوەڕێی هیچ مەرجێک ناکات بۆ داواکردنی مافەکانی، بۆ داواکردنی سەربەخۆیی و ئازادیەکانی. نەوەیەک کە بڕیاری داوە چاوەڕێی دەستی کەس نەبێت و ئەوەی پێویستە خۆی بیکات.

لەکۆتاییدا من ناتوانم بیر لە هیچ ئەفسانە و ئاین و چیرۆکێک بکەمەوە بەهێزتر و مانادارتربێت لە چیرۆکی ئەو ژنانەی هەنوکە لەکۆبانی بۆ ئازادی هەمومان دەجەنگن. ئێمە هەمومان لەگەڵ خەبات و بەرخودانی ئەواندا دوبارە لەدایک بوینەوە. هەربۆیە لێرەوە پێمخۆشە درود بۆ ئەو ژنانە بنێرم و سوپاسی ئێوەش بکەم بۆ ئامادەبونتان.

بابەتەکە لە لایەن دلار درک پێشکەش کرا لە کۆنفرانسی دووەمی تێزەکانی ئەلتەرناتیڤ لە زانکۆی هامبورگی ئەلمانیا لە رۆژانی ٣-٥ نیسانی ٢٠١٥

دلار درک خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی کامبرجی

## کۆمەڵگای تەقلیدی، سیستەمی خێڵ و خێزان، و پێویستی بوون بە شۆڕشێکی نوێ



ن. د. سالار باسیرە

هەرێمی کوردستان بە نمونە

ناوەڕۆک

- خەسڵەتی کۆمەڵگاو دەسەلاتی تەقلیدی
- کۆمەڵگای دواکەوتو دیکتاتۆر بەرهەم دێنێت
- کاریگەریی کەلتوری سیاسی لەسەر حیزب و سیستەمی سیاسی
- شێوازی دەسەلاتە سیاسیەکەی هەرێمی کوردستان
- دەسەڵات خواستی لە بوونی پلورالیزمی سیاسی نیە
- سیستەمی خێڵ و خێزان سیستەمە دەوڵەتیەکە کرمێ دەکات
- دەرئەنجامی ئەم شێوە دەسەلاتە
- «هەرچەندە نوسراوە، بەلام من پێتان دەڵێم..»
- دەسەڵات لەلایەن گەلەوە ئەدرێ
- حیزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ بەمۆدێرن کردن یان پاش خستنی سیستەمی سیاسی
- ئەم دەسەلاتە توانای ڕیفۆرم کردنی نیە
- کە ناعەدالەتی دەبێتە یاسا، یاخیبوون و شۆڕش دەبێتە ئەرک
- بیرۆکەی شۆڕش و ڕاپەرینێکی جەماوەریی ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان

- **خەسڵەتی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی تەقلیدی**

خەسڵەتی کۆمەڵگەی تەقلیدی (کۆمەڵگەی عەشیرەت و خێل و بنەماڵە)، کۆمەڵگەی کۆنەپارێز، کە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و دەرەبەگیش دەگرێتەوە، کوردستانیش سەرەڕای هەندێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەڵام بێبەش نیە لەم پێناسەیە.

## کۆمەڵگایە وەک پێکهاتەیەکی دواکەوتوو بریتیە لە کردەوە تەقلیدیە کۆمەڵایەتیەکان

ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە وەک پێکهاتەیەکی دواکەوتوو بریتیە لە کردەوە تەقلیدیە کۆمەڵایەتیەکان. ئەو کردەوانەی کە لەسەر بنەمای ئەقڵ و مەنتق دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو کردەوانەی کە سەردەمانێک کاری پێکراوەو جێگیربوەو بە میرات ماوەتەوە وەک شتێکی تەقلیدی. یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی تەقلیدی بریتیە لە پێکهاتەیەکی داخراوی کۆمەڵایەتی کە بەزەحمەت خۆی دەداتە دەست گۆڕانکاری. جگە لەوە زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیانە سەربەخۆییان نیەو بەستراونەتەوە بە نەریتی گشتی کۆمەڵگەکە. لێرەدا هوشیاریی ئاینی زاڵە بەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەکە. دەسەڵاتی سیاسیش خەسڵەتێکی حوکمی فەردیە تێیدا. ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە هەروەک ئاماژەم پێدا بەپێی سروشتی خۆی، خۆی کەمتر دەداتە دەست بە مۆدێرن کردن. زیاتر لە شوێنی خۆی دەچەقێ و گۆڕانیشی کاتی درێژی دەوێ کە ئەمیش بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە. لەم سیستەمە تەقلیدیەدا، بە دەسەڵاتە سیاسیەکەیەوە ئابوری خزمایەتی و بارودۆخی پابەندبوون و پەیوەندی کەسیی دروست دەبێت و ڕۆڵ دەبینێت. بەم شێوەیە گەشەکردنی ئابوری گێڕ دەبێت، تەنانەت کاپیتالیزمی مۆدێرن لەم شێوە دەسەڵات و سیستەمەدا ناتوانێت گەشە بکات. بە پێچەوانەی دەسەڵاتی یاسایی کە کارمەندان بە پیشە کارەکانیان دەبەن بەرێگاوە، لەوەی دەسەڵاتی تەقلیدیدا داروودەستە (دەست و پێوەند) بەم ئەرکە هەڵدەستن. بەم پێیە دەبێت بەڕێوەبەرایەتی تەقلیدی بەم شێوە تەقلیدیە بەڕێوە بچێت گەرنا دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە تەقلیدیەکە دەکەوێتە بەر مەترسی. هەربۆیەش لێرەدا یاسا تەقلیدیەکان حوکم دەکەن.

لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا هوشیاری کۆمەڵ وەک پێویست لە ئارادا نیەو دەسەڵاتدار سوود لەم دیاردەیە وەردەگرێ و دەشیەوێ کەش و هەوا کۆمەڵایەتیە دواکەوتوەکە هەر بەم شێوە کۆنە دواکەوتوە بمێنێتەوە لە شێوەی داب و نەریتە تەقلیدیەکان. هەموو پێشکەوتن و هوشیاریەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە لاوازکردن و گۆڕینی ئەو بارودۆخە دواکەوتوەو نەریتە تەقلیدیەی کە دواتر دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەسەڵاتی دەسەڵاتدار و سیستەمە سیاسیە تەقلیدیەکەدا. هەربۆیە بەگشت شێوەیەک ئەم جۆرە دەسەڵاتە هەوڵی لەناوچوونی پێشکەوتن ئەدات و دەیەوێ کۆمەڵگە کۆنەکە کۆمەڵگەیەکی داخراو بێت و بەهۆی ناهوشیاری کۆمەڵەوە بۆی بچێتە سەرو دەسەڵاتدار جێگای یاساش بگرێتەوەو دەیەوێ لەم زیاتر، لە سەرۆکێکی کاریزمای نەگەتیف زیاتر، کۆمەڵ هیچی تر نەبینێت و بەم شێوەیە بێبەشی دەکات لە دونیای پێشکەوتن و کرانەوە. کاریزما بەو واتایەی کە گروپێک بڕوایان وایە کەسێک هەیە کە خاوەنی چەند خەسڵەتێکی نائاسایی و لەڕادەبەدەر و ڕزگاریی کۆمەڵگەیە. کاریزما نەگەتیفەکان بۆ لەدەست نەدانی کاریزما دروستکراوەکەی دەبێت کاری پاڵەوانانە نیشان بدەن، بۆنمونە بارزانی باس لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات و بیکاتە دەستکەوتێکی

پاڵەوانانـە بۆخـۆی.

• کۆمەڵگەی دواکەوتو دیکتاتۆر بەرهەم دێنێت

لــەو کۆمەڵگەیاژنــەی کــە هوشــیاری سیاســی و کۆمەڵایەتــی هاوڵاتیــان کــزو لاوازەو هەروەهــا ڕەوشــی ئابــوری و کۆمەڵایەتــی تیایانــدا لاوازە، ئــەوا سیســتەمی سیاســی پەیڕەوکــراو لــە وڵاتــدا سیســتەمێک دەبێــت کــە لەســەر زەبروزەنــگ و خۆســەپاندن و دیکتاتۆریــەت بونیــاد دەنرێــت. لێــرەدا پێشــێلکردنی مافــی تاکەکانــی کۆمــەڵ و سەربەســتیەکانیان و بوارنــەدان بە گروپی سیاســی و کۆمەڵایەتــی ســەربەخۆی جۆراوجــۆر لــە دەوڵەتــدا دیاردەیەکــی ئاســایی دەبێــت. واتــا لــە دەوڵەتــدا سیســتەمی دیکتاتــۆری پەیــڕەو دەکرێــت، جــا ئــەو سیســتەمە دیکتاتۆریــە سیســتەمی دیکتاتــۆری تاکــە کەســی بێــت، یــان خێــزان و خێــل و گــرووپ بێــت... بــەڵام پەیڕەوکردنــی هــەر شــێوەیەک لــە سیســتەمی دەســەڵات لــە وڵاتــدا شــتێک نیــە هەتــا ســەر بــەزۆر بســەپێندرێ، هەتــا ســەر بڕبــکات و نەگــۆڕ نەبێــت.

هەروەهــا سیســتەمی سیاســی دەوڵەتێــک کۆپــی ناکرێــت بــۆ دەوڵــەت و کۆمەڵگەیەکــی تــر، بەڵکــو سیســتەمی پەیڕەوکــراو لــە وڵاتــدا دەبێــت نزیــک بێــت لــە داب و نەریــت و کەلتــور و بــاری کۆمەڵایەتــی و ڕادەی هوشــیاری خەلکــی ئــەو وڵات و دەوڵەتــە. بــەڵام ئەگــەر دەســەڵاتە، سیســتەمە سیاســیە پەیڕەوکراوەکــە لەگــەڵ بــاری ســایکۆلۆجی و فکریــی و کۆمەڵایەتــی و کەلتــوری و داخوازیــی چیــن و توێژەکانــی خەلکــی وڵاتــدا گونجــاو نەبــوو بــۆ نــان و ئازادیــش وە نادادپــەروەر بــوو، ئــەوا ئــەو سیســتەمە سیاســیە ئەگــەر بــۆ ماوەیەکــی زەمەنییــش پەیــڕەو بکرێــت بــەڵام وەکــو ئەنجــام هــەر هــەرەس دێنێــت و ئامانجــی ڕێکخســتنی دەوڵــەت ناپێکــێ کــە لــە ڕاســتیدا پێویســتە بــۆ خــۆش گوزەرانــی و ســەقامگیرکردنی ڕەوشــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابــوری هاتبێتــە کایــەوە، وەک ئــەوەی هەنووکــە لــە هەرێمــی کوردســتان بــەدی دەکرێــت. کۆمەڵگــەو دەســەڵاتی تەقلیــدی و کلاســیک هــەر هێشــتا بەربلاوترین شــێوەکانی کۆمەڵگــەو دەســەڵات و سیســتەمە سیاســیەکانە چونکــە دەســەڵاتی دەوڵەتــی یاســایی و ئەقڵانــی و سێکولار لــە گەشــە مێژوییەکەیدا درەنــگ هاتۆتە دروســتبوون.

**ئەم دەسەڵاتدارە کۆنە پارێزە تەقلیدیانە هەرگیز ئامادە نین دەستبەرداری دەسەڵات بن**

ئــەم دەســەڵاتی خێــڵ و خێــزان و پێکهاتــە عەشــایەریە تەقلیدیــە ئەوەنــدەی پەیوەنــدی خوێــن و داب و نەریتــە کۆنەکــە بــە یەکتریانــەوە دەبەســتێتەوە ئەوەنــدە هەســتی نەتەوەیــی تێیاندا نیــە یــان زۆر کــزو لاوازە. ئەگــەر ببنــە دەوڵەتیــش، ئــەوا دەوڵەتێکــی ســوڵتانیی و فاشــیل دەبێــت و لــە خزمەتــی تاقمێکــی بچووکــدا دەبێــت، وەک ئــەوەی خێزانــی ال ســعود لــە ســعودیە...

• کاریگەریی کەلتوری سیاسی لەسەر حیزب و سیستەمی سیاسی

یەکێــک لــە گرفتەکانــی سیاســەت و کۆمــەڵ بریتیــە لــە دواکەوتویــی کەلتــوری سیاســی بــۆ بەهــا دیموکراتیــەکان. تەنانــەت لــە هەمــوو ناوچەکانــی ڕۆژهەلاتــی ناوەڕاســتدا دیموکراســیەت تەنیــا ڕوکــەش بــووە. ئــەم دەســەڵاتدارە کۆنــە پارێــزە تەقلیدیانــە هەرگیــز ئامــادە نیــن دەســتبەرداری دەســەڵات بــن. لەبــەر ڕۆشــنایی دواکەوتویــی کۆمــەڵ بەگشــتی و کەلتــورە سیاســیەکە هەربۆیــە ئۆپۆزیســیۆنەکان لای خۆشــمان وەک پێویســت ئۆپۆزیســیۆنێکی هاوچــەرخ نیــن و هەمــوو بــە دەسەڵاتیشــەوە بەرهەمــی واقعــی کۆمەڵگەکــەی

خۆیانن، هەربۆیە پەڕینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنتر شتێکی هەروا ئاسان نیەو پرۆسەیەکی ئالۆزو درێژخایەنە، بەڵام هیچ کۆمەڵگەو سیستەمێکیش نەگۆڕ نیە.

- **شێوازی دەسەڵاتە سیاسیەکەی هەرێمی کوردستان**

ئەم شێوازی دەسەڵاتە سیاسیەی هەرێمی کوردستان کە خاوەنی ئیدارەو دەزگای سەربازی (میلیشیا) و دارایی و هەواڵگریی و ئامرازی فەرمانڕەوایی خۆیەتی و لەژێر دەسەڵاتی تاک و خێزاندایە، پیادەی بە مەرکەزیەت کردنی دەسەڵات دەکات، مەرکەزیەتیش لەگەڵ دیموکراسیەتدا یەکناگرێتەوە. هیچ کام لەوانە شەرعیەتی دەسەڵاتیان لە دیموکراسیەتەوە وەرنەگرتوە. هەڵبژاردنیش تەنیا یەکێکە لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی بەڵام ئەوەش لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام بە پرۆسەی ساختەکاریدا ڕۆیشتوە.

**سیاسەتێک کە نیشانەی سروشتی سیستەمێکی تەقلیدیەو سروشتی دەسەڵاتەکەش دیکتاتۆریەتە**

ئەم جیهازی دەسەڵاتە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەسانی پابەندو دارودەستە بە وەلاو وەفا بۆ سەرۆک دروستبووە. بایەخ بە دروستکردنی کاریزما ئەدرێت کە بریتیە لە سەرۆکی خێزان و بنەماڵە خۆی. سیاسەتێک کە نیشانەی سروشتی سیستەمێکی تەقلیدیەو سروشتی دەسەڵاتەکەش دیکتاتۆریەتە. دادوەری و مافە سیاسیەکانی تر لەلایەن دەسەڵاتدارەوە وەک شتێکی، مەڵکێکی شەخسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و توانای بەسەر ئامرازەکانی دەسەڵاتدا هەیە هەروەک بەسەر شمەکێکی خۆیدا هەبێت. بەم شێوەیە دەکرێ بکڕدرێ و موزایەدەی پێوە بکرێ، لە وەرەسەدا بەش بکرێ (خێزانی بارزانی و تاڵەبانی نمونەیەکی بەرچاوی باسەکەیە). لەم بارودۆخەدا ئیرادەی سیاسی لە کۆمەڵگە سەندراوەتەوەو دوور خراوەتەوە لە هوشیاری سیاسیش. گەل بێ مافە و وەک خزمەتکار، وەک ئۆبجەکتی ڕوتاندنەوە سەیر دەکرێ نەک وەک هاوڵاتی لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە. لێرەدا کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵ تێکدەشکێندرێت. جوداکردنەوە لە نێوان شتە شەخسیەکان و گشتیەکاندا نیە. سەرجەم پەیوەندیەکانی دەسەڵات پەیوەندی کەسییە نەک موئەسەساتی. جوداکردنەوەی دەزگاکان لانی کەم بە ڕوکەش ددان پێدا نراوە، هەربۆیە دەکرێ لە ڕای گشتیدا ئاماژەی پێبدرێ. بەڵام لە پراکتیکدا بوارە شەخسیەکان و گشتیەکان لەیەکتر جودا ناکرێنەوە. داگیرکردنی مەڵکی گشتی و بە هەدەردانی سامانی نەتەوە بە شێوازی جۆراوجۆر و بە ڕێگای دەسەڵاتداری کەسەوە ڕەفتاری پێوە دەکرێ هەروەک ئەم وڵاتە هەمیشە موڵکی خێزان و بنەماڵە (خێزانەکان، بنەماڵەکان، بچووک و گەورەکان) بوبێت. بارودۆخێک خولقێندراوە کە تەنیا بە ڕێگای حیزب و وەلاو وەفا بۆ سەرۆک دەگەیت بە بەرژەوەندیەکانی خۆت. دیاردەیەک دەبێتە هۆی سەقەت کردنی کۆمەڵگە. حیزبیش لێرەدا حیزبی قائیدە، حیزب لێرەدا بۆتە ئامانج نەک ئامراز. ئەم سیستەمە سیاسیە کۆنەپارێز و خێل و خێزان و بنەماڵەییانە لە هاوکێشەی کۆتاییدا بەهۆی بلۆک کردنی خۆیەوە ڕێگریش دەبێت لە گەشەکردن بە ئاڕاستەی هەرێمێکی، دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن. پشت بەدارودەستەکانی، بە ئیدارە بیرۆکراسیەکانی سەر بە کەسی دەسەڵات و بە هێزی چەکدار و ئاسایش و میلیشیا و پارەی ناشەرعی و دەزگا هەواڵگریەکانی دەبەستێت، بەڵام گەل بۆ ئەم دەسەڵاتە تەنیا ئامراز و ئۆبجەکتە، بێ ماف کراوەو کەچی دەسەڵات دەشیەوێ جەماوەر

دەنگی پێبدات و بە ناوی گەلیشەوە بدوێ. لێرەدا جگە لە خوێندنەوەمان بۆ دەسەڵاتی سیاسی و حیزبی سیاسی و ... پێویستە لە ڕووی کۆمەڵناسی سیاسیشەوە لە پێکهاتەو بارودۆخ و دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەش بکۆڵینەوە.

- **دەسەڵات خواستی لە بوونی پلورالیزمی سیاسی نیە**

دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان خواستی لە بوونی پلورالیزمی سیاسی نیە، بەڵکو لە پەرلەمانێکی ڕوکەشی بێ ئۆپۆزیسیۆن هەیە، یان ئۆپۆزیسیۆنێکی بێکاریگەر. حیزبی زۆری دەستکردووی سێبەر، هەندێکی تری بەشدارپێکراو لە دەسەڵاتدا بەڵام بێکاریگەر، «ڕۆشنبیر و ئەکادیمی» کڕدراو، میدیای زۆری سێبەر، ...تاد. هیچی گوزارشت لە کۆمەڵگەیەکی سیاسی پلورالیستی (فرەیی سیاسی) ناکات. هەرەمی دەسەڵات بێبوونی داروستەو کاسەلێسەکانی بە تەنها ئەو هەموو گەندەلیانەی پێناکرێت، هەربۆیە داروەدستەکانیش لەسەر ئاستە جیاوازەکان بە هەمان شێوەی دەسەڵاتەکە خۆی بەرپرس و تاوانبارن لەو بارودۆخە خراپە. هەموو ئەم باسە ئامازە پێکراوە گوزارشت لە واقعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان دەکات. ئاسایی دەبێت گەل سەرچاوەی ڕەوایەتی سیاسی بێت. گەل خزمەتی حکومەت ناکات، بەڵکو حکومەت خزمەتی گەل دەکات. حکومەت تەنها ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە گەل پێی بەخشیوە.

- **سیستەمی خێڵ و خێزان سیستەمە دەوڵەتیەکە کرمێ دەکات**

لێرەدا، لەم شێوە دەسەڵاتە تەقلیدیانەدا، ئەوە بۆ هەرێمی کوردستانیشە، دوو سیستەم هەیە، (سیستەمی بنەماڵەو خێل و خیزان، هەروەها سیستەمە دەوڵەتیەکە)، بەڵام دەسەڵاتدارە تەقلیدیە ئۆتۆکراسیەکەو دەزگا بیرۆکراسیەکانی لە ڕاستیدا لە تەنیشت یەکترەوە نین، بەڵکو دەسەڵاتە تەقلیدیە خێل و خێزان و بنەماڵەییەکە خۆی خزاندۆتە ناو سیستەمە شەرعیەکەو فۆرمی دەگۆڕێت و بێکاریگەریی دەکات. بارودۆخی (٣) دەسەڵاتەکە ( پەرلەمان و حکومەت و دادوەریی) و تەواوی دامودەزگاکانی وڵات لە هەرێمی کوردستان بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە. لە ڕووی زانستی سیاسیەوە ئەم شێوە سیستەمە وەک بەشێکی دیاری ئەوانەی تری وڵاتانی «جیهانی سێ» لە ڕاستیدا (لە هەندێکیاندا) بریتیە لە گرێدانێکی تەقلیدی و ئەلەمەنتی مۆدێرن. هەربۆیە بۆ پڕۆسەی بەمۆدێرن کردن ئەوە دەرکەوتەیەکی قۆناغی گواستنەوەیە (الانتقالیە).

> **«سیستەمە»ی ئێستەی هەرێمی کوردستان بە تەواوی حیزبەکانی ناو دەسەڵات و هاوشێوەکانی لە دەرەوەی دەسەڵاتیش توانای گواستنەوەی ئەم قۆناغەی نیە**

بەڵام سروشتی ئەم «سیستەمە»ی ئێستەی هەرێمی کوردستان بە تەواوی حیزبەکانی ناو دەسەڵات و هاوشێوەکانی لە دەرەوەی دەسەڵاتیش توانای گواستنەوەی ئەم قۆناغەی نیە. هەربۆیە ئەم ڕژێمە و هاوشێوەکانی دەبێت جۆرێکی تر شەرعیەت بدەن بەخۆیان و تەواو لێرەدایە یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی. بەڵام ئەم سیستەمی دەسەڵاتە سەقامگیریەکەی بەتەنیا لە پیادەکردنی هێز، لە میکانیزمی کۆنترۆل و چاودێری و تۆقاندن و کڕینی ئەم و ئەو سەرچاوە ناگرێت بەڵکو پەنا بۆ میتۆدی تری جۆراوجۆر دەبات. پێکهاتە بیرۆکراسیەکان مۆنۆپۆلی سەرجەم پەیوەندیەکانی نێوان ئەلیتەی سیاسی و کۆمەڵ دەکەن.

- **دەرئەنجامی ئەم شێوە دەسەڵاتە**

شارەزایانی زانستی سیاسی دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دەرئەنجامی ئەم شێوە دەسەڵاتە لە کۆتایدا دەبێتە هۆی وێرانکردنی پێکهاتەکەی خۆی کە کار بۆ چڕکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی تاقمێکی بچوکدا دەکات کە لە هەولی ئەوەشدایە ڕێگربێت لە دروستبوونی

ڕێکخراوی سەربەخۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە. کار بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەرجەم بزوتنەوەو چالاکیە کۆمەڵایەتی و مەدەنیەکان دەکات و بەردەوام میتۆد و ستراتیجی نوێ گەشە پێئەدات بۆ بەرتەسک کردنەوەو ژێردەست کردنی داواکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و درۆ کردنیش دەبێتە بەشێک لە ستراتیجی دەسەڵات. جگە لەوە دەسەڵاتەکە لەلایەن ئەلیتەیەکی سیاسی و بیرۆکراتی سەر بە دەسەڵات دەورە دراوە. هەرچەندە مەبدەئیەن بەناوی سەرجەم موئەسەساتەکانی وڵاتەوە دەدوێ بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا لە هەوڵی ئەوەدایە دەسەڵات و کاریگەریی خۆی گەورەو سەلامەت بکات ئیتر بەهەر میتۆدێکی ناشەرعیش بێت. بەڵام هەموو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر ئەگەر بیەوێ دەسەڵاتەکەی سەلامەت بێت ئەوا هەمیشە پێویستی بە پشتگیری و ڕەزامەندی بەشێکی کۆمەڵگەکەی هەیە.

**سەرۆکی ئەم دەسەڵاتە تەقلیدیە خێڵ و خێزانە کار بۆ دروستکردنی کاریزما دەکات بەڵام ئەم شێوازی کاریزمایە ڕەوتێکی نائەقڵانیە**

لە ژێرەوە شەڕی کێبڕکێی ئەلیتەکان هەیە کە تەنانەت لەلایەن دەسەڵات خۆیەوە دروست دەکرێ و جێگۆڕکێ بە پۆستەکانیشەوە دەکات لە ترسی تەکەتوڵات دروستکردن و سوود وەرگرتن لەم میتۆدە بۆ ئەوەی خزمەتی سەقامگیری سیستەم و دەسەڵاتەکەی پێ بکات. کار بۆ لەیەکتر ترازاندن و دابەش کردنی ئۆپۆزیسیۆن (نەیارەکانی) دەکات. بەم میتۆدە دەسەڵاتدار کار بۆ سەقامگیر کردنی دەسەڵاتەکەی دەکات و تەنانەت ڕۆڵی حەکەمی سیاسیش دەبینێت.

- «هەرچەندە نوسراوە، بەڵام من پێتان دەڵێم..»

بەڕێوەبەرانی ئیداری لەم شێوە دەسەڵاتەدا بەتەنیا لەلایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێردرێن. هەروەها سەرجەم نمونە تەقلیدیەکان لە ڕاستیدا بەو شێوەیە چارە دەکرێن کە دەڵێت: «هەرچەندە نوسراوە، بەڵام من پێتان دەڵێم...». سەرۆکی ئەم دەسەڵاتە تەقلیدیە خێڵ و خێزانە کار بۆ دروستکردنی کاریزما دەکات بەڵام ئەم شێوازی کاریزمایە ڕەوتێکی نائەقڵانیەو کاریزمایەکی نەگەتیفە، کە دەیەوێ بەرگی حیزب و ئایدیۆلۆژیاش بکرێتە بەری ئەم و کۆمەڵ تەنیا ئەم ببینێت و دەیەوێ تەواوی دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا کۆبێتەوە. لەناو دەزگا دەوڵەتیەکەدا دەسەڵات لە شەخسی سەرکردە سیاسەکەدا چڕدەبێتەوە. لێرەدا کاریزمای پۆزەتیفیش هەیە لە مێژودا وەک گاندی و ئێرنست ماندێلا، کەواتە ئەم کەسە دەکرێت چاکەخواز بێت، یان وێرانکەر بێت.

هەر فەرمانێک لەلایەن ئەو سەرۆکەوە دەربچێ بە یاسایەک دادەنێ و دەبێت کۆمەڵ جێبەجێی بکات و لەو فەرمان و یاسایانە لانەدەن. خاڵی جەوهەریی لەم بەرپرسیارێتیە ئەوەیە کە هەر بەرپرسێک نەک هەر لەلایەن سەرۆکەوە دەستنیشان دەکرێ بەڵکو ئەوەندەش لە پۆستەکەیدا بێت دەبێت لە بەرگی سەرۆکدا ڕۆڵ و کاریگەریی و چالاکی ببینێت. هەموو ئەمانە لانی کەم لە هەردوو خێزانی بارزانی و تاڵەبانی و کەس و بنەماڵە بچوکە دەستڕۆیشتوەکانیشدا لە هەرێمی کوردستان بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

- **دەسەڵات لەلایەن گەلەوە ئەدرێ**

لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیدا دەسەڵات لەلایەن گەلەوە ئەدرێ، بەو دەنگانەی گەل ئەیدات بە حیزب و نوێنەرەکانی لە پەرلەمان، دواتر بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئەو حیزبانەش کە ناگەنە دەسەڵات دەبنە ئۆپۆزیسیۆن و نوێنەرایەتی بەشەکەی تری جەماوەر دەکەن، بەواتا جەماوەرەکەی خۆیان ئیتر لە ناو پەرلەماندا

بێت یان لە دەرەوەی بێت. بەواتا گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە. کەس لەسەرو یاساوە نیەو هەموو تاکێکیش دەبێت دەستی بگات بە دەسەڵات. دەسەڵاتدارانی حکومەت بەیاسا سزا ئەدرێن و حکومەت خۆیشی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی یاساوەو دەسەڵاتەکان بەپێی یاساو دەستور دەستنیشان و سنوردار دەکرێ و دەبێت یاسای ئەحزابیش هەبێت. هەربۆیە یاساو پرۆسەکانی دارشتنی یاسا دەبێت ڕوون بن و کاریشی پێ بکرێت. گەل ئاسایی دەبێت سەرچاوەی ڕەوایەتی سیاسی بێت. گەل خزمەتی حکومەت ناکات، بەڵکو حکومەت خزمەتی گەل دەکات. حکومەت تەنها ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە گەل پێی بەخشیوە بۆنمونە لە رێگای هەڵبژاردنەوە.

- **حیزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ بەمۆدێرن کردن یان پاش خستنی سیستەمی سیاسی**

**حیزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ بەمۆدێرن کردن یان پاش خستنی سیستەمی سیاسی.**

لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی تاڕادەیەک بریتیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەربۆیە هەر جۆرە ناسەرکەوتنێک لە سیستەمی سیاسیدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی سیستەمی کۆمەڵایەتیش (لە هەرێمی کوردستان نە شتێک هەیە ناوی سیستەمی کۆمەڵایەتی بێت وە نە سیستەمێکی سیاسی تەندروستیش بوونی هەیە). پێش بە مۆدێرن کردنی سیستەمی سیاسی پێویستە حیزب بە مۆدێرن بکرێت، هەربۆیە لەم بوارەدا گرنگی بە ڕۆلی حیزب و رێکخراوی سیاسی پێویستە، بەتایبەت گرنگیدان بە ئایدیۆلۆژیای حیزب. ئەگەر حیزب وەک پێویست گۆڕانکاری لە فکر و بەرنامەکانیدا ئەنجام نەدات و لەگەڵ گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکاندا نەگونجێت و ڕیفۆرم لە خۆیدا نەکات، ئەوا ئەو حیزبە سیاسیە لەگەڵ زەمەندا دەپوکێتەوەو لەگەڵ گەشەکردنی مێژوودا لاواز دەبێت و بگرە بەرەو

تیاچوون دەڕوات و متمانەو باوەڕی کۆمەلانی خەڵک لەدەست دەدات. هەموو بارودۆخێکی نوێ پێویستی

**بە مۆدێرن کردن بریتیە لە گواستنەوەی کۆمەڵگا لە قۆناغی تەقلیدیەوە بۆ قۆناغێکی مۆدێرن**

بە پێناسەی نوێ هەیە. حیزب سیاسییەکی بەتواناو دەکرێ ڕۆلی گرنگ ببینێت لە پڕۆسەی بە مۆدێرن کردندا. بە مۆدێرن کردن پێویستی بە هوشیاری کۆمەلایەتی هەیە کە یارمەتی کۆمەڵ ئەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بەمۆدێرن کردن. هەر بەم شێوازە ڕێگا بۆ هاوولاتیان خۆش دەکرێت لەزۆر لاوە چاودێری ژیان بکەن لە بواری کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابوری و کەسایەتی...تاد. بە مۆدێرن کردن بریتیە لە گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغی تەقلیدیەوە بۆ قۆناغێکی مۆدێرن وەک ئەوەی لە ئەوروپای سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم ڕوویدا لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فکری کە تەنیا لەژێر کاریگەرێتی سێکۆلاریزم (عەلمانیەت) گەشە دەکات و کۆمەڵگە پێویستی بە سەربەخۆیی خۆی هەیە. مەبەست لە کۆمەڵگای هاوچەرخی دیموکراتیە و پرەنسیپی تاکگەرایی (ئیندیڤیدوالیزم) تێیدا پارێزراو بێت وەک یەکێک لە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

- **ئەم دەسەڵاتە توانای رێفۆرم کردنی نیە**

بە پێی ئەزمونە سیاسی و مێژوییەکان، سروشتی ئەم جۆرە دەسەڵات و سیستەمە سیاسیە تەقلیدیە توانای ڕیفۆرم کردنی ڕاستەقینەی نیە چونکە خۆی لەسەر تەواوی گەندەڵیی دروستبووە. هیچ رێفۆرمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی ڕاستەقینە چاوەڕوان ناکرێت لێی چونکە سروشتی سیستەمەکە سیمای رێفۆرم کردنی پێوە نیەو هەر ریفۆرمێکی ڕاستەقینەی تەندروست دەبێتە هۆی لەناو

بردنی خودی دەسەڵاتەکە خۆی. داوای ڕێفۆرم (چاکسازی) کردن بۆنمونە لە یەکێتی و پارتی و لایەنە ئیسلامیەکان و هاوشێوەکانیان هیچیتر نیە جگە لە خەونێکی بەتاڵ نەبێت. ئەوە هەر گەندەڵیە، وەک یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکان لە هاوکێشەی کۆتایدا سەری سیستەمەکە خۆی دەخوات.

- **کە ناعەدالەتی دەبێتە یاسا، یاخیبوون و شۆڕش دەبێتە ئەرک**

شۆڕشی زۆرێک لە گەلان دژ بە دەسەڵات و سیستەمە سیاسیە زۆردارو ڕوتێنەرەکان نمونەی بەرچاون لە مێژوودا. هەندێک لەو شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە لەناو کۆمەڵگە دواکەوتوو، یان نیمچە دواکەوتوەکانیش بە سەرکەوتویی ئەنجامدراوون چونکە خاوەنی نوخبەی ڕۆشنبیرو سەرکردەی شۆڕشگێڕ و سیاسی لێهاتوو بوون کە توانیویانە سەرکردایەتی گەلە ستەملێکراوەکانیان بکەن و بەرەو سەرکەوتنیان بەرن، بۆنمونە شۆڕشەکانی کوبا و نیکاراگوا، ڕۆژئاوای کوردستان و هەمان شتیش بۆ باکوری کوردستان چاوەڕوان کراوە، هەرچەندە ئەو ولاتانەش خاوەن ولات و کۆمەڵگەی تەقلیدین، ئیتر کەمتر یان زۆرتر. مێژووی سیاسی و شۆڕشەکانی جیهان دەبێت جێگای بایەخ و لێکۆڵینەوە بێت.

> **مێژووی سیاسی و شۆڕشەکانی جیهان دەبێت جێگای بایەخ و لێکۆڵینەوە بێت**

نیکاراگوا ولاتێکی کشتوکالیەو خاوەن کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیە. بنەماڵەی سۆمۆزا دەستی گرتبوو بەسەر سەروەت و سامانی ولاتداو گەلەکەیشی دوچاری چەوساندنەوەو ڕوتاندنەوە کردبوو. بارودۆخەکە وەرچەرخانێکی گرنگی بە خۆیەوە بینی و شۆڕشی ساندینیستی لێکەوتەوە. شۆڕشەکە خوێناوی بوو بەڵام سەرکەوتو بوو هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تا دوا هەناسە پشتگیریی بنەماڵەو ڕژێمی ڕوتێنەری سۆمۆزای کرد. یەکێک لە کارە گرنگەکانی دوای شۆڕشی ساندینیستی بریتی بوو لە ڕێفۆرمی کشتوکاڵی و لاواز کردنی هێزی دەرەبەگ و بایەخدان بە بەرهەمی خۆماڵی و هەروەها کەمکردنەوەی نەخوێندەواری لە شارو لادێکاندا چونکە نەخوێندەواری دەردێکی کوژەری کۆمەڵگایە.

تەنیا ڕێگایەک بۆ ڕزگار بوون لەم جۆرە دەسەڵات و سیستەمە سەرکوتکەر و ڕوتێنەر و خێڵ و خێزانە تەقلیدیە کۆنەپارێزانە بریتیە لە شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیموکراتی و عەلمانی. هەرێمی (باشوری) کوردستانیش بەدەر نیە لەم بۆچونەو پێویستی بە شۆڕشێکی لەم جۆرەیە. شۆڕشێک گونجاو لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سایکۆلۆژی. ئەوە کارێکی ئاسان نیە بۆ کۆمەڵگەیەکی سەقەت کراو بەڵام مەحالیش نیە سەرەڕای دەورەدانیشمان بە دوژمنی ئیقلیمی کە دەکرێ وەک گەمەکەرێکی ئیقلیمی بێنە ناو هاوکێشەکەوە. کەرەستەکان بۆ شۆڕش و ڕاپەرینێکی نوێ لە هەرێمی کوردستان لە بارن و هیچ سیستەم و دەسەڵاتێکیش نەگۆڕ نیە بەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە.

شۆڕش بە واتا گشتیەکەی بۆ خەڵکیی ولات بریتیە لە نان و ئازادی، مووچە و خزمەتگوزاری، قوتابخانەو خەستەخانەو بیمەی بێکاری و تەندروستی، ئاو و کارەبا...تاد. هەرچەندە ئەمانەش بەشێکی گرنگن لە شۆڕشی گەلان بۆ مافەکانیان، بەڵام بە تێگەیشتنی زانستی سیاسی شۆڕش لێرەدا بە واتای گۆڕینی ئەو سیستەمە یان بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە کۆنە دێت بە سیستەمێکی

تری نوێ لەسەر بنەمای کۆمەڵگەی مەدەنی، یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بونیات نرابێت و هەروەها سەقامگیری و کەسایەتی و کەرامەت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دابین بکات. هەر شۆڕش و ڕاپەرینێکی جەماوەریی ئەم بنەماو داواکاریانەی نەکردە ئامانجی خۆی ئەوا نەکرێت باشترە. تاک و کۆمەڵگە ئاسایشی دەوێت، مرۆڤ نان و ئازادی و دادپەروەری دەوێت، یەکێکیان بێ ئەویتر نابێت. ئەو لایەنەی (ئیتر هەر ناوێکی لێ بنرێ) بتوانێت ئەو پێویستیانە دابین بکات بۆ کۆمەڵگەکەی، ئەوا سیستەمێکی دادپەروەر و تەندروستە کە لەسەر بنەمای فەلسەفی و زانستی و ئەقڵ و مەنتق بونیاد نراوە.

هیچ مرۆڤێک، ئیتر سەر بە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی بێت هەتا سەر، کۆت و زنجیری کۆیلایەتی و چەوساندنەوە قبوڵ ناکات، زوو یان درەنگ لە دژی ڕادەپەڕێت. ئەوە یاسای سروشتە.

ئەلبێرت کامۆ لە کتێبی مرۆڤی یاخیدا دەنوسێت «یاخیبوون کاتێک ڕوو دەدات، کە مرۆڤی یاخی هەست بکات لە شوێنێک، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەسەر هەقە ... و ئەو کاتەش ناعەدالەتی دەبێتە یاسا، یاخیبوون دەبێتە ئەرک... ئەو کۆیلەیەی کە بە درێژایی هەموو ژیانی فەرمانی جێبەجێ کردووە کتوپڕ کە فەرمانی تازەی پێ ئەدرێ بریار دەدات جێبەجێی ناکات. یاخیبوون بە گژداچوونەوەی پووچی ژیان و نائومێدی و ناعەدالەتیە. ئەو چەندە باوەڕی بە ئازادی خۆی هەیە، ئەوەندەش باوەڕی بە ئازادی ئەوانی دیکە هەیە. کەواتە یاخیبوون لە پێناو پێشێلکردنی ئازادی هیچ کەسێکی دیکەدا نیە بەڵکو هەوڵێکە بۆ فراوانکردنی ڕووبەرەکانی ئازادی و شکاندنی سنورەکانی کۆیلەکردن و لە قالبدانی ئەقڵی مرۆڤ. کوێرانە هیچ ڕەتناکاتەوە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی هەر شتێک یان هەموو نەخێر گوتنێک لە هوشیاریەوە سەرچاوە دەگرێت. تاک بە هوشیاریەوە هەردوو وشەی (نەخێر و بەڵێ) بەکار دەهێنێت نەک مورید ئاسا تەنها سەری بەڵێ ڕاوەشێنێت».

مرۆڤ کە لەسەر حیسابی خۆی برسی کراو ئازادی لێ زەوتکرا ئەوا دوو بژاردەی بۆ دەمێنێتەوە: ئەگەر ڕابەرایەتیەکی شۆڕشگێری هەبێت ئەوا دەبێتە شۆڕشگێڕ، یان ئەوەیە دەبێتە کۆیلە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ملیۆنان مرۆڤ دراوە بە کوشت لە پێناوی چاوچنۆکی و ڕوتاندنەوەو داگیرکردندا، بەڵام بە ملیۆنان مرۆڤیش گیانی خۆیان بەختکردوە لە پێناوی نان و ئازادی و خاک و کەرامەتدا.

## شۆڕش دەبێت بریتی بێت لە وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی

لێرەدا شۆڕش دەبێت بریتی بێت لە وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵام مەرج نیە شۆڕش هەمیشە بە ڕێگای توندوتیژیەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام زۆرجار باردۆخەکە بڕیار لەسەر ئەو ئاڕاستەیە ئەدات. شۆڕش یان لە لایەن ئەلیتە (نوخبە) و کۆمەڵێکی ڕێکخراوەوە ئەنجام دەدرێت کە پشتگیریی بەشێکی بەرفراوانی گەلی هەیە یان هەر لە سەرەتاوە خۆی بزوتنەوەیەکی جەماوەرییە. ئەوە بە شۆڕش ناوزەند ناکرێت ئەگەر کۆمەڵێک بێ بوونی بنچینەیەکی جەماوەریی یان تەنیا بەشێکی زۆر کەمی گەلی لەگەڵدا بێت و بە ڕێگای کودەتاوە بگاتە دەسەڵات.

هەندێکجار هاوکاری و پێکەوە کارکردنی گروپ و چین و توێژە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکان کە دافع و ئایدیۆلۆژیای جیاوازیان هەیە بەڵام لە بارودۆخەکە ناڕازین، بۆ هەرەس پێهێنانی پێکهاتە کۆنەکە بۆ

زەمەنێکی وەختیی یەکدەگرن چونکە بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بۆنمونە نەبوونی مووچەو خزمەتگوزاری سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە لە هەرێمی کوردستان. ژنانی دەولەمەند و هەژاریش چەندین خاڵی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت لە خەباتیاندا بۆ چەندین لە مافە هاوبەشەکانیان. هەربۆیە بە تەنیا یەک گروپ، یان توێژێکی کۆمەڵایەتی یەکلایەنە ناتوانێت شۆڕشێکی سەرانسەریی بهێنێتە کایەوە، بە تایبەت لە بارودۆخێکی وەک ئەوەی کوردستان بەڵام دواتر دەکرێ ململانێکان بە شێوازی تری جیاواز یەکلابنەوە.

**هێزو لایەنەکانی دژ بە شۆڕش و ڕاپەرینی جەماوەریی خاوەن ڕێکخستنەو دیسپلین و هێزی هەیە**

هێزو لایەنەکانی دژ بە شۆڕش و ڕاپەرینی جەماوەریی خاوەن ڕێکخستنەو دیسپلین و هێزی هەیە، هەربۆیە ئەگەر شۆڕشگێڕان بە هەمان هێزو دیسپلین و ئیرادەوە ڕوبەڕووی نەیارەکانی نەبێتەوە ئەوا ڕوبەڕووی لێدان و دارمان دەبێتەوە. ئەو کاتەی مرۆڤ ڕێگای شۆڕش و ڕاپەڕین دەگرێتە بەر بەواتا بە بڕیارێکی پۆلاینەوە دەبێت ڕێگای هێرش کردن بگرێتە بەر. بەرگری کردن بێ هێرش کردن کوشتنی هەموو ڕاپەرینێکە بە هی چەکداریشەوە، ئەگەر ناچاری بەرگری کردنیش کرایت ئەوا سەنگەر لێبدەو جەنگی شەقامی لەگەڵ بکە بۆ ئەوەی مەعنەویاتی جەماوەر نەڕوخێت. ڕوبەرووی دژەکەت بەرەوە، ئەوەندەی هێزەکانی پەرش و بلاوەو متمانەی خەڵکی کەم بۆتەوە پێی و ڕۆژانە ڕوبەڕووی شتی نوێی بکەرەوە ئەگەر سەرکەوتنەکانیش کەم بن.. دوژمنەکەت ناچاری کشانەوە بکە، پێش ئەوەی هێزەکانی خۆی لە دژت ڕێکبخاتەوە و ئازایەتی بنوێنە.

شۆڕش دەبێت پشت بە هێزی گەل ببەستێت. بە تایبەت بەوانەی کە پێشەنگی شۆڕشن و لە پێشەوەی گەل زۆرترینن. درز بخەرە نێوان هێزەکانی دژ، بە تایبەت ئەوانەی لە ناو هێزەکانی دوژمندا، هی دەسەلاتدا دوو دڵییان هەیە بەرامبەر کارەکەیان و بێهێزن.

ڕوو ئەدات کە شۆڕشی گەلانێک سەرکەوتوو بووە بەڵام دواتر نوخبەو سەرکردەکانی بوونەتە گەندەل و گەلەکەی خۆیان ڕوتاندۆتەوەو جیاوازییان نەبووە لەگەڵ دوژمنە ڕوخاوەکەیاندا. هەندێک جاریش شۆڕش و ڕاپەرینێک بەلارێدا دەبرێت وەک ئەوەی لە ئێرانی سەردەمی شا ڕوویدا. یەکێتی و پارتی وتیان «شۆڕش» دەکەین دژ بە رژێمی بەعس، کەچی ئێستە شۆڕش مندالەکانی خۆی دەخوات.

لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆشدا پێدەچێت پرۆسەی گۆڕینی سیاسی بە شۆڕشی ناوخۆ، کودەتای سەربازیی، یان بەکارهێنانی ڕوخسارەکانی تری زەبروزەنگ بۆ بەزۆر دەست لە دەسەلات پێهەڵگرتن بێت. هەندێک جاریش بەدەستێوەردانی دەرەکی. بەڵام کودەتا لەهەر بەرگێکدا بێت بریتی نیە لە شۆڕش.

- **بیرۆکەی شۆڕش و ڕاپەرینێکی جەماوەریی ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان**

توڕەیی خەڵکیی هەرێمی کوردستان لەو دەسەلاتە سیاسیە گەیشتۆتە لوتکەو متمانەی بەو دەسەلاتە نەماوەو ئامادەی کاردانەوەشە، بەلام پێویستی بە هێزێکە ڕێنیشاندەری بێت و جێگای متمانەی بێت و لە نیوە ڕێگادا بە تەنیا جێی نەهێڵێت، بەلارێدا نەبرێت و موزایەدە بە خەباتەکەیەوە نەکات، هەربۆیە گەل ئامادە نیە بۆ هەموو کەس و حیزبێک بێتە سەر شەقام .. ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی

مەدەنی و گروپەکانی فشار هەن کە ڕێکخراوی سێبەر نین و خاوەن هەڵوێستی تەندروستن، خاوەنی کەسانی ڕۆشنبیر و ئەکادیمیست، نوسەر، ڕۆژنامەنوس و مامۆستایان و کەسایەتی بە هەڵوێست و ئازاین، خاوەنی چەندین ڕێکخراوی گەنجان و ژنان و خوێندکارانی ڕەخنەگری دەسەڵاتین، لەوانەیە ژمارەیەکی هێشتا کەم لە حیزبی سیاسی ڕەسەنی بچوکی دەرەوەی دەسەڵات مابێت و هەر لایەنێک لەوانە، کەم یان زۆر خاوەنی جەماوەرێکی خۆیەتی، ئەگەر هەموو ئەمانە بە ڕاکیشانە ناوی کاسبکاران و فەرمانبەران بتوانن بە ڕۆح و هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەوە لەسەر (بەرنامەیەکی هاوبەش) بۆ ئەم قۆناغە ڕێک بکەوون و لە ژێر چەترێکدا کۆبنەوەو ببنە مەرجەعێک. بۆ سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕین و بزوتنەوەیەکی جەماوەریی ڕێکخراو بە پلان و بەرنامەوە ئەوا دەکرێت ڕاپەرینێکی جماوەریی تۆکمەی لێ بکەوێتەوە.

مەترسی ئەوەم لاهەیە لە ئەنجامی ئەو تووڕەییەی جەماوەر بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە، ڕاپەرینێکی جەماوەریی عەفەوی بێ سەر و سەرکردە ڕووبدات و دواتر دامرکێتەوەو کورت خایەن بێت.. هیچ بە دوریشی نازانم ڕەفتاری دەسەڵات بگاتە ڕادەی ئەوەی ڕۆژگارێک پێویست بوون بە خەباتی ژێرزەمینی و شۆڕشی چەکدارییش بکات، هەرچەندە من بێسنوور دژی هەموو خوێن ڕشتن و توندوتیژیەکم. بەڵێ مێژوو دەکرێ خۆی دوبارە بکاتەوە. ئەو مرۆڤەی بڕوای وابێت سروشتی ئەو دەسەڵاتە،

دەسەڵاتی خێڵ و خێزان و سیستەم و دەسەڵاتی تەقلیدیی هی چاکسازی و دەستاودەست کردنی دەسەڵات و خۆگۆڕین و گوێگرتن بێت لە داواکاریەکانی گەل و پەیڕەویی پرەنسیپە دیموکراتیەکان و ڕیفۆرم کردن بکات، ئەوا لە بازنەیەکی داخراوی بۆش و خەیالاویدا دەخولێتەوە. بۆچوونی من لەسەر سەرکردایەتی حیزبە ئیسلامیەکان ئاشکرایەو بۆ حیزبی گۆڕانیش تەنیا دوو ئەلتەرنەتیڤ هەیە یان ئەوەیە ئەگەر بە ڕاستی مەبەستیەتی بیگۆڕێت ئەوا دەبێت واز لەم سیاسەتەی هەتا ئێستەی پیادەی کردوە بهێنێت و ڕێگای خەباتێکی شۆڕشگێرانەی ڕاستەقینە بگرێتە بەر و ئەو جەماوەرەشی ماویەتی لە دەستی نەدات و نەگەڕێتەوە ناو

> سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕین و بزوتنەوەیەکی جەماوەریی ڕێکخراو بە پلان و بەرنامەوە ئەوا دەکرێت ڕاپەرینێکی جماوەریی تۆکمەی لێ بکەوێتەوە

دەسەڵات کە بووە هۆکاری سەقەت کردنی گۆڕان خۆی، یان ئەوەیە ماڵئاوایی لە سیاسەت بکات و بڕۆنەوە ماڵەوە. هەڵوێستی حیزبی گۆڕانمان لە ١٧ای شوبات بینی. چیتر خەڵکیی خۆی سەرقاڵ ناکات بە کۆبوونەوە بێکۆتایی و بێسودەکانی نێوان حیزبەکان کە تەنیا لە خەمی خۆیاندان و کاتی خۆی بۆ بیرۆکەی بە نرختر بۆ ئایندەو چارەنوسی خۆی تەرخان بکات.

لە کۆتایدا دەنوسم : ئەمڕۆکە لە سەر گۆی زەوی هیچ سیستەمێکی سیاسی نیە بێگەرد و خەیالی بێت وەک ئەوەی لە ڕووی تیۆریەوە باس

دەکرێت، هەربۆیە من بۆ ئەم قۆناغە مێژووییەی ئەمڕۆ واقیعبینانە ڕەزامەندم لە هەرێمێکی (باشووری) کوردستاندا، لە عێراقێکدا بژیم لە ٣٥٪ گەندەڵی تێدا بێت وەک لە ٩٠٪ بێت چونکە ڕەهاو حەقیقەتی ڕەها نییە بەڵکو هەموو شتەکان لەسەر ڕیتمێکی ڕێژەیی دەڕۆن.

---

## کاریگەرییەکانی داگیرکاری تورکیا بەسەر دۆخی باشووری کوردستان

لە کۆنفرانسی (کاریگەرییەکانی داگیرکاری تورکیا لەسەر دۆخی باشووری کوردستان) کە لە شاری سلێمانی سازکرا، هەژموونی سیاسی و دیبلۆماسی، ئابووری و دارایی، کولتووری و پەروەردەیی و راگەیاندنی و هەروەها هەژموونی سەربازی و ئیستخباراتی دەوڵەتی تورکیا کە چەندین زانیاری ورد و تایبەت خراوەتەڕوو لامان باشبوو ڕاپۆرتی کۆتای کۆنفرانسەکە بە دووبەش بڵاوبکەینەوە.

### دەقی ڕاپۆرتەکە

بەشی یەکەم

دەستپێک:

لە دۆخی ئەمڕۆدا کە خۆرهەڵاتی ناوین لەبەردەم ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانی مەزن دایە، لەشکرکێشی ئەمجارەی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان زەنگێکی مەترسیدارە بۆ زیاتر ئاڵۆزکردنی دۆخی ناوچەکە. ئەم لەشکرکێشیە لەبنچینەدا پرۆسەیەکی داگیرکارییە و هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی مەترسیداری هەژموونی ئابووری و شاڵاوی کولتووری و قۆرخکاری سیاسی تورکیا کە بەمەبەستی تەواو داگیرکردنی باشوور بەڕێوە دەچێت. ئەم داگیرکارییەی باشوور لەچوارچێوەی پیلانێکی ستراتیژی دوورمەودادا بەڕێوە دەچێت و لەسەر چوار ستوندی سەرەکی (هەژموونی سیاسی و ئابووری و کولتووری و سەربازی) بەردەوامی پێدەدرێت. بۆیە لەشکرکێشی ئەمجارەی سوپای رژێمی تورکیا هەم درێژەپێدەر و تەواوکاری هەوڵە داگیرکارییەکانی رابردوویەتی. ئەوەی بەڕێوە دەچێت هەر تەنیا داگیرکارییەکی سەربازی کلاسیکی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی تاڵانبردنی سەرجەم سەرچاوەکانی وزەی خاکی باشوورە، سڕینەوەی ناسنامەی کولتووری گەلەکەمانە، بێ ئیرادە هێشتنەوەی سیاسییانە و بەکارتکردنی باشوورە لە هاوکێشە و ململانێیە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهاندا. ئەم سازدانی کۆنفرانسە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی پیلانی ستراتیژی داگیرکاری تورکیا لەسەر باشووری کوردستان.

### فاکتەر و ڕەهەندەکانی داگیرکاری تورکیا:

لێرەوە پێویستە ئەوە بخەینەڕوو کە ئەو ستراتیژە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە، لەگەڵ دەستپێکردنی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، باشووری کوردستانی خستۆتە نێو سنووری ئامانجە ستراتیژەکانی خۆیەوە. تەنانەت لە ڕۆژی ئەمڕۆدا باشووری کوردستان بۆتە هەرێمێکی ستراتیژی بۆ هەژموونی ئابووری و سیاسی و کولتووری و سەربازی تورکیا و ناوەندێکی سەرەکی بۆ هێرشبردنە سەر گەلی کوردستان و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەی لە هەموو کوردستان. مامەڵەی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی تورکیا، بەتایبەتی حکومەتی ئاکەپە، لەماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بانگەشەی میساقی میللی (ویلایەتی موسڵ بەشێکە لەخاکی تورکیا) بەڕێوە چووە. تەنانەت جموجۆڵەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان سەربەستتر بووە، بەبەراورد بەوەی لە تورکیا و باکووری کوردستاندا کە دژ بە تەڤگەری ئازادی و گەلی کوردستان کردوویەتی. لێرەوە دەکرێ بە کورتی و بە پشتبەستن بە هەندێک داتا و لێکۆڵینەوەوە سەبارەت بەو ستراتیژە داگیرکاری و تالانکارییەی تورکیا لە باشووری کوردستاندا لە چەند خاڵێکدا بیخەینەڕوو:

#### یەکەم/ هەژموونی سیاسی و دیبلۆماسی:

لەمیانەی پیلانی سیاسی و دیبلۆماسی خۆیەوە تورکیا کاری لەسەر شکاندنی ئیرادەی سیاسی و بەخۆوە وابەستەکردنی هێزە سیاسییەکان کردووە. لەم پێناوەشدا لەڕێگای نانەوەی ئاژاوە و شەڕی ناوخۆ و وابەستەکردنی سەرانی هێزەکان تا ئاستی بەسیخوڕیکردنیان ڕۆیشتووە. لەم ڕووەوە بە فشارهێنان، هەڵڕشتنی ئیمکانیاتێکی زۆری ماددی و پشتیوانیکردنی هەندێک لەو هێزانە لە ململانێیەکانی هەرێمدا تورکیا توانی شوێنپێی خۆی لە سیاسەتی باشووردا بکاتەوە. بەتایبەتی لەهەوڵدانی بۆ نانەوەی پشێوی و شەڕ و پێکدادان لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشوور و تەڤگەری پەکەکە بێنێتە ئاراوە و لەمەشدا تا ئاستێکی بەرچاو سەرکەوتووە. دەکرێ ڕۆڵی تورکیا لە ڕێککەوتنەکانی ئەنقەرە، دیبلن، واشنتۆن و چەندین ڕێککەوتنی نهێنیتر باڵادەستی تورکیا ببینرێت و ئیدی بەڕوونی دەبینرێت کە ئاراستەی شەمەندەفەری سیاسی باشوور بە دەست تورکیایە. دەوڵەتی تورکیا لەماوەی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا بەهەموو شێوەیەک لەهەوڵی ئەوە دابووە کێشەی کورد لە ئێراق چارەسەر نەبێت. بەتایبەتی لەکاتی دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتەکانی ئێراقدا فشاری زۆری هێناوە ئەو دانوستانانە سەرنەگرن و بەردەوام هۆکارێکی دروستکردنی گرژی و ئاڵۆزی نێوان کورد و دەوڵەتی ئێراق بووە. بۆ نموونە؛ ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە دروستکردنی کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ سەبارەت بە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە. هەروەها بەردەوام لەهەوڵی تێکدانی بەیەکەوەژیانی گەلانی ئێراق بووە، بەتایبەتی کورد و تورکمان.

هەروەها لەمیانەی هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ ڕژێمەکانی دیکەی سەر کوردستان بەردەوام باشووری کوردستانی کردۆتە ناوەندی زەبروەشاندن لە بزووتنەوەی ئازادی و ڕێگەنەدان بە سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی. لەلایەکی دیکەوە ئیستغلالی فرە ئەتنیکی و کولتووری باشووری کوردستانی کردووە. لەمڕووەوە هەبوونی پێکهاتەی تورکمانی لە باشووری کردۆتە کارتێک بۆ فشارخستنە سەر هێزە کوردییە میللییگەراییەکان و لەڕێگەی دروستکرنی بەرەی تورکمانی

هەوڵی خۆسەپاندنی سیاسیانەی داوە. هەروەها لەڕێگای کردنەوەی کونسڵخانە لە موسڵ و هەولێر و سلێمانی دەرفەتی دەستێوەردان و خۆسەپاندن و ئاراستەکردنی ڕووداوەکان بەگوێرەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی زیاتر بۆ ڕەخساوە. پێویست دەکات ئەوەش بخەینەڕوو کە تورکیا ڕۆڵێکی سەرەکی لە داگیرکردنی موسڵ و شەنگال لەلایەن داعشەوە بینیوە. چونکە لەهەموو ڕوویەکەوە ڕۆڵێکی زۆری لە دروستکردن و بەهێزکردنی داعشدا هەبووە. ئەمە لەکاتێکدا تورکیا لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بە دۆستێکی ستراتیژی هەرێم دەبینرا و تورکیاش وەها خۆی نیشان دەدا، کەچی لەکاتی داگیرکردنی موسڵ و شەنگال و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە و ئەگەری داگیرکردنی هەولێردا هیچ جموجۆڵێکی دژ بە داهش نەکرد. واتا تورکیا وەک دەوڵەت و حکومەت تا ئێستاش دۆستێکی وەهمی و دووژمنێکی ستراتیژییە. مسۆگەر گەلی تورکیا گەلێکی دۆست و هاوسێی گەلەکەمانە و هاوچارەنووسین لە خۆرهەڵاتی ناویندا.

**دووەم/ هەژموونی ئابووری و دارایی:**

تورکیا لەڕێگەی بازرگانی و وەبەرهێنانەوە توانیویەتی داگیرکارییەکی ئابووری و دارایی فراوان پێشبخات لە باشووری کوردستان و لەڕێگەی باشووریشەوە لە تەواوی ئێراقدا ببێتە خاوەن هێزی یەکەمی بازرگانی و وەبەرهێنان، تورکیا لە ڕێگای پیشەسازی و گەشتوگوزار و گەشتی ئاسمانی و بیناسازی و ڕاگەیاندن و خۆراک و جلوبەرگ و پێداویستیەکانی ماڵ و دەرمان و کەرەستەی کشتوکاڵی و زۆر بواری ترەوە تورکیا سەرمایەگوزاری دەکات لەهەرێم، سەرباری سێکتەری نەوت و غاز. هەروەها بۆ ساخکردنەوەی کاڵاکانی خۆی، کە زۆربەیان لەکوالێتی کۆنترۆڵەوە دەرناچن و بە کاڵای بێکەڵک یان زیانبەخش لەقەڵەم دەدرێن، باشوور بکاتە بازاڕێکی بێ سانسۆر و بێ ڕکابەر. تەنانەت لە باشووردا بەتەنیا بەگوێرەی لێدوانی ڕاوێژکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری پەیوەندییە ئابوورییەکان: لەکۆی (١٨٠٠) کۆمپانیای بیانیدا (١٤٠٠) کۆمپانیای تورکی هەیە، کە ساڵانە قەبارەی ئاڵوگۆڕی سەرمایەی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەبڕی (١٢) ملیار دۆلار بووە لە ٢٠١٣دا وا بڕیار بووە لە ٢٠١٥دا بگاتە (٣٥) ملیاردۆلار. هەروەها زیاتر لە (٥٠٪)ی شمەکی هاوردە بۆ باشوور شمەکی تورکییە، (٥٠٪)ی سەرجەم کۆمپانیا تورکییەکان کە لەدەرەوەی وڵاتی خۆیان کار بکەن لەهەرێمی کوردستانن. بەمەش تورکیا لەساڵی ٢٠١٣ جگە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی وزە، توانیویەتی بڕی ٥٪ی بودجەی گشتی خۆی لەهەرێمی کوردستاندا دابین بکات، کە تارادەیەکی زۆر ئابووری تورکیا و لەناو تورکیاشدا ئابووری حزبی دەسەڵاتداری بوژاندۆتەوە. لەبواری بازرگانی وزەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێم تا ڕادەیەکی زۆر ناشەفافە و زانیارییەکی زۆر کەم لەبارەیەوە دەزانرێت. هاوکات کونسوڵخانەی تورکیا لەهەرێمی کوردستانیش بەشێکی تایبەتی بۆ بازرگانی کردۆتەوە، کە ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بازرگانی تورکیا لەگەڵ چەندە ستراتیژییە و چەندە بە بەرژەوەندی ئابووری تورکیا بەڕێوە دەچێت.

ماڵپەڕی لێکۆڵین ئۆرگ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا نووسیویەتی: لەم دواییەدا پەرلەمانتاری ئاکەپە بورهان قایەتورک لە نێوان ئیستەنبوڵ و وان و هەولێر لەناو کارێکی چڕوپڕ دایە و بەبیانووی بازرگانییەوە پارەی ڕەش کە لە بازرگانی نێوان ئەوان و داعشدا بەدەستیان دەکەوێت بۆ ئاکاپەی سپی دەکاتەوە. بەگوێرەی

ڕاپۆرتەکە لە باشووری کوردستان لە ١٣ مۆڵی بازرگانیدا چەندین سیخوڕی میتی تورک لەژێر ناوی کارمەندەوە لەو مۆڵانە بەفەرمی کار بۆ دەوڵەتی تورک دەکەن.

خاڵێکی دیکە و مەترسیدار ئەوەیە کە لەرێگای هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەندێک حزبی دەسەڵاتداردا دەستی بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا گرتووە. بەتایبەتی نەوت و غاز. لەبارەی بازرگانی وزەوە حزبی دەسەڵات بەناوی حکومەتی هەرێمەوە لە ٢٠١٣وە رێککەوتنێکی پەنجا ساڵی لەگەڵ تورکیا کردووە بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی ئاشکرابکرێت. بێگومان هەناردەکردنی سەدان ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو لە ئێراق و هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ بازاڕی ئەوروپا، تورکیا دەستی گەیشتووەتە زۆرێکی داهاتەکانی ژێرزەوی وڵاتەکەمان. ئەوەی تورکیا و کۆمپانیاکانی لە باشووری کوردستان بەڕێوەی دەبەن تاڵانی ئابووری و داراییە. هێزەکانی دەسەڵاتی هەرێم بە لۆژیکی «بزنس لەسیاسەت گرنگترە» سیاسەتیشیان خستۆتە خزمەت بزنسەوە، کە ئەمەش مەترسیدارترین جۆری سیاسەتە. چونکە سیاسەت دەکەوێتە دەستی بزنسکاران و بزنسیش دەبێتە کاری سیاسەتمەدار و دەسەڵاتداران. دەکرێ بڵێین رەگی گەندەڵییەکانی هەرێم لەمەوە دێت کاتێک بزنس و سیاسەت و دەسەڵات و کارگێڕی هەر هەمووی تێکەهەڵکێش کراون و بەدەست چەند کەس و بنەماڵە و حزبێکەوەیە.

**سێیەم/ هەژموونی کولتووری و پەروەردەیی و راگەیاندنی:**

تورکیا لەڕێگەی هەژموونی کولتووری و پەروەردەیی و راگەیاندنییەوە هەوڵی شێواندن و سڕینەوەی کولتووری کوردی و زاڵکردنی کولتووری خۆی دەدات. ئەمەش بۆخۆی بەردەوامیدان بە ژینۆسادی سپی و ئەنفالی چاندییە. لەمڕووەوە بە دەیان کەناڵ و دەزگای هونەری، کە هەندێکیان سەر بەحزبە دەسەڵاتدارەکان و ئیسلامییەکانیشن، خەریکی رەواجدانن بە هونەر و کولتووری تورکی و ئەو زنجیرە تەلەفیزیۆنی و درامایانەی پەخشی دەکەن، گەلی کورد بە مرۆڤی دواکەوتوو و قاتیل و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەیشی بە تیرۆریست و شەڕانگێز لەقەڵەم دەدات. ئەمەش لەرێگەی دۆبلاژکردن و نمایشکردنی ئەو زنجیرە تەلەفیزیۆنیانەوە دەبنە ئامرازی بەڕێوەچوونی شاڵاوی کولتووری دژ بە کولتووری کۆمەڵگای خۆیان. ئەمە نەک هەر لە رووی کولتووری و هونەرییەوە، بەڵکو لەڕووی رۆژنامەوانیشەوە کار لەسەر هەواڵی چەواشە و شرۆڤەی سیاسی ئەوتۆ کە هەمیشە وانیشان دەدەن کە دەوڵەت و حکومەتی تورکیا خزمەت بە هەرێم دەکات و دوژمنی کورد نییە و پارێزوانی هەرێمی کوردستانە و ئەوە کوردانی بەشەکانی دیکە و بزووتنەوەکانیانن نەیارن و خوازیاری چارەسەری نین.

تەنانەت ئەو کەناڵە تەلەفیزیۆنیانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تورکیا دەوڵەت بۆ کورد دروست دەکات!! و پشتیوانی لێدەکات و دەخوازن ئەو ستراتیژە بەرفراوانەی تورکیا لەڕووی ئابووری و سیاسی و کولتووری و سەربازی لەسەر باشوور بەڕێوەی دەبات بۆ خزمەتی کوردە و وانیشانی دەدات کە هیچ مەترسیەکی نییە و باشوور بەبێ تورکیا ناتوانێت بژیت و بوڕی هەناسە و ژیانی کورد لەرێگەی تورکیاوەیە!!. ئەمە لە کاتێکدا ئەو سوودەی تورکیا بە دەوڵەت و حکومەت و کۆمپانیاکانییەوە لە باشوور بەدەستی دەهێنێت زۆر ستراتیژی و ژیانییە بۆ ئەو، نەک بۆ هەرێم. ئەوەتا وەزیری وزەی تورکیا رایدەگەیەنێت: پەیوەندی تورکیا و هەرێم بۆ سەربەخۆیی کوردستان نییە، بەڵکو دەبێت هەرێم

بەشێک بێت لە ئێراق و دەشڵێت: «پەیوەندی ئێمە و هەرێم پەیوەندی غاز و نەوتە». تورکیا لەم بیست و پێنج ساڵەدا خۆی لەهەوڵی دروستکردنی راگەیاندنی وابەستە بە خۆی بووە و لەمڕووەوە ئەنجامی بەدەستهێناوە. بۆ نموونە؛ بەگوێرەی دانپێدانانەکانی (جەم ئەرسەڤەر) گەورە ئەفسەری دامەزرێنەری دەزگای (ژیتەم) خۆی رۆڵی لە دامەزراندنی چەندین کەناڵی راگەیاندنی چەند حزبێکی کوردی لە باشووردا هەبووە و بە توانست و ئیمکاناتی ماددی تورکیا و بە ئیعترافی خۆی بۆ دژایەتی پەکەکە و بێکاریگەرکردنی میدیاکانی سەر بە پەکەکە دامەزراندووە.

خاڵی هەرە مەترسیدار لەمڕووەوە دەستبردنییەتی بۆ بواری پەروەردەیی و فێرکردن. دەوڵەتی تورکیا، لەرێگەی چەند گروپ و جەماعەتێکەوە تۆڕێکی بەرفراوانی لە خوێندنگە و زانکۆ و دەزگای چاپ و پەخش و کەناڵی راگەیاندنی لەهەموو شارەکانی کوردستان کردۆتەوە و هەوڵدەدات بەگوێرەی ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی هەر لە ئێستاوە منداڵان و گەنجی کورد پەروەردە بکات و بۆ داهاتوو توێژێکی وابەستە بەخۆ و پەروەردەکراوی خۆی پێبگەیەنێت و لەڕێی ئەو توێژەوە لەداهاتووشدا جڵەوی سیاسەت و ئابووری و کارگێڕی و دەسەڵات بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

هەروەها ئەوەی تائێستا زانراوە تورکیا لەساڵی ١٩٩٤ەوە ١٤ خوێندنگە و زانکۆیان کردۆتەوە. لە هەولێر شەش خوێندنگە: (رێکخراوی پەروەردەی فەزالەت ـ ناوەندی زمانی رووناکی ـ خوێندنگەی رووناکی سەرەتایی ـ کۆلێژی نولوفەری کچان ـ کۆلێژی رووناکی کوڕان ـ زانکۆی رووناکی کوڕان.) لە سلێمانی سێ خوێندنگە (کۆلێژی سلێمانی کچان ـ کۆلێژی سەلاحەدینی ئەیوبی کوڕان ـ ناوەندی زمانزانی سەلاحەدینی ئەیوبی) لە کەرکوکیش خوێندنگەیەک و ناوەندێکی زمانەوانی هەن) لە دهۆکیش چەند خوێندنگەیەکی لە ئاستی جیاواز کردۆتەوە. منداڵانی کورد لەم خوێندنگەیانەدا فێری مارشە نەژادپەرستییەکانی تورک دەکرێن. بە ناوی ئۆلۆمپیاتی تورکییەوە دەبردرێنە تورکیا و ئاهەنگی تورکییان بۆ ساز دەکرێت و هۆنراوە و گۆرانی تورکی و مارشی نەژادپەرستییان پێ دەگووترێتەوە. ئەو خوێندنگەیانە لە چوارچێوەی زانیارییەکانی (MIT)دا زیرەکترین منداڵانی کورد کۆدەکەنەوە و بە دەمامکی پەروەردەوە بە تورک دەکرێن. بەم رێبازە کوردان لە هێزی مێشک و ئەقڵیان دەکەن. ئەم منداڵ و گەنجە کوردە بە تورککراوانە وەک کەوی راوچی لە بنەبڕکردنی کلتووری کورد بەکاریان دێنن. بۆ ئەم مەبەستەش بەتایبەتی زیاتر قورسایی دەخرێتە سەر منداڵانی نیشتمانپەروەران و سیاسەتمەداران. لەلایەکی دیکەوە چەندین کەناڵی راگەیاندنی و چاپ و دەزگای لێکۆلینەوەی ستراتیژی و ئایینی و وەک: رادیۆی دیجلە، ڕادیۆی دەوران، دەزگای چاپ و پەخشی کانی عیرفان، لەگەڵ دەزگایەکی رێکلام و ڕاگەیاندنی دیکە بەناوی بێست فیوچە بۆ رێکلام و پێگەیاندنی کادیر بۆ ئامادەکردنیان بۆ کردنەوەی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنیەی پیلانیان داناوە بیکەنەوە. بەگشتی ئەو رێگایانەی تورکیا لەمیانەی دامودەزگاکانی خۆی و ئەو دامودەزگایانەی لە باشوورەوە هاوکاری و پشتیوانی لە پێکهێنانی ستراتیژی تورکیا دەکەن ئامانجی بنچینەییان سڕینەوەی کولتوور و شێواندنی کەسێتی مرۆڤی کورد و لەخۆنامۆکردنی کۆمەڵگای کوردەوارییە. بۆ ئەمەش بە توانستێکی ماددی گەورە و لەچوارچێوەی پیلان و بەرنامەیەکی چڕوپڕ و فراوان بەرێوە دەچێت و هەر لەئێستاوە کاریگەرییە مەترسیدارەکان پێکهێنانی ئەو ستراتیژە بە روونی دیارە.......................

## پێنج حیزبەکەی باشوور لە قەیراندا نقومبوون، کەس ئاگای لە تورکیای داگیرکەرنەماوە!




# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

Kurdistan Journalist's Syndicate

## تۆماری یاسایی

| ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|
| 111 | 2015/11/16 |

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( ئازادی کۆمەڵگە ) مانگانەیەو خاوەن ئیمتیازی ( محمد کیانی عبدالرحمن ) و سەرنووسەرەکەی ( گوران علی حسن )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( 111 ) تۆمارکرا.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

3
sala Ekemin
hijmara sêhem
29-2-2016
Reşemeh
٢٧١٥

Azadî Komelge

Govarareki mehaneye serbixwe a siyasi, hizrî, civakiye




# له ژماره ٤ی گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە دا
# دۆسییەیەکی تایبەت لەسەر
# یەکینەکانی پاراستنی سڤیلYPS و
# چەندین زانیاری گرنگ و تایبەت